# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی شەشەم ژمارە(129) بەرواری 15–9–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی سێهەم

## سەرمایەداری...کارنامە...ل2


## وتەی ژمارە

## واقیعەتی سیاسی عێراق و ئەو دوو ڕەهەندەی ڕێگای گەڕانەوەیان نییە...

**عەبدوڵا مەحمود**

گۆرەپانی سیاسی ئێستای عێراق، مەیدانی ململانێیەکی ناوخۆیی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی بەگشتی و بەرامبەرکێی باڵەکانی ناو خانەوادەی شیعەی سیاسییە بەتایبەتی. هاوکات عێراق بۆتە ناوەندێک بۆ ململانێی ناوچەییەکان و بلۆکە باڵادەستەکانی، بەتایبەتیش ئێران لەلایەک و تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، لەلایەکی ترەوە.

سەنتیزی ململانێی سەر گۆرەپانی ئێستای عێراق، لەسەر ئەلگۆی حکومەتییە. باڵە دەستڕۆشتوەکانی بۆرژوازی عێراقی لە پێکهێنانی حکومەت ناکام مانەتەوەو توانای پێکهێنانی حکومەتیان نەبوو. نە ئەلگۆی حکومەتی زوربەی نیشتیمانی "نە رۆژهەلاتی و



نە رۆژئاوایی" و سەدر و نە حکومەت بەئەلگۆ کۆنەکەی "حکومەتی سازان و بەش بەشینەو هاوبەش" کە چوارچێوەی هاوئاهەنگی پێداگری لەسەر دەکەن بەشوێنێک نەگەیشت. ئەمەش پرسی پێکهێنانی حکومەتی قوڵتر کردۆتەوە و لەگەل خۆیشدا گرژی و توندوتیژی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئاستی دەستێوەردانە دەرەکیەکانیشی زۆتر کردوە.

دیارە ئەم ململانێیە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت، کە بەشێک لە ئەزمەیەکی قوڵتری بۆرژوازی عێراقییە، بە پێکهێنانی حکومەت بە کۆتا ناگات و رەوتێکی درێژتر و پر گرێ و گوڵی زۆرترەی لەبەردەمە، بەلام پێکهێنانی حکومەت دەتوانێت ئاستی گرژییەکانی ئێستا خاو بکاتەوەو چوارچێوەیەکی تر ببەخشێت بە ململانێکانی ناو باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی.

لەو نێوەدا دوو رەهەند توانای گەڕانەوەیان نییە... یەکەمیان/ شکستی ئەلگۆی حکومەتی تەوافوقی و سازان و هاوبەش... ئەم رەهەندە ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت و جارێکی تر جومگە سەرەکیەکانی دەسەلات لەنیوان خۆیاندا تەخشان و پەخشان بکات.. بەڵکو دابەشکاری نێوانیان بەناچار دەبێ پێناسە بکرێتەوە، ئەم پێناسەکردنەوەیە فیدرالیزمی قەومیش دەگرێتەوە... رەهەندی دووەم/ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە کە لەدژی سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بە هاتنە مەیدانی مێژووی کۆمەلگەی عێراقی خستە سەر ڕێچکەیەکی تر...

هەردوو ئەم رەهەندە چ رەهەندی شکستی ئەلگۆی حکومەتی بەش بەشێنەو هاوبەش و سازان و چ رەهەندی پێگرتووی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ڕێگای گەڕانەوەیان لێگیراوە...

حکومەتی هاوبەش و سازان و بەش بەشینە کە دوای روخاندنی حکومەتی بەعسەوە دەسەلاتی حکومەتی عێراقی بەدەستەوەیە، ناکامی ناتوانایی خۆی لە هەموو زەمینەکاندا نیشاندا، نەک توانای وەلامدانەوەی بە گرفتە کەڵەکەبووەکانی عێراق نەبوو، بەڵکو خۆی بووە کۆسپ و گرفتیکی تر و ئەزمەی حکومەتی قوڵتر کردەوە و هەمیشەش حکومەتی لە پەراوێزدا راگرت و باڵادەستی میلیشیاکان و هێزەکانی دەرەوەی دەست وەردەر لە عێراقدای بەهێزتر کرد. ئەم رەوتە لەگەڵ ئەوەدا لە ململانێی ئەم دوایانەی عێراق، نیشانیدا کە

بۆ لاپەڕە 2

## نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەدژی لێکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، فراوان دەبنەوە...



لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری لیکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، و گرانبوونی نرخی شتومەکی خۆراکی و سوتەمەنی و سوک بوونی سفرەی چینی کریکار و جەماوەی بێبەش، لە زۆریک لە وڵاتانی ئەوروپا لەوانە ئیتالّیا و ئیدەنۆزی و ئەڵمانیا و بەریتانیا... چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لەبەرامبەر بەم دۆخە سەختەی ژیان و گوزەرانیان هاتنە سەرشەقامەکان. پێشبینی دەکرێت ئەم شەپۆلە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری زوربەی وڵاتانی تری ئەوروپا بگرێتەوە و پەل بکێشێت بۆ دەیان وڵاتی تری ئاسیایی

بۆ لاپەڕە 3

## هێرشی بەردەوامی سەلەفی و ئیسلامیەکان بۆ سەر ژنان و مافەکانیان هێرشە بۆسەر کۆمەڵگە!



ئەم ماوانەی دوایی هێرشێکی بەرین لەلایەن ئیسلامیە سەلەفیەکان و بانگخوازو مەلا لغاو بەرەڵاکراوەکانەوە، بۆسەر ژنان و مافە زۆر سادەو سەرەتاییەکانیان و هاوکات بۆسەر کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەریندا دەستی پێکردووە. کەم رۆژ و هەفتە هەیە، یەکێک یان چەند مەلایەکی سەلەفی دەست نەبەن بۆ جوعبەی کۆنەپەرستی ئیسلامی تا لێیەوە ئەو دەق و بەند و حەدیس و فتوایانەی مێژووی ئیسلام و خەلیفەکانیان بهێنە دەرەوە بۆ ئەوەی بەبالای ئینسانی ئەم سەردەمەی ببڕن، بەتایبەتیش ژنان. ئەم مەلاو بانگخوازانە جبە لەبەر بن یان قات و بۆینباغ بەستوو، مەلا بن یان وەکو مەلاکان بیر بکەنەوە هیچ لەو راستیە ناگۆڕیت، کە

بۆ لاپەڕە 3


## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* چەمکی "دەوڵەت" لە دیدێکی ڕەخنەییی مارکسیستییەوە.............ل4
* سەبارەت بە کتێبی 'دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا'-ساڵی ١٨٤٥...ل4
* ئینگلس..مارکسیزمی بزوتنەوەی ئافرەتان......................................ل6
* وڵاتی کوێران..................................................................................ل9
* بۆچی خۆپیشاندان و نارەزاییەتیەکان بە ئەنجامێکی دڵخواز ناگەن؟ل10
* کاتێك کە بازرگانیی دەبێتە هۆی شەڕو بەرەو جەنگ دەڕوات............ل11-12


## دۆسیەی ژمارە“ هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت“



## هاوڕێیان ئاسۆس ساڵح و ئەکرەم غەریب، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل13-14




پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

بە ئاسانی گۆرەپانەکە چۆڵ ناکات و دەست لە ئەلگۆ شکستخواردووی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەت هەڵناگرێت، وە سەرباری ئەوەی کە ئەو ململانێیە نیشانیدا کە هێشتا ئێران کاراکتەرێکی پلە یەک و یەکلاکەرەوەیە لە دۆخی سیاسی عێراقدا... بەڵام هیچ کام لەمانە ناتوانێت رەوتی شکستی ئەلگۆی پێشووی حکومەتی بشاریتەوە و جارێکی تر ئەو ئەلگۆیە سیمای سیاسی عێراق، دابگرێت و ئەزموونی شکستخواردوەکەی درێژە پێبدات... حکومەتی زوربە و دوور لە باڵادەستی یەکلایەنەی ئێران بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقدا رەوەندێکە خەریکە لەسەر کەلاوەو ئەزموونی داڕوخاوی پێشوو، هەنگاو دەنێت. ئەم رەوتە بەجیا لەوەی ئەمریکا و غەرب و پشتیوانی بلۆکە ناوچەیی وەکو تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی، لەپشتە، هاوکات زەمینە ناوخۆیەکەشی لەبارترە، بۆرژوازی لە عێراقدا زۆتر مەقبولیەت بەو ئەلگۆیە و حکومەتێکی تا رادەیەک ناوەندی دەدات، و خوازیاری دەستکورتکردنەوەی میلیشیاکان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتە محلی و تایفی و قەومیەکان، و گێرانەوەی ئارامی سیاسییە بۆ کۆمەڵگەی عێراق. لە ئاستی جەماوەرییشدا ئەو ئەلگۆیە پشتیوانی دەکرێت. خەڵکی عێراق توانای ئەلگوی پێشووی دەسەڵاتدارێتی نەماوەو نەفرەتی بەرووی حکومەتی سازان و هاوبەش و دابەشکارییدا لەسەر بنەمای قەومی و تایفی و دینی، رۆڵی بەهێزی میلیشیاکان و درێژەکێشانی نائارامی سیاسی... بە جێگایەک گەیشتووە شانسی دوبارە بوونەوەی ئەو ئەلگۆیەی زۆر لاواز کردووە... دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەلگۆی حکومەی زوربە، لە کورت مەودادا، دەتوانێت جی بکەوێت و پاشەکشەی تەواوەتی بە ئەلگوی دابەشکاری و سازان... بهێنێت. بەڵام رەوەندێکە دەستی پێکردووەو گەڕانەوەی بۆ دواوە نییە.

رەهەندی دووەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە... ئەم رەهەندە بەم دوایانە تاڕادەیەک کەوتە ژێر هەژموونی ململانێی باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیەوە و پاشەکشەی پێکرا، بەڵام هیچ کام لە باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی نەیانتوانیووە دەستەمۆی بکەن یان بیکەنە زەخیرەی ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان. خۆپیشاندانەکانی رەوتی سەدر و لەبەرامبەردا خۆپیشاندانەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، چ بە داخوازیەکانیان و چ بە پێکهاتەکەی، نەک نیشانیدا کە بەشێک نین لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەڵکو بەڕۆشنی دەریخست ئەو خۆپیشاندانانە خۆپیشاندانی رەوتە سیساسیەکان و بە کۆنترۆڵ و بانگەوازی سەرانیان و بۆ خواستە حزبیەکانی خۆیان و بەدیاریکراوی بە ئامانجی کۆسپ دروستکردن بۆ پێکهینانی حکومەت یان بۆ ئاوت کردنی لایەنێک و پێکهێنانی حکومەت وەرێخران. هێزی سەریا سەلام و حەشدی شەعبی ئەمجارە بەجلی مەدەنیەوە لەپاڵ لایەنگرانیاندا نمایشی توانایی خۆیان کرد. لە حالێکدا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هەم حکومەت روخاندووە و هەڵبژاردنی پێش وەختەی داسەپاندووەو هەم خواستی نان و خزمەتگوزاری و هەلی کار و کۆتاییهینان بەدەستێوردانی دەرەکی، خواستە بناغەیەکانی بوو... ئەم بزوتنەوەیە لە شەقامدا کەمتر دەبینرێت هۆکارەکەشی ئەوەیە نایەوێت وەکو بەشیک لە ململانێی لایەنە سیاسیەکان دەربکەوێت و بکرێتە زەخیرەی ئەو بزوتنەوە سیاسیانەی بۆ ئامانجی تر گۆرەپانی سیاسی عێراقیان لیخن کردووە. دیارە هەر بزوتنەوەو رەوتێکی سیاسی بتوانیت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری پەلکیشی دوای خۆی بخات، دەتوانێت گرەوی سیاسی لە عێراقدا بباتەوە... رەوتی سەدر لەو راستایەدا زۆر هەوڵیدا سایەی خواست و داواکاری و فتواو تویتەکانی بەسەر ئەو بزوتنەوەیەدا بسەپێنێت، بەڵام ئەزموونی راپەرینی ساڵی ۲۰۱۹ ئەو ئاستە لە هوشیاری پێ بەخشیوە، کە مل بەو مانۆر و سیناریۆیانە نەدات. بەڵام گومان لەوەدا نییە، ئەو ململانێییەی لەسەر پێکهێنانی حکومەت وەکو گۆشەیەک لە ململانێیەکی فراوانتر کە چەند مانگە عێراقی داگرتووەو گرژیەکان هەلکشاون، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەسەر ئاستی عێراق و تەنانەت لە کوردستانێشدا خستۆتە حاڵەتی چاوەروانی و پاشەکشە پێکردنەوە، بەڵام خواستەکانی وەکو خۆی ماوەو و لەگەڵ لانی کەمی ئاسایی بوونەوەی دۆخی سیاسی عێراق و بەدیاریکراوی دوای پێکهێنانی حکومەت، دوبارە بۆ خواستە راگەیەنراوەکانی دێتەوە مەیدان. سەرجەم رەوت و باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی هەنگاوی یەکلاکەرەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر گرفتەکانی عێراقدا، بەر لەهەموو شت، بە پاشەکردن بەو بزوتنەوەیە دەزانن و ئەوەش چوارچێوە و سەرەکی ترین ململانێی نێوان بۆرژوازی عێراقییە لەگەڵ چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا.

هەردوو ئەو رەوەندە بەشێوەی گشتی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق دادەنێت... بوونی حکومەتێکی بەهێز کە توانای کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکانی هەبێت، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەرەکی بەرەو لاوازی و نەمان ببات، دەسەڵاتە حزبیەکان و بەپشتیوانی میلیشیا کەنار بخات و دەسەڵاتی حکومەت لەسەر ئاستی عێرقدا هەمەگیر و سەراسەری بکات... پێش مەرجی ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی عێراقن و رەوتی باڵادەستی عێراق لەناوچەکەو بەتایبەتیش لە دنیای عەرەبدا بەهێز دەکات. ئەم ئەلگۆیە لەحکومەت و دەسەڵات، بە سودی خەباتی چینی کریکار و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و دوبارە هێنانەوە مەیدانی رێگاچارە بۆ کێشەی سیاسی کوردستانیش دێنیتەوە ئارا.

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریش دەخاتە سەر ڕێچکە ئاساییەکەیی خۆی و رووبەڕوو دەبێت لەگەڵ دەسەڵاتێکی دیاریکراو و پێناسەکراو و ئەو دەسەڵاتە حکومییە دەبێتە مەرکەزی نارەزایەتی بزوتنەوەی جەماوەری و خواستەکانی رووبەڕوودەکاتەوە نەک دەسەڵاتی میلیشیایی جۆراو جۆر و هەمەڕەنگ. دیارە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری سەرباری حەقخوازیەکەی و رەوایی داخوازییەکانی، بەڵام خود بەخود و بەبێ ڕێکخراو بوون و بەبێ زاڵبوونی ئاسۆیەکی شۆرشگێرانەو دیار، ناتوانێت بە جێگایەک بگات... بۆیە چۆن بۆرژوازی عێراقی سەقاڵی ئەلگۆیەکی نوێ بۆ حکومەتدارییە، ئاواش بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراقدا، پێویستی بە رێکخراوبوون، هاوئاهەنگی و چوونە سەر ڕێرەوی هاوخەباتی بەشەکان لەگەڵ یەکتری و ناوەراست و خواروی عێراق لەگەڵ کوردستان و ئاسۆیەکی شۆرشگێرانە و بوونیەتی بە بەشێک لەو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی خوازیاری حکومەتێکی پشت بەستوی جەماوەرییە، کە بتوانێت ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاییندەیەکی سیاسی ئارام زامن بکات، کە ماف و داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەر مەیسەر بکات. ئەوەش بەبێ حزبێکی و چەپ و کۆمۆنیستی بەهێز و ئامادە و دەخالەتگەری بەرچاورۆشن و شۆرشگێر بە جێگایەک ناگات... پێویستە چەپ و کۆمۆنیستەکان و حزبەکانی، ئامادەی ئەم نەبەردە بن.

**ناوەراستی سێبتەمبەری ۲۰۲۲**

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی سێهەم

سەرمایەداری

کارنامە

**نیزامی سەرمایەداری سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو ئەو کوێرەوەریانەیە کە بەرۆکی ئینسانی ئەمڕۆی گرتووە. هەژاری و بێبەشی، جیاکاری و نایەکسانی، ئیستبداد و سەرکوتی سیاسی، نەزانی و خورافە و دواکەوتوویی کەلتووری، بێکاری، بێخانەولانەیی، نائەمنیی ئابوری و سیاسی، گەندەڵی و تاوان هەرهەموویان ئاکامی حەتمیی ئەم نیزامەن. قسەکەرانی بۆرژوازی بۆ نکوڵیکردن لەم حەقیقەتە، پێمان دەڵێن کە سەرمایەداری داهێنەر و خوڵقێنەری ئەم مەینەتیانە نییە، هەموویان بەرلە سەرمایەداریش هەر هەبوون، پێمان دەڵێن کە چەوسانەوە و دەسبەسەراگرتنی دەسڕەنجی بەرهەمهێنەران، سەرکوت، جیاکاری، ستەمکێشی ژن، نەزانی و خورافە و دین و لەشفرۆشی کەموزۆر هاوتەمەنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین.**

**ئەوەی لەم نێوەدا پەردەپۆش دەکرێ ئەو ڕاستییەیە کە یەکەم، هەموو ئەم کوێرەوەری و بێبەشیانە لەم کۆمەڵگەیەدا ناوەڕۆك و مانایەکی تازەیان پەیدا کردووە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی دنیای سەرمایەداریدا دێنەوە و هەموو ڕۆژێك لە هەناوی سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆوە و وەکو بەشێکی جیانەکراوەی ئەم نیزامە، سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە. سەرچاوەی هەژاری و برسێتی، بێکاری و بیخانەولانەیی و نائەمنیی ئابووری لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، نیزامی ئابووری سەرەتای سەدەی بیست و یەکە. سەرکوتگەری و دیکتاتۆریەتە خوێناویەکان، جەنگەکان، کوشتارە بەکۆمەڵەکان و سەرکوت و داپڵۆسینێك کە لە ژیانی ئەمڕۆدا بووەتە نسیبی سەدان ملیۆن ئینسان، حیکمەتی خۆیان لە پێداویستی و پێشمەرجەکانی نیزامی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا وەردەگرن و خزمەت بە بەرژەوەندیەکی دیاریکراوی هەر ئەم دنیایە دەکەن. ژێردەستەیی ژن ئەمڕۆ لە پانتایی جیهاندا، بەرئەنجامی ئابوری و ئەخلاقییاتی سەدەکانی ناوەڕاست نییە، بەرئەنجامی نیزامی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆیە.**

**دووەم، ئەوە بۆرژوازی و نیزامی سەرمایەداریە کە هەمیشە و بە سەرسەختانەترین شێوە لە دژی هەوڵی هەموو ڕۆژەی جەماوەری فراوانی خەڵك ڕادەوەستێ لە چوارگۆشەی جیهاندا کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کوێرەوەری و بێبەشی و دوواکەوتوویانەدا لە ئارادایە. هەوڵی هەموو ڕۆژەی کرێکار بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئابوری و گوزەرانی، وە هەروەها لەپێناو مافە مەدەنییەکانی جەماوەری فراوانی خەڵك جگە لە بۆرژوازی و حیزب و دەوڵەت و زوڕناژەنەکانی هیچ کۆسپێکی تری لەبەردەمدا نییە. یەکەمین کۆسپ کە دێتە ڕێگای خرۆشانەکانی جەماوەری فراوانی خەڵك لە ناوچە دواکەوتو و بێبەشەکان بۆ دەخالەتکردن لە چارەنووسی خۆیاندا، هێزی سەرکوتی بۆرژوا خۆجێی و نێونەتەوەییەکانە. دەوڵەت، دین وەکو دامەزراوێك، میدیاکان و دەزگا ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکانی بۆرژوازی، دابونەریت و ئەخلاقییات و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی چینی دەسەڵاتدار هەموویان دەبنە مایەی قەوارەپێدانی بیروباوەڕە دواکەوتووو دەمارگیر و تەفرەقەئامێزەکان لەنێو جەماوەری خەڵك و نەوە یەك لەدوای یەکەکاندا. گومانی تێدا نییە کە ئەوە سەرمایەداری و بۆرژوازیە کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕەخنەگرتن و گۆڕینی جیهانی ئەمڕۆ لەلایەن ئەو ملیۆنەها ئینسانەوە کە نە تەنها لەم نیزامەی ئێستا دەنگیان دەرهاتووە بەڵکو کەموزۆر بەو هێڵە گشتیانەش گەیشتوون کە دەبێ لەسەر بنچینەیان کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی بنیات بنرێ.**

**ئەمڕۆ، لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا و لەوپەڕی جیهانیبوونەوەی سەرمایە و سەرمایەداریدا، لەجەرگەی مەزنترین شۆڕشە تەکنەلۆژیەکاندا، مرۆڤایەتی یەکێك لە ترسناکترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی بەسەردەبات. مەسەلەی مانەوەی فیزیکی بووەتە گرفتی ملیۆنەها ئینسان لە وڵاتانی گیرۆدەی هەژاری ئەفریقیا و ئاسیاوە تا ناوجەرگەی پایتەختەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا. بێئومێدی بەتەواوی جێگای ئومێد بە گەشەی ئابووریی کۆمەڵگە دواکەتووەکانی گرتۆتەوە. کابووسی هەمیشەیی قاتوقڕی و بێخۆراکی و نەخۆشی جێگای خەونی گەشەی گرتۆتەوە. لە ئەوروپا و ئەمریکای پێشکەوتوودا بەدوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە متبوونێکی قووڵی ئابووری، مژدەی نیوەناچڵی "ڕەونەق بەبێ دەرفەتی کارکردن" ڕێك هەمان کابووسی ناوەتە بەردەم ملیۆنەها خێزانی کرێکاری. جەنگ و کۆمەڵکوژی لە هەر پێنج کیشوەرەکەدا بێداد دەکات. مەزنترین پاشەوپاش گەڕانەوەی فیکریی و کەلتووریی لەئارادایە، هەرلە پەرەسەندنەوەی سەرلەنوێی دواکەوتوویی دینی، پیاوسالاری، نەژادپەرستی، ڕەگەزپەرستی و فاشیزمەوە تا دەگات بە هەرەسهێنانی ماف و پلەوپایەی تاکەکان لە کۆمەڵگە و سپاردنی هەموو بوون و ژیانی ملیۆنەها خەڵك لە منداڵ و پیر و لاو بەدەستی بێڕەحمی بازاڕی ئازاد. تاوانی نەخشەمەندانە لەزۆربەی وڵاتەکاندا بووەتە واقعیەتێکی چەسپاو لەژیانی ڕۆژانەی خەڵك و ژیانی ئابوری و سیاسی هەموو کۆمەڵگە. ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و توانای ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری تۆڕە تاوانکارەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مادانە بووەتە گرفتێکی هەرەگەورە و لەچارەنەهاتووی نێونەتەوەیی. نیزامی سەرمایەداری و مەبدەئی هەموو شتێك لەپێناوی قازانجدا، تێکڕای ژینگەی لەگەڵ مەترسی گەورە و زیانی لەقەرەبوونەهاتوو ڕووبەڕوو کردۆتەوە. لەم نێوەدا بیرمەندان و قسەکەرانی بۆرژوازی تەنانەت هیچ جۆرە وەڵامێکیشیان پێ نییە لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا. ئەمە واقعیەتی عەمەلیی سەرمایەداری ئەمڕۆیە کە ئایندەیەکی یەکجار پڕمەترسی دەخاتە بەردەم هەموو خەڵکی جیهان.**

ماویەتی

## درێژەی...نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەدژی لێکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، فراوان دەبنەوە...

و ئەفریقایی...

بۆرژوای و میدیای نۆکەری، هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری هۆکاری ئەم گرانی و بێکاری و نەبوونی سوتەمەنی و بەرزبوونەوەی بێ وێنەی نرخی کارەبا، دەگێڕنەوە بۆ کاریگەری کۆرۆنا ڤایرۆس و جەنگ لە ئۆکرانیا و روسیا وەکو تاکەلایەنی ئەم جەنگە تۆمەتبار دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە چ جەنگی هەژموونی نێوان جەمسەرەکانی بۆرژوازی کە لەلایەکەوە روسیا و هاوپەیمانەکانی و لەلایەکی ترەوە ئەمریکا و غەرب و ناتۆ وەستاون، هەموویان هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جەنگەی ئۆکرانیان و بەدەستەوەگرتنی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا ڤایرۆسیش تەنها بۆ ئەوەیە شانی خۆیان لەو هەلومەرجە نەخوازراوە خاڵی بکەنەوە کەبەسەر چینی کریکار و جەماوەری بێبەشیان هێناوە. جەنگی ئۆکرانیا بۆرژوازی و جەمسەرەکانی بڕیاریان لێداوە لە پێناو دوبارە ئارایشدانەوەی دنیا و باڵادەستی بەسەر هەسارەی زەویدا... هەموو لێکەوتەکانی ئەم جەنگەو کاریگەرییەکانی لە وێرانکاری و کوشتار و پەرەگرتنی راسیزم و جیاکاری لە نێوان ئینسانەکان و لەکاردا بوونی ئایدۆلۆژی وێرانکەرانەی فاشیستی... تا دەگاتە ئەو گرانی و بێکارییەی بەدوای خۆیدا هێناویەتی بە درێژە کێشانی جەنگەکەش بەرینتر و زۆرتر دەبێت، نیزامی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانی و هەردوو بەرەی دژە ئینسانی وەکو دوو جەمسەری جەنگەکە لە ئاستیکی فراونتری شەر و بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکان و دوبارە قەوارە بەخشینەوە بە ئارایش و هاوپەیمانیەتە نوێکان، بەرپرسیارن و لە بنەرەتیشدا جەنگی بۆرژوازییە بەدژی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش و نەدار لە ئاستی دنیادا. چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی دنیا، نەک هیچ دوژمنایەتیەک لە نێوانیاندا نییە، بەڵکو هاوچارەنووسی چینایەتی یەکترین و شەپۆلی هاتنە مەیدانی جەماوەری و دروشمەکانیان دەریدەخات، کە بۆرژوازی بە ریاکاری و راگەیاندنە پوچەکەی ناتوانێت، راستی ریشەی جەنگ و هۆکارەکانی گرانی و بێکاری و وێرانکاری لە چاوی چینی کریکار و جەماوەری نەداردا، بشارێتەوەو ئەم هێز و ئۆردووە جیهانییە چینایەتییە بێدەنگ رابگرێت. خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی داهاتوو، هێندەی تر راستی هۆکارەکانی کێشمەکێش و رووداوەکانی ئێستای دنیا، لەژێر تەپوتۆزی راگەیاندنی بۆرژوازی دەردەکێشێت و گوشارەکانی بۆسەر وڵاتەکانی بەشدار لەو کێشمەکیش و ململانێی کۆنەپەرستانە و هەژموون خوازیەدا، زیاتر دەکات. بزوتنەوەی دژی شەر لەدژی هەردوو جەمسەری بۆرژوازی، دەتوانێت رێگاو کەناڵێک بێت بۆ لێک نزیککردنەوەی زۆرتری چینی کریکار و پەرەدان بە هاوچارەنووسیان لە دژی سەرجەم نیزامی سەرمایەداری وموسیبەتە هەزار سەر و نەبڕاوەکەی.

**بۆپێشەوە**

## درێژەی...هێرشی بەردەوامی سەلەفی و ئیسلامیەکان بۆ سەر ژنان و مافەکانیان هێرشە بۆسەر کۆمەڵگە!

هەموویان پارچەی یەک ماکینەی چەند سەری هەڵرشتنی ژەهراون، لەدژی ژنان و کۆمەڵگەو هەموو پێشکەوتن و کرانەوەیەک و تازەگەرییەک.

ئەم ریزە لە مەلای بەلاشخۆر و هەوەسبازی ئیسلامی، هیچ لایەن و گۆشەیەکی ژیانی ژنان و مافەکانیان نییە، دەستدرێژی نەکەنەسەری و هیچ رێگاو کەناڵێکیش کە زامنی خاڵی کردنەوەی هەوەس و شەهوەت بەردانیان بکات، دەستی پێوە نەگرن و پشیوانی نەکەن و دنەی نەدەن. بە ژنان دەڵێن کار مەکەن و کار کاری ژنان نییە. دەڵێن لەماڵ مەیەنە دەرەوە و تاعەتی پیاوەکانتان بکەن، ئەگەریش هاتنە دەرەوە حیجاب و مەقنەعە بپۆشن با لە چاوی کەسانی نامەحرەم بەدوور بن!!. دەڵێن ژن کە چوو بۆ زانکۆ بە ساغی نایەنەوە. دەلێن ژنان زەعیفەن. دەڵێن جوانکاری ژنان گوناحە. دەڵێن کچی نۆ ساڵ باڵغە و دەتوانن شو بکەن. دەڵێن چوار ژن، مافی پیاوە... دەڵێن منداڵی بلوری یاساغە. دەڵێن ژنان نابێ بەتەنها سواری تەکسی بن. دەلێن نابێ ژنان جلی سور ومەدەنی بپۆشن...تاد. کەچی بەرگری لە چەند ژنە دەکەن، زەواجی موتعەو میسار کە لەشفرۆشیەکی ئاشکرایە، بەرگری لێدەکەن کەوتوونەتە بانگەشە بۆکردنی. ئەم بانگەشانەی مەلایانی سەلەفی کە جووتە لەگەڵ هیڵ و ئاراستەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانیان و تەبایە لەگەڵ کەمپەینی حجابکردنی ژنان لە ژێر ناوی تاجی زێڕین!! و پێشبرکێی ئەزبەرکردنی فەرموودەدا، کە ئیسلامیەکانی ساڵانە چەندین جار وەرێ دەخەن.

هەموو ئەو هێرشانەی مەلاکان و بانگخوازەکان و تەواوی ئەو پرۆژەو نەخشانەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا وەرێیان خستووە، هیچ نییە جگە لە پەلەقاژەیەکی ناکام بۆ مانەوەی خۆیان و رەوتەکانیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. هۆکاری ئەم هێرشانە ئەوە نییە کە وەکو خۆیان دەڵێن لە ٩٩% خەڵکی کوردستان موسوڵمانە، بەڵکو نیگەرانییە لەوەی لە ٩٩% لەسەدی خەڵکی کوردستان گاڵتەیان بە بانگەشەی ئیسلامیەکان و فتوای مەلاکان و پیشبرکێی ئیسلامیە سیاسیەکان دێت و لەژیانی واقعی و رۆژنەی خۆیاندا، پەیرەوی لەهیچ کام لەو فتوا و راسپاردانەی سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان ناکەن.



سەلەفیەکان و ئیسلامیەکانی کوردستان، نیگەرانن لە کراوەیی کۆمەڵگە و ڕووهێنانی بەردەوامی ژنان بۆ کایەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەیدانەکانی هونەر و ئەدەب و وەرزش و...تاد. نیگەرانن لە دەستراگەیشتنی ژنان و کۆمەڵگە بە زانست و پێشرەویەکانی ئینسانی ئەم سەردەمەو ئەو هەموو دەرگایانەی کراونەتەوە بۆ تیکەڵاوبوون و گۆڕینەوەی زانیاری و بیروباوەر و ئەزموونەکان و مۆدێلەکانی ژیان و ...تاد. نیگەرانن لە پاشەکشەی بەردەوامیان چ لەسەر ئاستی شەقام و چ لەسەر ئاستی کایەی هەڵبژاردنەکان... نیگەرانن لە شکستی سەربازی داعش و نەفرەتی بەرینی جەماوەری لە ئەردۆغان و شکستەکانی... نیگەرانن لەوەی رەوتی ژیان لە ژێر سایەی ئیسلامدا، قبوڵکراو نییە. نیگەرانن لەوەی کۆمەڵگەی بەناو موسوڵمانی کورد!! بە چاوی کرێگرتە و نۆکەر دەروانە ئیسلامیەکان و نەفرەت لە بوون و کارکردنیان دەکەن. نیگەرانن لەوەی لە کۆمەڵگەی بەناو موسڵمانی کوردستاندا سەرباری ئەو هەموو ئیمکانیەتەی لە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە بۆیان هەڵڕژاوە ناتوانن دەستیان بەچەند کورسی پەرلەمان بگات و لەو لەوەرگایە تەسەل بن.

هەر ئەو نیگەرانییە سەلەفیەکان و ئیسلامیەکانی ناچار کردووە، هێندەی بڕست و توانایان هەیە کۆمەڵگە لیخن بکەن، فتوا بدەن، دژایەتی کۆمەڵگە بکەن و دەزانن بۆ ئەمەش بەر لەهەر شتێک دەبێ لەڕێگای هێرش بۆسەر ژنان و مافەکانەوە دەست پێبکەن.

دیارە بەجیا لەو هۆکارانە کە وای کردووە سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان، ئاوا هێرش بکەنە سەرکۆمەڵگە و مافەکانی ژنان، هۆکارێکی سەرەکی و بناغەیی تریش هەیە، ئەویش دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازی کوردە کە دەستی ئاواڵاو لَغاوی بەرەڵا کردوون، تا هەر جۆرێکیان بووێت هێرش بکەنە سەر کۆمەڵگەو سیما مەدەنیەکان و مافە جیهان داگرەکانی ئینسان... بەتایبەتی کە دەسەڵاتی سیاسی بۆرژازی کورد، پەیان بەو راستیە بردووە کە خەڵکی کوردستان بریاری ڕاماڵینی داون، بۆیە جوڵە پێکردن بە مەلاکان و کۆنەپەرستی و بە سەلەفیەکان ئیسلامیەکان، یان بێدەنگەکردن لە کار و کردەوەکانیان بە رێگایەک دەزانن کە کۆمەڵگە لەدەستبردن بۆ ڕاماڵین خاو بکەنەوە و لەجێگای ئەوە رێگای پاڕانەوە لەخوا بگرنە بەر و چارەنووسیان بسپێرن بە غەزەب و تولّەی خودا.

پێویستە بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، بەتوندی لەدژی پەیام و فتوا و سوکایەتی کردن و هێرش بۆسەر ژنان مافەکانیان و کۆمەڵگە، بێنە دەنگ و جلّەوی ئەم رەوتە هەرەشە ئامیز و سوکایەتی ئامیزە بکەن و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکەن...کە سزای یاسایی هەموو ئەو مەلاو رەوتە سیاسیانە بدات، کەسوکایەتی بە ژنان و مافەکانیان دەکەن.

**عەبدوڵا مەحمود**

■ **ئازادیی بێقەیدوشەرتی بیروباوەڕ، دەربڕین، کۆبوونەوە، چاپەمەنی، خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکان....**

■ **ئازادی دینداری و بێدینی....**



# چەمکی "دەوڵەت" لە دیدێکی ڕەخنەییی مارکسیستییەوە

نووسینی: ئاسۆس ساڵح

چەمکی دەوڵەت گرینگییەکی سەرەکی هەیە لە تیۆر و هزری مارکسیزمدا. کۆمۆنیست و مارکسیستەکان پڕوایان وایە کە دەوڵەت دامەزراوەیەکە لە سەروی هەموو ئەوانی ترەوە ئەرک و کاری ڕاگرتن و بەرگریکردنە لە زاڵبوونی چینایەتی و درێژەدان بە بەردەوامی چەوساندنەوە چینی ژێردەست. فریدریک ئەنگڵس لە کتێبی "بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت" تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەت و وا پێناسەی دەکات: "دەوڵەت بریتییە لە ددانپێدانانی بەوەی ئەو کۆمەڵگەیە کەوتۆتە نێو گێژەنی ناسازی و دژایەتی لەنێو خودی خۆیدا و ناتوانیت چارەسەریان بکات، دابەش بووە بەسەر چەند چینێکی لێکدژ و ناتەبا، بە جۆرێک کە کۆمەڵگە لە بەرامبەریاندا دەستەوەستان و بێ دەسەڵاتە. جا بۆ ئەوەی ئەو لێک دژانە، واتە ئەو چینانەی خاوەن ئابووری لێکدژن، خۆیان و کۆمەڵگە نەکەن بە خۆراکی شەرێکی بێئاکام، ئەوا پێویستی هاتنەکایەی هێز و دەسەڵاتێکی باڵاتری جڵەو بەدەست لەسەرووی کۆمەڵگە سەرهەڵدەدا، هێزێک ئەو بە یەک دادان و دژایەتییە نەهێڵێت و بیخاتە چوارچێوەیەک "بەرزەفتکراو"ەوە، بەڵام خۆی لەسەروی کۆمەڵگە دادەنێت، دەسەڵاتێکی جارلەجار زیاتر لە کۆمەڵگە داپڕاو و نامۆتر، ئەویش بریتییە لە دەوڵەت." (ئەنگڵس، ٢٠١٧؛ لا٢٨٤–٢٨٥) کەوایە لە دیدی ئەنگڵسدا دەوڵەت لەسەر بەنامای لێکدژی ئابووری و بەرژەوەندی چینەکان دروست بووە، لە هەمان کاتدا بۆ جڵەوگیرکردنی ئەم لێکدژییەیە و سەپاندنی لایەنەکە بەسەر ئەویتردا. هەر وەک دەڵێت: "لەبەر ئەوەی دەوڵەت بە پێویست بۆ جڵەوکردنی ئەو دژایەتییەی نێوان چینەکان سەریهەڵدا و لە هەمانکاتیشدا لەناو جەرگەی بەیەکدا هەڵپرژاندنی ئەو چینانە سەریهەڵدا، کەواتە دەبێت وەک بنەمایەک دەوڵەت سەر بەو چینە بێت، کە لە ڕووی ئابوورییەوە باڵا دەستە، دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتیش دەکەوێتە دەستی ئەو چینە و بەهەمان شێوە دەستەبەرکردنی کەرەستە و ئامرازی نوێ بۆ چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی چینی ژێردەست) ".ئەنگڵس، ٢٠١٧؛ لا٢٨٧ (کارڵ مارکس پێی وایە ئازادی بریتییە لە گۆڕینی دەوڵەت لە دەزگایەکی سەپێنراوەوە بەسەر کۆمەڵگەدا بۆ دەزگایەک کە بەتەواوەتی لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت. چونکە ئەو پێی وایە بە هەبوونی چینایەتی و لە دەسەڵاتبوونی چینی بۆرژوازی و لە دەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەوڵەت تەنها لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار دەبێت و دەبێت بە دەزگایەکی سەرکوتکەر بۆسەر چینی ژێردەستە کە چینی کرێکار و زەحمەتکێشە. مارکس و ئەنگڵس لە "مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست"دا دەنووسن: بۆرژوازی، دەسەڵاتی سیساسیی تەواوی خۆی لە دەوڵەتی نوێنەراتیی مۆدێرندا بەدەستهێناوە. دەسەڵاتی دەوڵەتیی مۆدێرن تەنها کۆمیتەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە هاوبەشەکانی کۆی چینی بۆرژوازیی." (مارکس، ئەنگڵس، ٢٠١٦؛ لا٢١) بە پێی ڕەخنەی مارکسیستی دەوڵەتی سەرمایەداریی مۆدێرنیتە (دەوڵەت نەتەوە) ئیمکانی ڕیفۆرمی تێدایە، بەڵام دەبێت هەر وردووخاش بکرێت، تاوەکوو جیاوازی چینایەتی بمێنێت کێشمەکێشمی نێوان چینەکان بەردەوام دەبێت و دیموکراسی ڕاستەقینە نایەتە کایەوە. هەمیشە چینێک چینێکی تر وەک کۆیلە سەیردەکات، کۆیلەی مۆدێرن کاری کرێگرتەییە. بە ڕیشەکێشکردنی کاری کرێگرتە ئەوکات جیاوازی نامێنێت. "مارکس پێی وایە مانای حەقیقی دیموکراسیی، حوکمڕانیی ڕاستەقینەی خەڵکییە بەسەر خۆیاندا نەک سپاردنی حکومەت بە دەستەیەکی نوخبەی سیاسیی. تاقانە دەوڵەتی قبوڵکراو لای مارکس حوکمڕانی هاوڵاتییە بەسەر خۆیاندا نەک حوکمڕانیی کەمینەیەک بەسەر زۆرینەدا." (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٥؛ لا٣٣٥) پێویستە ئەوە بخرێتە بەر باس کە تیۆر و هزری مارکسیزم بە تەنها بەربەرەکانێ و خەبات کردنی چینی پرۆلیتاریا نییە دژی سەرمایەداری؛ بەڵکوو تیۆری سەرکەوتنەکەشیەتی!.

نووسەری بەریتانی و مارکسیست "جۆن مالینۆ" لە کتێبی "نەریتی ڕاستەقینەی مارکسیزم" دەڵێت: "شیکردنەوەی مارکسیزم وەکو تیۆرێک بۆ پرۆلیتاریا نیشاندراوە کە ئەم چەمکە سێ توخم لە خۆدەگرێت: ١/ مارکسیزم وەکو بیرودۆزێک بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی سەرتاسەری چینی کرێکار لە ڕووی جیهانییەوە. ٢/مارکسیزم وەکو بەرهەمی لە دایکبوونی پرۆلیتاریای هاوچەرخ و پەرەسەندنەکانی ململانێکەی دژی سەرمایەدری. ٣/ مارکسیزم وەکو تیۆری سەرکەوتنی ئەم چینە. پێناسەکردنی هەرە کورتی ئەم توخمە بریتییە لەوەی مارکسیزم تیۆری شۆڕشی پرۆلیتاریایانەی جیهانە." (جۆن مالینۆ، ٢٠١٨؛ لا١٩) کەوایە هەروەک لینین دەڵێت: مارکسیست ئەو کەسەیە کە ددانپیانانی بە ململانێی چینایەتیی بە دانپیانان بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا درێژە پێدەدات. ئەمەش دەبێت وەک بنچینەیەکی سەرەکی مارکسیزم جێبەجێ بکرێت. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دیموکراسیترین شێوەیە بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتیی و نایەکسانی.

هەروەک لەسەرەتا ئاماژەمان پێدا ئەنگڵس دەڵێت دەوڵەت لە ئەنجامی دژبەریی و لێکدژیی چینەکان دروستە، بۆیە لەکاتی کۆتایی پێهێنان بەو جیاوازیی و لێکدژیی و بەرژەوەندییە چینایەتییانەی هەیە، دەوڵەتیش کۆتایی دێت، چیتر نابێتە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوە.

**سەرچاوەکان :١/مانیفێستی پارتی کۆمۆنست، کاڕڵ مارکس، فریدریک ئەنگڵس، و: پێشڕەو محەمەد، چاپی یەکەم ٢٠١٦، چاپخانەی تاران.**

**٢/ بنەچەی خێران و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، فریدیک ئەنگڵس، و: کەریم مەلا ڕەشید، چاپی ٢٠١٧، چاپخانەی تاران .**

**٣ /بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو؟ تێری ئیلگتۆن، و: پێشڕەو محمەد، چاپخانەی دلێر، چاپ٢٠١٥.**

**٤ /نەریتی ڕاستەقینەی مارکسیزم چییە؟، جۆن مالینۆ، و: بژار سەردار، چاپی یەکەم ٢٠١٨، چاپخانەی سارا.**



# سەبارەت بە کتێبی 'دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا' - ساڵی ١٨٤٥

نووسینی: توانا محمد نوری

١٧٧ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبی 'دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا' لەلایەن فریدریک ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٤٥. ئەنگڵس بە وردی باسی ئەو ژیانە بەدبەختە دەکات کە کرێکاران ناچار بوون لەو سەردەمەدا تیایدا بژین، هەروەها کۆششی دەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە سیستمی سەرمایەداری و جێگرتنەوەی بە سۆشیالیزم. هیواکانی بەدی نەهاتن و ئەمڕۆش ڕەنگە دوو پرسیار بێتە پێشەوە: (١) لە دوای نووسینی ئەو کتێبە بارودۆخی چینی کرێکار بە چ شێوەیەک و تا چەند گۆڕاوە؟ وە (٢) ئایا خەبات بۆ ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و جێگرتنەوەی بە سۆشیالیزم لە ئەمڕۆشدا وەک ئەو کاتە بایەخی هەیە؟

لە ساڵی ١٨٤٥دا شۆڕشی پیشەسازی گەیشتبوە لوتکە. ئەنگڵس بە زیندوویی بارودۆخە خراپ و پیسەکانی ناوچە کرێکارەکانی شارە گەورەکانی دەبینی وە یاخود دەیبیست؛ کاریگەری کێبڕکێی نێوان ئەو کرێکارانەی لە ئێرلەندەوە کۆچیان دەکرد وە ئامادەبوون تەنانەت کرێیەکی کەمتر لە چینی کرێکاری هەژاری ئینگلیزی وەربگرن؛ خراپی تەندروستی و تەمەن کورتی کرێکاران، سەرخۆشی و کاریگەری وەزعی خراپ لەسەر گوزەرانی کرێکاران؛ کاری درێژخایان لە بارودۆخێکی پیس و زۆرجار مەترسیدار، بە شەو و ڕۆژ، ژن و منداڵان و هەروەها پیاوان.

گومانی تێدا نییە ١٧٧ساڵ دوای ئەو کتێبە دۆخی کارکردن و ژیانی چینی کرێکاری بەریتانیا باشتر بووە. شوێنی کارکردن پاکتر و سەلامەتترە، کاتژمێرەکانی کارکردن بەگشتی کورتترە، خانوبەرە باشتر دروستکراون، تەندروستی باشتر بووە و تەمەنیش درێژتر بووە. بەڵام لە هەندێک ڕووەوە دۆخەکە ئەوەندە نەگۆڕاوە.

زۆربەی کرێکارانی ئەمڕۆ ئەوەندەیان نییە کە بتوانن لەسەری بژین چونکە نرخی وزە و سوتەمەنی و کاڵاکان زیادی کردووە و کرێی کاری کرێکارانیش زیادبوونێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، هەروەها دابەشبوونی نێوان دەوڵەمەند و هەژار تا دێت فراوانتر دەبێت. سیستم هانمان دەدات بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆماندا بگەڕێین، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆشەگیری و بێباکی دڕندانە، کە تەنها بە هەوڵە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی و نادادپەروەرییەکان کەم دەبێتەوە.

حەقیقەتە دڕندەکانی سەرمایەداری لە جێگەی خۆیەتی. خاوەنکارێک کاتێک کار بە کرێکارێک دەد اتکە هەست بە سوودێکی دارایی بکات لە دامەزراندنی ئەو کرێکارەدا؛ ئەگەرنا، کاری پێنادات. سیستەمەکە پێشکەوتووترە لە پێشوو. ئەو بەڕێوەبەرانەی کە مووچەی تاڕادەیەک بەرز وەردەگرن کاری پیس و چەپەڵی چینی سەرمایەداری بە دامەزراندن و دەرکردنی کرێکاران و شکاندنی مانگرتنەکان ئەنجام دەدەن.

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئایا خەبات بۆ سۆشیالیزم هێندەی سەردەمی ئەنگلس لەمڕۆدا گرنگە؟ دیارە ئەوانەی بەرگری لە سەرمایەداری دەکەن ئاماژە بە باشتربوونی بارودۆخی ژیان لە ماوەی سەدەی پێشوو یان زیاتردا بۆ زۆرینەی خەڵک دەکەن. بە دڵنیاییەوە زۆربەی کرێکاران لە پێشووتر خانوو و خۆراک و جل و بەرگیان باشترە. ڕوون نییە کە چەندی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بەخشندەیی چینی دەسەڵاتدار و چەندی دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی کرێکاران بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانیان. بەڵام هێشتا ژیانی چینی کرێکار کەموکورتی زۆرە، خەبات بۆ ئەوەی بەرهەم بۆ قازانج بگۆڕدرێت بۆ بەرهەم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان لەهەموو کاتێکی تر گرنگترە.

لە ساڵی ١٨٤٥دا ڕەنگە هەندێک بیانووی ئەوەی هەبووبێ و وتبێتی کۆتاییهێنانی دەستبەجێ بەو سیستەمە لەو ڕۆژگارەدا نەدەکرا یاخود ئەو سامانەی کە کرێکارانی ئەوسا بەرهەمیان دەهێنا زۆر کەمتر بوو. بەڵام ئەمڕۆ هیچ بیانوویەک نەماوە. ئێمە ئامرازەکانمان هەیە – زانیاری، سەرمایەی کەڵەکەبوو، تەکنەلۆژیا و کرێکارانی ئامادە – بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییە گونجاوەکانی هەموو دانیشتوانی جیهان. ئەوەی لە ڕێگادا وەستاوە ئەو پشتگیرییەیە کە دەدرێت بە سیستەمی دروستکردنی قازانج.

ئەنگڵس گەشبین بوو وە باشیش لە سروشتی سۆشیالیزم تێدەگەیشت. ئەو لەبارەی "ئەو ساتەوەختەی کە کرێکاران چیتر هێزی کاری خۆیان بۆ قازانج نەفرۆشن" و لەبارەی "هەڵوەشاندنەوەی چینەکان" زۆری نووسیوە. ڕەنگە زەمانەکە گۆڕا بێت، بەڵام بیرکردنەوەکە بۆ ئەمڕۆش دروستە. سۆشیالیزم بەسەرنەچووە. لە جاران زیاتر پێویستە و بە شێوەیەکی کرداریی ئیمکانی دامەزراندنی زیاترە.

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## بەها عومەر بەکر دارتاش وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە...



### پرسی ڕۆژ/

شاژنی بەریتانیا ژیانئاوایی کرد، بەڵام بەدوایخۆیدا قسەوباس و هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...تاد زۆر هێنایە گۆڕێ، بەتایبەت لە میدیای بۆرژوازی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. هەروەك پیشەی كاری دەزگا میدیاییەکانی دنیای دەسەڵاتی سەرمایە هەموو پرسێك لەبەرژەوەندی چینایەتی خۆیان دەقۆزنەوە. زۆرینەی میدیا زەبەلاحەکان تەنیا بەچاوێك دەبینن و كاروكردەوە بەحساب چاكەكانی باس لێوەدەكەن و خۆڵدەكەنە چاوی خەڵك.

بەڕای ئێوە بەرەکەی دیکە، کە بەرەی حەقیقەت و ڕاستیەکانی پشت سەری ئەو کاروکردەوە نائینسانیانەیە کە بە بڕیار و پرس و چاوساغی شاژنەوە کراون لەجیهاندا چۆن دەبینن؟ دەتوانن تیشکێك بخەنە سەر ئەو ڕاستیانە بۆ خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش و ستەمدیدە پتر ئاشكرا بێت كە ئەم دەسەڵاتانە چۆن لەهێزوقوت و ڕەنجیان دەخۆن و بەچاکەش پێیان دەفرۆشنەوە.

### بەها عومەر بەکر دارتاش لەوەڵام بەم پرسە وادەڵێت:

بەڵێ دەنگدانەوەی مەرگی شاژن هەروەك ئێوە باسی دەكەن سەراپاگیربوو، كردەیەكی چاوەڕوان كراوبوو كە لەپێش چركەساتی باڵەفڕبوونی "ڕۆحیانەتی شاژنەوە " نەخشەی بۆ كێشرابوو كە چۆن سەرنجی سەراسەری جیهان بۆ ئەم هەواڵە ڕاكێشرێت. چاوەڕوان كراوبوو لەبەرئەوەی كە حەفتا ساڵە ئەم شاژنە جاڕ دەدات بە گوێی خەڵكی بەریتانیادا كە من لوتكەم، من پیرۆزم؛ هەرئەمەش كراوەتە جۆرێك لە فیلتەری گەوجاندنی ئەو خەڵكە. بەبڕوای من ڕەگی ئەم كۆنەپەرستیە لە هەناوی ئەو ژینگەیە ئاینیەی مەسیحیەتدایە كە ئەم نەریت و ئەقلیەتەی تێدا بەهێزترو پایەدارتر كردووە. دیارە ئەم ڕۆڵگێڕانەی ئاینیش بە درێژایی مێژوو یەكێك بووە لە پایەكانی بەهێزبوون و خۆداسەپاندنی دەسەڵاتداریەتی سەرمایەداری. هەربۆیە وەك دەبینین كە مەرگی شاژن ئەلیزابێزی دووەم كرایە یەكێك لە گەورەترین ڕووداوەكانی جیهان، و لەڕێی میدیای زەبەلاحی بەردەستیان خزێنرایە ماڵی سەدان ملیۆن ئینسانەوە، و لەمەش زیاتر وەك تراژیدیا دەرخواردی ئەو خەڵكەیاندا. بەڵام حەقیقەتی مەسەلەكە یەك جەنگی چینایەتیە كە چینە باڵادەستەكان بەدەر لەوەی كە ژیانیان لەسەرو بوونی ملیاردها ئینسانی ئەم سەرگۆی زەویە نیشان دەدەن، هاوكات مەرگیشیان دەكەنە ئێستگەیەكی ترو جارێكی تر باڵادەستی خۆیانی پێ نمانیش دەكەن. ئەوەی كە لێرەدا دەیڵێین تەنیا فرێدانی ژمارە نییە! بەڵكو پرۆسەی نمایشكردنی مەرگی شازادە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت كە ئەم ڕاستیە ڕەوەندێكی بەخۆیەوە گرتووە. ئەگەر لە چركەساتی ڕاگەیاندنی مەرگی شازادەوە سەرنج بدەین؟ ئەم هەقیقەتەمان بە باشی بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە چۆن لە دوای ئاگاداركردنەوەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لەلایەن بنەماڵەی شاژنەوە هاوكات دواتر لەسەر بنەمای پرۆتۆكۆڵێك كەتایبەت كرابوو بە ڕێوڕەسمی ناشتنی شاژن كە بەتونێلێكی زۆر پێچاوپێچ و بیرۆكراتی و ئیداریدا تێپەردەبێت، مەبەستیان بووە كە وەك بۆمبێك لەئاستی ناخۆو نێودەوڵەتیدا دنیا بەدوای خۆیاندابكێشن. هەربۆیە هاوپێچ لەگەڵ ئاگاداركردنەوەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، ئەویش ١٥ وڵات كە لەلایەن شاژنەوە "سەرۆكایەتی دەكرێت" ئاگادار دەكرێنەوە. پاشان هەواڵەكە بە ٣٦ وڵاتی دیكە ڕادەگەیەنرێت، و ئینجا لە هەریەك لەو وڵاتانەدا هەواڵی مردنی شاژن بەفەرمی ئاشكرا دەكەن بۆ خەڵكی ئاسایی. بەهەموو ئەمانەشەوە ناوەستن ئەو ڕۆژەی شاژن ژیانئاوایی دەكات سیناریۆیەكی هاوشێوەی سیناریۆكەی هاتنە سەركاری خومەینی لە شۆڕشی ئێراندا دووبارە دەكەنەوە، و تەقسێك لە ئاسماندا نیشان دەدەن لە شێوەی سیمای شاژندا! ئەمە گوایە ڕۆحیانەتی ئەوەو بەسەر سەری خەڵكی بەریتانیاوە خورافیاتی وا دەبارێنن. دیارە ئەم شاژنە میهرەبانە هەر لەگەڵ لەدایك بوونیدا شانسی هەموو ئەم تایبەتمەندی و جیاكاریانەی هەبووە، ئەی مەگەر نازانین كە شاژن تەنانەت مەراسیمی لەدایك بوونەكەشی جیاوازە، و دوو ئاهەنگی نیشتمانی دەگێڕن، یەكێكیان لەنێو خێزانەكەیدا هەروەها لە دەرەوە بەم بۆنەوە مەراسیمی بۆ ساز دەكرێت. بۆیە دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بكەین كە مەرگیشان بكریتە ئەو ڕووداوە گەورەی كە بەوشێوە دنیای پێوە خەریك بكرێت. لەوەشیان گەڕین كە شاژن شاعیری فەرمی و دەرباری هەیە، بۆ گەشتگوزارەكانیشی كە ١٢٠ وڵاتی جیهان ڕۆشتووە و پێویستی بە پاسپۆرت نەبووە! چونكە ئەو پادشای وڵاتێكە. كە ئەم جیاكاری و ئیمتیازدانە بەڕاستی گەورەترین سووكایەتیە بە بەشەریەت.لەكاتێكدا كە ئەم مەراسیمە بۆ كەسێكی مشەخۆر دەكرێت كەتەنیا یەك جار لە ژیانیدا دلۆپێك ئارەق بە جەستەی خۆیەوە نەدیووە! تا بەهیچ جۆرە داهێنانێك و كارێكەوە دەگات كە كارنامەی خۆی پێ پرشنگدار بگات . ئەگەر من زۆر شارەزاو ئاگاداری كارە پڕ بەهاكانی شاژن ئێلیزابێز نەبوویێتم ئەوا وتاری ڕۆژنامەكانی جیهان و پەیامە یەك لەدوای یەكەكانی كەسانی وەك جۆ بایدن و باراك ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ و جەستن ترودۆو ئیمانوێل ماكرۆن و ئۆلاف شوڵتز و مایكل دی هیگینس سەرۆكی ئێرلەندا، پاشای هۆڵەندا و شاژنە ماكسیما بۆ شا فیلیپ و شاژنە ماتیلدا لە بەلجیكا و سەرۆكوەزیرانی هیندستان نەدەنێردرا! جگە لە ستایشی شاژن ئێلیزابێز، جگە لە دەربڕینی دیپلۆماسیانەی بە مەزن لە قەڵەمدانی شاژنێكی دڵ فروان و شكۆدار و ژیر، كەسایەتییەكی جێگیر و پرسیاركەرو میهرەبان، خانمێكی بێ هاوتاو جوان، زیاتر شتێكی ترمان نەبیست. بەپێچەوانەوە تەواوی ئەو پیاهەڵدان و ستایشكردنە ئەخلاقیانە بۆ شاردنەوەی سیمای واقعی كاروكردەوەكانی ئەم تاوانبارە بوو. هاوكات ئەمە ڕێگەیەكیش بوو بۆ شەرعیەدان بەو سەرمایە گەورەیەی كە شاژن خاوەنداریەتی دەكات، وەك دەزگای ڕاگەیاندنەكانی خۆیان ئاماژەی پێدەكەن كە شاژن بە بەهای سێ ملیار دۆلار خشڵ و زێڕی هەیە، بە بەهای ٣٧٠ ملیۆن پاوەند موڵكی هەیە. لەمبارەشەوە گۆڤاری سەندەی تایمز دان بەوەدا دەنێت كە شاژن یەكێك لە دەوڵەمەندترین ٢٥٠ كەسی بەریتانیای. قسەی خۆمان بێت پێدەچێت ئەم شاژنە هێشتا غەدری لێكرابێت لە بەراورد بە سامانی بنەماڵەی شاهانەی تایلەند كە بە ٥٠ بۆ ٧٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەكرێت. ئەمە جگە لەوەی كە كۆمپانیای ڕۆیاڵ كە لە ئەندامانی باڵای بنەماڵەی شاهانەی دەسەڵاتدار پێكهاتووە و شاژن سەرۆكایەتی دەكرد، بەپێی ئاماری( فۆربێس)، ئەم ئیمپراتۆریەتە تا ساڵی ٢٠٢١ نزیكەی ٢٨ ملیار دۆلار سەروەت و سامانی لە شێوەی خانووبەرەی نەفرۆشراودا هەیە. بەڵێ تێگەشتن لەم واقعە تاڵ و جیاوازیە چینایەتیە ئابروبەرانەیە، یەكجار قورس و




ئازاربەخشە لە كاتێكدا كە هەژاری و بێكاری و نەخۆشی و بێخانەو لانەیی و كەمدەرامەتی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری خەڵكی هەژارو كەمدەرامەتی بەریتانیای دووچاری نەهامەتی و گرفتاری گەورەی ژیان دەكاتەوە. بەڵام لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا شاژنی ئیمپراتۆر یەكێك لە تاوانبارترین كەسایەتیەكانی جیهانە كە دەبێت دادگایی بكریت. دڵنیام زۆرێك لە ئێمە مێژووی داگیركاری و كۆمەڵ كوژیەكانی ئەم شازادەیەمان خوێندوەتەوە لە وڵاتانی ئەفریقا، خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئاسیاو ئەمریكای باكور. وە چۆن ئەفریقای كردە شوێنی ڕاوكردنی بازرگانی بۆ ڕەشپێستەكان، هاوكات دەریایەك دزی و دەست بەسەراگرتنی كانزاكانی لە چەشنی (ئاڵتون و نقێم و نەوت و مس، ئەلۆمنیۆم، ئەڵماس، گازی سرووشتی، ئاسن، پەموو، هەتا دەگات بە قاوە، چا، خووری) و سامانە سرووشتیەكانی تر. كە دیارە بۆ بەدەستهێنانی ئەو سامانە ملیۆنان مرۆڤ كرانە قوربانی شەڕو وێرانكاریەكانی شاژنی بەریتانی. لە كۆریا بۆ بەشداریكردن لە كوشتارگەیەك كە سوپای ئەمریكا بەرێیخستبوو ٤ ملیۆن ئینسانی تێدابووە قوربانی. بەریتانیا ڕۆڵی چارەنووسازی هەبوو لە پەیماناماەكانی لۆزان و سایكس بیكۆدا، لە جەنگ و داگیركاری و مالوێرانیەكانی لیبیا، فەلەستین، عێراق، سوریا، یەمەن، ئەفغانستان و هیندستان، دەیان كودەتا لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپاكرد. هەربۆیە ئەمەی كە باسمانكرد مشتێك لە خەرمانی كارنامەی شاژنی بەریتانیاو بنەمالەكەی بووە كە ئەمرۆ مەرگی شاژنی بەریتانیا تێدا دەكرێتە هەوێنی ڕووداوێكی گەورەی جیهانی، و دە ڕۆژ پرسەی بۆ دادەنرێت. ئەمەیە واقعی دەسەڵاتداریەتی شەرماوەری نائینسانی سیستەمی پاشایەتیە كە بەدڵنیایی تێدا چینی كرێكارو خەڵكی هەژارو نەدار بوونەتە سووتەمەنی ئەو كوشتارگە، و وێرانكاریە، و داگیركاریەی كە شازادەو شاژن لە مێژووی دەسەڵاداریەتییاندا پێی هەڵساون. دیارە بە درێژایی ئەم مێژووە ڕاوەستانەوە وبەرگریكردن و ناڕەزایەتی دژ بەم داگیركاری و دەریای چەوسانەوەیە هەبووە، بە تایبەت ئەوەی ئەمڕۆ دوای مەرگی شاژن لە زۆرێك لە وڵاتانی مستعمرە بە كەنداو ئوسترالیایەكشەوە كەبەتایبەت دەنگێكی گەورە كەوتووەتە ڕێ دژ بەم داگیركاری و بەردەوام بوونەی سیستەمی پاشایەتی لە وڵاتەكانیاندا . لەدوایدا دەمەوێت بڵێم كە ئەگەر ویژدانی مرۆڤایەتی ڕۆژگارێك بێتە دەنگ؟ شاژن وەك یەكێك لەتاوانبارترین كەسایەتیە دیكتاتورو فاشیەكان دادگای دەكەن، چونكە ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایت كاری بە مان و نەمانی تاوانبارانەوە نییە لەو شوێنەدا كە قسە لەسەر بەهای ئینسانیە ئیتر عەدالەت دەبێت ڕۆلی خۆی بگێڕێت. تروسكەی ئەم ئومێدە هەر ئەمرۆ لە سەراسەری جیهاندا بەدی دەكرێت. ملیۆنەها شەپۆلێكی بەرفراوان لە خەڵكی ئازادیخوازو كرێكارو زەحمەتكێش دەنگهەڵبرن و ناڕەزایەتیەكانیان بە شوێنێك گەیاندوە كە هەر ئێستە خواستی دەستبەردار بوون لە سیستەمی پاشایەتی و كۆلۆنیالیستی لە زۆر وڵات بووتە دەنگێكی گەورە دژ بەم كارنامە قێزەونەی سیستەمی پاشایەتی. كارنامەی ئەو شاژنە ملیاردێرەی كە تاجەكەی سەری لە ئەفریقاوە دزراوە، نرخەكەی بە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەنە دەكرێت....



# ئینگلس..مارکسیزمی بزوتنەوەی ئافرەتان

**نووسینی/ یوهانس کریس**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە / هاورێ نەهرۆ**

فریدریک ئینگلس بە ژەنێرەنی دووەمی کەمان خۆی وەسف کرد، دوای کارل مارکس، وەک قارەمانێکی تراجیدی، لەو نامەیەی کە بۆ سیاسەتمەدارو نووسەری مارکسیزمی ناسراو (فرانز میرنیغ) نووسیویەتی، لەوانەیە دوست و هاورێی بێ بەدرێژایی ژیان، کارل مارکس دیارترە لەنێوان هەر دووکیان، بەڵام پێ وابوو کە ( لەکۆتایی دا مێژوو هەموو شتی لە شوێنی شیاوی خۆی دائەنێ) بەڵام بە پێچەوانەوە رووی دا، دوای مردنی ئینگلس لەساڵی ١٨٩٥، ئەوەی خراپ بوو مێژوو کردی، لەباشترین حاڵەتدا مامەڵە لەگەڵ ئینگلس کرا وەک یارمەتیدەری مارکسی مەزن، لەهەڵسەنگاندنیکی خراپتردا وەک رابەری ستالینیزم ناسرا، لەبەرئەوەی زیادەرۆیی کرد لە بەسادە نیشاندانی ئامۆژگاریەکانی مارکسی مەزن.

لەناوەڕاستی نیسانی ٢٠٢٢ لە خانەی وەشاندنی (شور کامپ) پەرتووکێک دەرچوو، چەند بەشدارییەک تیاییە بە ناونیشانی (فەلسەفەی سروشت، تیئۆری کومەڵایەتی، سوشیالیستی، خوێندنەوەیەکی هەنووکەیی بۆ فردریک ئینگلس) بەسەرپەرشتی و ئامادەکردنی ئیسماعیل رابیک کە مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی فوبرتاڵی ئەڵمانی ئەم پەرتووکە دەرچوو، ١٧ بەشداریی تیایە لەلایەن نووسەرانی جیاوازو وێنای ئینگلس کێشراوە وەک بیرمەندێکی ڕەسەن کە بەبێ ئەوە نەتوانرا مارکسیەت بەو شێوەیە لە ئارا دا بێ، بەشداربووان تەنیا بایەخ بە پاشماوەی تیئۆری و سیاسییان نەدا، بەڵکو زۆرتریان باس کردووە سەبارەت بە رۆڵەی بیسنیزمانێکی دەوڵەمەند کە لەساڵی ١٨٢٠ لە شاری بارمن ( فویرتاڵی ئێستا ) لە دایک بووە .

### گۆڕانێکی دیالیکتیکی لە مانشستەر

لەکاتێکی زوو ئینگلسی گەنج بووە هۆی هاتنە ئارای ململانی لە نێو خانەوادەکەی کە زۆر ئیماندار بوون، بەسەرسام بوونی ئینگلس بە غوتەوە ئەوانی تر کە (ڕوانینیان خراپ بوو بۆ خودا ) لەگەڵ بایەخ دان بە بیری ڕادیکالی سوشیالیستی، ئینگلس نەوەیەکی خراپی بنەماڵە بەرێزەکەی بوو لە نێوەندی بورژوازی برمن .

دوای ساڵی لە خزمەتی سەربازی لەبەرلین، زۆربەی کاتەکانی تەرخان کرا بۆ ئامادەبوون لە سیمینارەکانی فەلسەفە کە باوکی دەینارد بۆ مانشستەر لە شێوەی سزا.

ئینگلس دەبوایە کۆتایی بەو خولە بێنێ لە بەرێوبردنی ژمێریاری لە نێوەندی پیشەسازی لە کارگەی چنین کە موڵکی بنەماڵەی (ئارمین_ ئینگلس) بوو، باوکی ئاواتەخواز بوو کە ئینگلس لە ژیانی دا کارێکی شایستە بکا، بەمەش گۆرانکاری دیالیکتیکی یەکەم لە ژیانی ئینگلسی گەنج رووی دا .

لەنێوان سەرسوڕمان و شۆک دا سەبارەت بەو ئەزموونە، ئینگلس لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی دا بەرهەمی یەکەمی ناسراوی بە ناونیشان (دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرە) نووسی بەپشت بەستن بەڕاوبۆچوونەکانی خۆی و سەرچاوەی ڕەسەن، پەرتووکەکە هەتا ئەمرۆ بە یەکێک لە جوانترین ریپورتاژی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ، ئەمە بەرهەمی ئینگلسی مەزن بوو، دارشتنی رەخنەی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی بوو سەبارەت بە هەلومەرجی تێکدەرانەی ژیانی کرێکاران وەک رەخنە لەسەرمایەداری .

(حاڵەتی چینی کریکار لە ئینگلتەرە) وەک دەرئەنجامی ئینگلس ئەنجامی مۆراڵی درۆ و بەهای هەڵە نەبوو، بەڵکو ئەنجامی شێوازی بەرهەمهێنان بوو کە تیایدا هەندێ دەبنە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان، بۆ هەندێکی دیکە تەنیا فروشتنی هێزی کار دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە لە کۆتایی دا وێنای بەرنامەی سیاسی و زانستی ئینگلس کرا بۆ دەیەکانی ئایندە، دوور لە جیهانی بیرورِا، بەرەو مادە !

چی دیکە هوشیاری بوون (الوجود) دەستنیشان ناکا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوون (الوجود) هوشیاری دیاری ئەکا، دوای ساڵانێک لەگەڵ مارکس دا (ئایدولوژیەتی ئەڵمانی) دەنووسن.

### ژیانێکی پارادۆکس

گۆڕانی دیالیکتیکی هیگل بۆ ماتریالیزمی مێژوویی لە زۆربەی دا پشت بەستووە بە بەرهەمە فیکرییە پێش وەختەکانی ئینگلس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەتەواوی بوونیەوە هەستی کرد بەدەستەواژەی ناوەندی هیگل لە (پارادۆکس) لە پەیوەندی گەرم و گوڕی دا لەگەڵ ئافرەتێکی کریکاری ئیرلەندی ماری بیزنر، هەستی بە شۆکی لێک چوون کرد لە نێوان ژیانی کرێکاران و کویلە .

کە لە یەکی لە کومپانیاکان، داهات وەدەست دێنێ کە یارمەتی دروست کردنی ئەم هەلومەرجەی دا، هەروا دەڵی ئەم کومپانیایە هی باوکیەتی!

وای لێهات پەیوەندی نێوان بوون و (الوجود) هوشیاری کاری سەرەکی ئینگلس و مارکس بێ بەدرێژایی مێژوو ژیانیان .

ئەوەی وا دەکا کە پەرتووکەکە شایانی خوێندنەوە بێ چونیەتی خستنە رووی هەمەجۆرو بەربڵاوی ئینگلس و چالاکییە فیکریەکانیەتی، بەشدارییەکان چەندین جار دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە فردریک ئینگلس سەربەخۆی فیکری هەبووە، کە تیئۆری دەوڵەت دارِشت، بەشێوەیەکی فراوان باسی کێشەکانی سروشت دەکا، هانی بیرکردنەوەی دا سەبارەت بە ناسیونالیزم و ئینتەرناسیولیزم .

بۆ خۆی ناوێکی دانا وەک پسپوری ستراتیژی سەربازی.

بەشداریەکانی دیکە جەختیان لەسەر ئەوە کرد، سەبارەت بە توانای هوشداری ئینگلس دەربارەی ئەمرۆ و (ئایندە) بۆ نموونە دەربارەی (زەوتکردنی ئێستای چەمکی ئازادی) یان کۆمەڵگەکانی دوای سەرمایەداری.

وەک ئاشکرایە، لەوانەیە ئەمە سروشتی شتەکان بێ، هەوڵدانی تێکرای نووسەرانی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی ڕیژەیی نەهێشتنی حوکمدانی پێش وەخت و ئەو زوڵمەی لە ئینگلس کرا لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵی دا. (هەندێ جار هەتا ئەمرۆ بەردەوامە، لەکاتی دەست بردن بۆی و باس کردنی دا) گرانی ئەم ئەرکە لەوە دایە کە (کارەکانی) ئینگلس زۆرجار بەشێوەیەکی پچڕ، پچڕ لەبەر دەست بووە، تێکەڵەیەکە لە گوتاری رۆژنامەگەری و ئەو دەستنووسانەی کە دەستی پێکردووەو هەرگیز تەواو نەکراوە، تێبینی و کوپڵەو گوتارو پێشەکی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی نۆی دەکرێتەوە، بۆ ئەو چاپە یەک لە دوای یەکانەی بەرهەمەکانی مارکس، لەڕاستی دا ژمارەیەکی کەم بەرێژە لە دەستنووسەکانی ئینگلس کرایە پەرتووک سەر بەو ڕاستیەن (ئەو پیاوەی مارکسیەتی هێنایە کایەوە) ئەمە ناونیشانی پەرتووکی ژیاننامەی ئینگلس بوو کە لەلایەن لتریستڕام هانت ەوە نووسراوە، زۆربەی کاتی لە خزمەتی کارل مارکس بەسەر بردووە لەرێگای پاڵپشتی خۆی و بنەماڵەکەی بەشێوەی دارایی، ئەم چەند ساڵە لە لایەک و لەلایەکی دیکە وەرگرتنی بەڕێوبەرایەتی میراتی مارکسی مەزن، لە نێوان کارەکانی دیکەی دەرکردنی بەرگی دووەم و سێ یەمی (پەرتووکی سەرمایە).

### شکستێکی مێژوویی جیهانی رەگەزی مێینە

هەروا کاتێ هەبوو بۆ بەرهەمە تایبەتییەکانی، ئینگلس بایەخی دا بە مەسەلەی جەندەر کە بەتەواویەتی غایب بوو، بۆ ماوەیەکی دوور لە مارکس و مارکسیەکان (بنەچەی خانەوادەو خاوەنداریەتی تایبەتی و دەوڵەت) یەکێک لەو بەرهەمانەی ئینگلس کە هەڵگری مشت ومرِە، پشت بەستووە بە زانیاری دوا گۆڕانکاریەکانی لیکۆڵینەوەی زانستی لەکاتی خۆی دا، هەستا بە دیراسەکردنی پەیوەندی خانەوادەیی- جنسی سەردەم و کۆمەڵگە جیاوازەکان.

پەیوەست بە شێوازی بەرهەمهێنانی تایبەت، هەر یەکەیان و (قوناغی گەشەکردنی) فەرهەنگی .

ئەوەی وا دەکا کە پەرتووکی کلاسیکی جێگای (مشت و مڕ بێ) سەبارەت بە تیئۆری جەندەری مارکسیزم، پەیوەستکردنی ئاشکرای ئینگلس بوو لە نێوان سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری یان سیستەمی خاوەنداریەتی نێرینە و چەوساندنەوەی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە، دابەشکردنی کار بووە هۆی کاری کرێ پێدراو و کاری ناوماڵ کە کرێی پێ نەدراوە بەپێ بۆچوونی ئینگلس دەبێتە هۆی (شکستی مێژوویی جیهانی ڕەگەزی مێینە) جێگای سەرنجە دواتر ئینگلس دەنووسی کە (دژایەتی یەکەمی چینایەتی یە لە مێژوودا) بریتی یە لە (دوژمنایەتی نێوان پیاو و ژن لە هاوسەری تاکە کەسی دا، چەوساندنەوەی یەکەمی چینایەتی ڕەگەزی مێ یینەیە لە لایەن نێرینەوە)

تیریل کارفەر کە (مامۆستای تیئۆری سیاسی یە لە زانکۆی برستولی بریتانی- وەرگێر) لە بەشدار بووانی پەرتووکەکەیە بەسوپاسەوە رەخنە دەگرێ لەو زانیارییە کە چۆن ئینگلس پەیگیری ئەم وێنە چەشنە، چەشنەیە (نمطیة) بێ بۆ هەردوو ڕەگەز بەتایبەتی بیرۆکەی (پیاو کە پیاوە).. (ژنایەتی بە تەواوەتی ئەوەیە کە لە پیاو چاوەڕوانیەتی.. پڕیەتی لە زانیاری سەبارەت بە ژنان و یاخی بوون تا ڕادەیەکی ئەنقەست لە حاڵەتی پیاواندا)

کارفەر دەڵێ (ئینگلس مارکسیزمی ژنانە، بەڵام ئافرەتانە نەبوو نە لە بەڵگەکانی نە لە کارەکانی)

دوای خوێندنەوەی پەرتووکەکە وێنەی ئەو پیاوە دەمێنێتەوە کە زۆر جار بەڵگەکانی و مامەڵەی بوون (الوجود) و هوشیاری ناکۆکە لەگەڵ یەکتر.

لە کۆتاییدا پەرتووکەکە شایانی خوێندنەوەیە لەبەر ئەوەی تیایدا روانینیکی تیژ لە ژیان و بەرهەم و کارەکانی بیرمەندیکی سەرنج ڕاکێش و جێ بایەخی جۆراوجۆر، پەرتووکێک (دەشێ چاککەرەوە بێ) کەمێک لەوەی کە مێژوو تێکی داوە.

**تێبینی: لە روژنامەی ( نویز دویچلاند ) ی ئەڵمانی لە ١١ حوزیرانی ٢٠٢٢ وەرگێڕاوە.**

***

پرسی ژن ؟



بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە. بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕووی ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# "گەندەڵی و جەندەر: دیدێك بۆ سەقامگیری سیاسی و ئابووری"

## نووسینی: لاوك سەلاح

بواری جەندەر تەنها مەسەلەیەک نییە پەیوەندی بە ماف و یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەتەوە هەبێت، یاخود لەو بوارەدا قەتیس بکرێت، هەرچەندە کرۆکی مەسەلەکە لێرەوە دەست پێدەکات، هەروەها جەندەر تەنها پرسێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو نییە، هەرچەندە ئەمەش لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم بوارەیە. جەندەر لە ڕەوتێکی "سیاق" سیاسی فراواندا، کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی بەرجەستەکردنی مافی مرۆڤ و دامەزراندنی پرۆسەیەکی پتەوی دیموکراسی لە نێو دامەزراوەکانی حکومڕانییەکی دادپەروەرانە. جەندەر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ستراتیژی لەسەر بیناکردنی پرۆسەی دیموکراسی و حکومڕانی هەیە و ئەگەر ئەو پرۆسەیە تەندروستانە دامەزرێت و باش ڕەچاو بکرێت یارمەتی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی دەدات. جەندەر بوارێکە بۆ وردکردنەوەی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی کە دواتر زەمینە خۆش دەکات بۆ هێنانەکایەی گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری، بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەی کە لە قۆناغێکی سیاسی سەختەوە دەخوازن بپەڕنەوە بۆ قۆناغێکی سیاسی سەقامگیر و هەمیشە پەرەسەندوو.

بەڵام، ئەم پرۆسەیە چۆن دەخوڵقێنرێت؟ پەیوەندی نێوان ئەو تەوەرانەی سەرەوە چۆن ڕێکدەخرێت، بە تایبەتی ئەزموونی هەر وڵاتێک و نەتەوەیەک زۆر لە یەکتر جیاوازە. ئەم نووسینە بۆ ئەو مەبەستە نووسراوە، بۆ پەرێنەوەیە لە مافە بایۆلۆژی و یەزدانییەکانی ئافرەت بۆ بەرجەستەکردنی بەشداری ئافرەت و پیاو لە کەمکردنەوەی گەندەڵی سیاسی و ئابووری. ئەم نووسینە تەنها داخوازیەکی ڕووت نییە بۆ گەڕاندنەوەی مافێک لە یەکسانی بۆ ئافرەتان، مافێکی ڕەها کە خۆیان خاوەنین، بە مانایەکی دیکە، لێرە، تەنها داکۆکی لەو مافە ڕەوایە ناکەین، بەڵکو دەمانەوێت لەوەندە زیاتر بڕوانینە مەسەلەیەک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە دامەزراندنی پرۆسەیەکی دیموکراسی و حکومڕانی دادپەروەرانە، وەک ئاماژەمان پێدا.

لە ڕاستیدا زۆر بەدەگمەن لەسەر ئەم پرسە و ئەو پەیوەندیە نووسراوە، هەمیشە لە ئەدەبیاتی سیاسی باوی ئێمەدا بە شێوازێکی ئینشائامێز باس لە ئافرەت و جەندەر و ئەو مافە سەرەتاییانە دەکرێت، بەداخەوە لە دروشمی سیاسی و بەیاننامەی پارتی سیاسی تێناپەڕێت و شۆڕنابێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی خوڵقاندن وهێنانەکایەی پرۆسەیەکی سیاسی و یاسای و ئابووری و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چالاک بدات کە هۆشمەندی سیاسی سەبارەت بە جەندەر و گەندەڵی و بەشداری ئافرەت لە حکومڕانیدا بە کۆمەڵگە ببەخشێت. لە گرفتە هەرە سەرەکییەکان، نەبوونی پرۆسەیەکەی کراوەی سیاسییە کە بەرژەوەندی ڕەوا بۆ ئافرەت بێنێتە ئاراوە بە شێوازێک کە سەربەخۆیی ئافرەت و بوونیان لە دامەزراوەکاندا بپارێزێت. لە هەمان کاتدا، داواکاری بۆ هێنانەدی ئەو مافە دوولایەنەیە، هەندێک دەڵێن پێشوەخت دەبێت ئەو مافانە لە یاساکاندا ڕەنگبداتەوە، ئێمە دەڵێین یاسا مرۆڤ دایدەڕێژێت، یاساکان ڕەنگدانەوەی هۆشمەندی سیاسی گشتی کۆمەڵگەیە، نەوەک پێویست بە دارشتن دەکات بەڵکو دەبێت توانایەکی سیاسی و یاسایی شیاو هەبێت تاوەکو بپارێزێت و گەشەیان پێبدا، دیسانەوە چۆن؟ دواتر هەندێ پێشنیار دەکەین.

سەبارەت بە گەندەڵی، بەرجەستەکردنی بنەما سەرەکییەکانی جەندەر یارمەتی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی دەدات. پەیرەوکردن و پابەندبوون بەو بنەمایانە، ئاماژەیەکی پتەوە بۆ بوونی ئیدارە و سیاسەت و ستراتیژیەتێکی هاوسەنگ لە حکومڕانیدا. لە ڕاستیدا کارێکی لەو جۆرە دەستبەجێ دەبێتە هۆی گەڕانەوەی متمانەی سیاسی لەهەموو سەکتەرەکاندا. ئەمەشیان چۆن؟

بۆ هێنانەدی ئەو مەبەست و ئامانجانەی سەرەوە ئەم بەرنامەیەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

**کارکردن لەسەر ئەم ئاستانەی خوارەوە:**

1. پەرەپێدانی ئاستە پیشەی و تەکنیکییەکانی ئافرەتان، بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ئامادەکردنیان بۆ بیناکردنی ئەو پرۆسە هەمەلایەنەی باسمان لێوەکرد، لە پرۆسەی بیناکردنی تواناسازی لە بواری جەندەردا، ئەگەر هەبێت، دەبێت پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم بوارە دابین بکرێت ئەوەیش بە بەراوردکردنی بنەما سەرەکییەکانی بواری جەندەر و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ پێداوسیتییە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمهێنانی خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ئەو ڕەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە پرۆژەکانی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، بەمانایەکی سادەتر، دەبێت هەر زوو بزانرێت چی لە کوێدا دەکرێت؟ بۆ نموونە، لە ئێستادا بوونی ڕێژەی کۆتا بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین ئافرەت مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا پارێزراوە، بەڵکو دەبێت کار لەسەر هاندانی باشترکردنی کواڵیتی و ئاستی ئەدای ئافرەت بکرێت. کۆتا هەندێ جار، ئافرەت سارد دەکاتەوە لەوەی کار لەسەر خۆی بکات، دەبێت پرۆسەیەک لە جۆری پێشبرکێ لە ئارادا بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی باشترین و شیاوترین کەس نوێنەرایەتی ئەم بوارە دەکات. پێگە و خاڵی دەستپێکردن لە حکومەتدا وەزارەتی پلاندانانە، لە پەرلەماندا لیژنە یاساییەکان و نوێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیین کە گرنگە کارابن، لە نێو ڕێکخراوەکانی ئافرەتاندا، پێداچوونەوەیەک بە شێوازی نوێنەرایەتیکردن و هەیکەلی سیاسی و ڕێکخراوەیدا بچنەوە. خاڵێکی گرنگی پەیوەندیدار بەو پرۆسەیە ئەوەیە کە دەبێت کە میکانیزمێک بێتە ئاراوە کە دڵنیابێت هەر مەعریفەیەکی سیاسی و پیشەیی و تەکنیکی دەرژێتە دامەزراوەکان و شوێنەکانی کارکردنەوە، بە مانایەکی دیکە، وەک هەر پرۆژەیەکی دیکەی تواناسازی دەبێت پرۆسەکە سووڕی ژیانی پڕ بەرهەمی هەبێت.

2. بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، پێوستە کار بۆ دامەزراندنی ژینگەیەکی سیاسی تەندروست بکرێت و هاندەری ئینتمای سیاسی و ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی بدات، ئەمەش بەشێکە لەو زەمینە گرنگەی کە هەر حکومڕانییەکی دادپەروەرانە دەیخوازێت. لە ڕاستیدا، مەرج نییە هەموو فاکتەرەکانی ئەو گەشەسەندنە سیاسییە و ئابوورییە لە ئارادا بێت، بەڵام مەرجە ئیرادەی سیاسی و پلانی ڕاستەقینە لە ئارادا بێت کە کار بەو ئاراستەیەدا بکات. ژینگەی سیاسی تەندروست لەلایەکەوە بەرژوەندی سیاسی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەهەند وەردەگرێت و چوارچێوەیەکی ستراتیژیەتی بۆ یاساکان و ڕێنماییەکان دادەمەزرێنێت کە پانتایی بۆ کاری سیاسی گروپە سیاسییەکان دابین دەکات، و لە لایەکی دیکەوە دڵنیایی دەبەخشێت کە هیچ گروپێکی سیاسی پێشێلی ئەو پانتاییە گشتییە ناکات بۆ ئەجندای بەرتەسک. پانتایی گشتی هی هەمووانە، هەموو بەشیان تێدایە بەڵام مۆنۆپۆلکردنی دەبێتە شێواندنی ئەو پانتاییە سیاسییە و دواجار ڕێکخستنی پەیوەندی نێو کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە کە جەندەر لە بەشە زیندووەکەیەتی شکست دەهێنێت. لێرەوە پێویستە جۆرێک لە مەنهەج پەیرەو بکرێت کە فرەلایەنە و ئاوێزانی هەموو تواناکانە، ئەوەی کە بە Comprehensive and Integrated Approach ناسراوە.

3. بیناکردنی پرۆسەیەکی هۆشداری و هۆشمەندی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەم متمانەی ڕێکخراوەی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان زیاد دەکات، هەم متمانە دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەوەی کە حکومەت ئەرکیان پێدەسپێرێت و وێنای ڕێکخراوەکان و مانا و بەهای سیاسییەکان وەک ئەرکی هاوبەش دەچەسپێنێت، نەوەک وەک هێزی نەیار و دژ. کێ ئەم کارە بکات؟ فەرمانگەی ڕێکخراوەکان ئەرک و کارەکانی فراوان بکات و زیاتر ڕۆڵی هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان بدات و تێگەیشتنێکی نوێ بەو ڕۆڵە بدات. لەم نێوەدا، لە نوێکردنەوەی کارو پەیامی فەرمانگەکە، جەندەر نەوەک هەر ببێتە کرۆکی کاری ڕێکخراوەکە، بەڵکو ببێتە پەیامبەری ئەو پەیامە بۆ ناو دامەزراوەکان و لەوێشەوە بۆ ناو کۆمەڵگە.

4. ئەرکێک بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان: لە بەراوردێکی ساکاردا لە نێوان کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و ئەوانی خۆماندا لە ڕۆژهەڵات، داکۆکیکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان زۆر کەمتر لەسەر بوونی بایۆلۆژییانە، یاخود بوونیان لە کاردا، ئەگەر ئەوەش بێت، بای ئەوەندە یاسا هەیە کە هانای بۆ بەرن و داوای مافی خۆیان بکەن، بۆ نموونە، ئافرەت لە دامەزراوەکاندا داکۆکی دەکەن بۆ هێنانەدی یەکسانی لە نێوان مووچەی ئافرەت و پیاو، یاخود لە کۆمەڵگەکدا، لۆبی سیاسی دەکەن کە مافی ڕەهایان هەبێت بۆ لە باربردنی منداڵ، لەوێ تواناکانی ئافرەت دانپێدراوە، بەڵام کێشەی زاراوە و چەمکی جەندەر لای ئێمە سەرباری ئەو کێشانەی سەرەوە، پەیوەندی بە بوون و وجود و ئەوەی پێی دەوترێت "کەینونە"ی ئافرەتەوە هەیە، لەم کۆمەڵگەیانەدا، هێشتا ململانێکان بۆ ئەوەیە کە بەرجەستەی مافە بایۆلۆژییەکان بکرێت. پێ بەپێی ئەمەش، نەبوونی ئەو "وجود"ە کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی و پەرەسەندی ئابووری و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هەیە. دەکرێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ڕەهەندێکی فراوانتر ببەخشنە کارەکانیان بەوەی ڕەوایەتی ماف لە ڕەوایەتی کار و توانا و بەهای بوونەوە بەرجەستە بکەن. لێرەوە جۆرێکی نوێ و ئاراستەیەکی دیکە لە تێگەیشتن و تێڕوانین دێتە ئاراوە کە ئەرک بەهای زیاتر بە بوونی خۆرسک دەدات، هیوادارم ڕێکخراوەکانی ئافرەتان زیاتر کار لەسەر ئەم خاڵە بکەن. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە لە پانتایی کاری گشتیدا کاریان کردووە، ئەوانەن کە لە پارتی سیاسیدا بوون، زۆر جار، بەداخەوە بوونەتە قوربانی هەڵە سیاسییەکان، لە کاتێکدا، ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن توانایی پیشەیی و ئیداریی و تەنانەت بڕیاردانیان زیاترە لەبەرئەوەی سەربەخۆیی کەسایەتیان زیاترە.

پوختەی قسە: ڕۆڵی جەندەر لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆنترۆلکردنی گەندەڵی زیندوو و ستراتیژییە، بەشێکە لە بیناکردنی پرۆسەیەک بۆ بیناکردنی کۆمەڵگە لە پاش جەنگ تاوەکو شتەکان بچنەوە شوێنی خۆیان. ئەم کارە پێویستی بە پیادەکردنی ئەو مەنهەجە فراوانە هەیە کە باسمان لێوە کرد. لە ئێستادا و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، گرفتەکان لەبەرئەوەی بە دیدێکی لۆکەڵیەوە تەماشایان دەکرێن بوونەتە گرێ کوێرە، ڕەنگە پیادەکردنی ئەو بەرنامەیە بۆمان دوور بێت، بەڵام سبەی هەر دێت و سبەی هەرگیز دوور نییە.

***

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەدەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**


## لێرە بەتەنیشت خۆمەوە ڕاکشاوم



لێرەم بەتەنیشت خۆمەوە
دەستم لەملی خۆمدایەو باوێشك
ئەدەم
زووزوو دڵم ئەکەوێتە خوارەوەو
ئەیخەمەوە شوێنی خۆی
لەتەماشابونی کاتژمێری سەر دیوارە
سپیەکە بێتاقەتبووم
حەزناکەم تێڤێکە داگیرسێنم
لەهەواڵی کەوتنە خوارەوەی
مرۆڤەکان سەرم گێژ دەخوات
هاوار هاوارێکی سەیرەو لێی تێناگەم
چاوی ڕاستم خوێنی لێ ئەتکێت و
لێی تێناگەم
ئەزانم چاك ئەزانم، هەزارەها جۆر گەمە
هەیە
گەمەی تەنیایی گەمەی ڕۆشتن و
نەگەڕانەوە
گەمەی مردن و پێکەنین
گەمەی وەستانی دڵی پەڕەسێلکەیەکی
سپی لەکاتی فڕیندا
لەتەنیشت خۆمەوەم و سەرم بۆ
ڕاناگیرێت
توشی دڵەڕاوکێیەکی خراپ بووم
ونبونێکی سەیر خۆمم لێ وونبووە
یەك کۆڵانی گەڕەکە کۆنەکەمانم
بۆنادۆزرێتەوە
نازانم ئێستا چ ڕۆژێکەو چ مانگێکەو چ
ساڵێکە
زۆر خراپ سەرەو ژێربوم
زۆر خراپ هەناسە ئەدەم
بۆنی هیچ عەترێکم بۆناکرێت
یەك مۆمم بۆداناگیرسێت
یەك ئینجانەم بۆئاو نادرێت
لەبەر پەنجەرەکەدام و بۆڕوناکی
ئەگەڕێم
بێکراسم و قۆپچەکانی هەناسەم
دادەخەم
لێرەم و بەتەنیشت خۆمەوە
ڕاکشاوم
سەری بام گرتۆتە باوەشم و
دەستەکانم لەبەر باران داناوە
شتێکم بۆناخوێنرێتەوە
یەك حەرفی کوژراوی مناڵی خۆمم
بۆهەڵناگیرێتەوە
زۆرخراپ سەرەو ژێربوم
زۆر خراپ (هیچ هیچ ناڵێم)

**میرزا**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




# ناسینەوەی ڕووخساری شەم و سووتانی پەروانەی ڕۆح

### شرۆڤەی/ جەمال نوری

دەقە شیعری زیز یەکێکە لەو پۆستەرە شیعرانەی برای شاعیرم، عومەر عبدالكريم ناسراو بە (کەسان)، کەسان ، یەکێکە لە دەنگە شیعرانەی ساڵەکانی کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، خاوەن و دەنگ و زمان و تایبەتمەندێتی خۆیەتی لە دەقە شیعرەکانیدا، بەجۆرێک دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی وشەو ناوی نوێ کە لەیەک کاتدا وشەکە دوو ماناو مەدلولی لەخۆدا هەڵگرتوە، هەڵبەت بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی ئەو وشەو ناوانە زۆربەی ناوچە و گوندو دێهاتە دووردەستەکان گەڕاوە بۆ ئاشنابوون بەو ناوە نوێیانە، بەمەش توانیوێتی زمان و ئەدەبی گەلەکەمان هێندەی تر دەوڵەمەند بکات.

کەسانی شاعیر، یەکێکە لەو شاعیرانەی لەو حەقیقەتە تێگەیشتوە بۆئەوەی مرۆڤ ببێتە شاعیرێکی سەرکەوتوو پێویستی بە زمانێکی دەوڵەمەندی دایکە، کەپێی بنووسێ.

چۆن کەرەسەی شاعیر بریتیە لە وشەو زاراوەو فەرهەنگ و زمان، لەپاڵ ئەمانەشدا خەون و دنیابینی تایبەت بەخۆی و فراوانی لەناو ئەتمۆسفیری خەیاڵدا، هەموو ئەمانە لەناو تێکستەکانی کەسان حزوریان هەیە کاتێک بەر دەقێکی دەکەوی، کەسان دیدو ڕوئیای بۆچەمک و ماناو بوونی سروشت و ژیان ڕامانێکی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێک دەستەواژەی خەم لەدەقێکدا بەکار دەهێنێ، وەک مەدلولێکی غەم و پەژارە بەتەنها سەیری ناکات، بەڵکو تەواو بوعدێکی قوڵتری هەیە بۆ تێگەیشتنی لەخەم، بەمانایەکی تر کەسان کاتێک ئاماژە بە خەم دەکات، تەنها لەمانا ئەبستراکتەی دێتە دەرەوەو وەک کەسێکی نزیک بەژیان و بوونی لێی ڕادەمێنێ، نەک هەر بەتەنها لەڕووە مەعنەوی و سیاکۆلۆجیەکەیەوە لێی بڕوانێ.



وەک لێرەدا پێمان دەڵێ :–

پێ دەچێ تۆش گەواڵە
هەورێکی خەم بیت
لەهەوارم لەنگەر بگری و
خەمبارانی ڕۆحم بکەی

واتە کەسان بەر ئەویدەکەوێ و لەگەڵ خۆیدا بەناو چیرۆک و بیرەوەری ویادگاریە تاڵەکانی دەیباتەوە، کە کەسی دووەم لەناو ئەو ئەتمۆسفیری خەمو پەژارەیەدا نوقم بووەو بەسیماو ڕووخساریەوە دیارە، ڕاستەخۆ کەسان هەستی بە ترسی کاریگەری نەرێنی ئەم خەمە بگوازرێتەوە بۆ ئەمیش، چون بەڕەوکەش و هەوای هەواری کەسان بەڕێوەیەو بەنیازە بنەو بارگەی لەلای کەسان یش هەڵبدات، چون گەواڵەی هەوری ئەو خەمە ..هێدی هێدی دایکردەوەو بۆ لای هەواری کەسانی دەبات، بەڵێ هەر ئاوهاش دەردەچێ یەکپارچە ڕۆحی کەسانی شاعیر داگیردەکات و، هەروەک شاعیر ئەم دەستەواژەیەی جوان بەکارهێناوە کە پێموابێ مۆری کەسانی پێوەیە کاتێک دەڵێ(( خەمبارانی ڕۆحم)) بکەی...؟

ئەم دەستەواژە ناوازەیە (خەمبارنی ڕۆح) ، لەکاتێکدا لەم دەستەواژانە وردبینەوە هەست دەکەی کەسان لەفورمێکی نوێدا ئەم دژە ناو و پاردۆکسەی لەماناو بوونی وشەو ناوەکاندا بەشێوەیەکی ئێستاتیکی دارشتووە، وەک پەیوەندی نێوان (هەوری خەم و خەمباران) لەنێوان ئەم دوو دەستەواژەو ناوانەدا دەبینین کاتێ وشەی (هەوری خەم) لەڕستەی شیعرەکەدا دەبینین لە نیهادی ڕستە شیعرەکەدا دەڵێ (خەمبارانی ڕۆح) واتە زۆر بەجوانی لەنێوان ئەو وشانەدا پەیوەندیەکی ئۆرگانی هەیە لەنێوانیاندا.

لە بەیتێکی تریدا کەسان دەنوسێ و دەڵێ بە کەسی دووەم، واتە ئەو کەسەی بەری دەکەوێ و هەڵگری زادەی خەمە، شاعیر موخاتەبەی دەکات و دەڵێ..

خۆ من هێشتا خەمی پێشووم
سارێژ نەبوو
تاخەمی تۆش
لەبان خەمێکی تر بگرم

کەسانی شاعیر بەجۆرێک دەستەو پەنجەی لەگەڵ خەم و پەژارەدا نەرم کردوە، وەک بڵێی خەم سەر بەئێڵی کەسان بێ و لەدوورەوە هەست بە بوون و حزووری بکات، دەنا لەخۆڕا نییە پێی دەڵێ خۆ هێشتا خەمی پێشووم لەکوڵ نەبۆتەو، وا ئەم خەمەی تۆشی هاتەسەر، وەک ئەوەی لە جامخانەیەکدا ڕۆژانە خەم لەسەریەک هەڵبچنێ و لەناو وردبنەوەدا، نوقمی خەمی بکات...

کەسان لە نیوەی دەقە شیعرەکەیدا تەواوی خوێنەری بەرەولای خەم بردوەو دەیەوێ بیناسێنێ بەخوێنەر، تا نیوەی دەقەکەشی هەر موخاتەبەی خەم بەکەسی دووەمی تاک مەزەندە کردوە، بەڵام کاتێک بەر نیوەی دەقەکەی کۆتایی دەکەوی، ئینجا خوێنەر تێ دەگات کە ئەوکەسی دووەمی تاکەی کەسان موخاتەبەی بە خەمی پێدەکات، ئەوا دڵی پێی دەڵێ ئەمەش کەهاتووە بۆلای خەمبارانی کردوە...

خودی خەم خۆیی نییە، بەڵکو ئەوە (شەمە) و تەنها نەختێک ڕووخساری گۆڕاوە، واتە جارێکی تر کەسان دەمانباتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیەی نێوان (شەم و پەروانە ) ئەم پارادۆکسەبەشێوەیەک لەنێوان بوونی وشەو دەستەواژەکاندا بەردەوام خۆیان تەوزیف دەکەنەوە، نێوانی (شەم و پەروانە)، (ئەشق و سووتانە). کاتێک کەسان بەرەو ڕووی کەسی دووەمی

بۆ لاپەڕە 15

# وڵاتی کوێران



نووسینی: شەماڵ بارەوانی

**وڵاتی کوێران/**

ڕۆمانێکی قەبارە بچووکی(٣٠) لاپەڕەیی و ناوازەو جیاوازی (هێربرت جۆن ویڵز-٢٢ی سێپتەمبەر ١٨٦٦ - ١٣ ئۆگۆستۆسی ١٩٤٦) .)نووسەرو ڕۆمان نووسی بە ڕەگەز بەریتانییە.

**وڵاتی کوێران..**

ڕۆمانێکی ڕەمزییە و هێمایە بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، ئاماژەیە بۆ کوێربوونی ئەقڵ و کۆربوونەوەی ویژدان و داتەپینی مرۆڤ بوونی مرۆڤ و بۆگەنبوونی دەروونی تاکەکان لە ئاست نەبینینی ڕاستیەکان و حەقیقەت و ماهیەتی دیاردە و شتەکان وەک خۆیان.

نووسەر لەو شاکارە بە قەبارە بچووک، وەلێ بە پەیام و ناوەڕۆک مەزنەدا، باس لە جەهالەت و نەزانی دەکات، لە جەهلی فیکری و لە بڵاوبوونەوەی پەتای ئەو جەهلە دەدوێت کە لەنێو کۆمەڵدا تەشەنە دەسەنێت.

ئەو جەهلەی دەروونەکان دادەڕزێنێت و ئاوەزەکان دەشێوێنێت و مرۆڤەکان دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی دەستەمۆکرا و ترسێندراو قێزراو.

**وڵاتی کوێران..**

لە جۆرێک لە کوێری و کوێرەوەیەک دەدوێت، کوێرەوەری و کوێرییەک وەک نەخۆشیەکی کوشندە و ڤایرۆسێکی ترسناک بڵاوبووەتەوە لە ناو کۆمەڵداو بۆ ماوەی پانزە سەدە و بە درێژایی ژیانی پانزە نەوە بێ برانەوە، نەوە بۆ نەوە، وەک میرات لە باوانیانەوە بۆ دوای خۆیان دەیگوازنەوە، کوێریەک گلۆپی ئەقڵ و هۆش دەکوژێنێتەوە و ویژدان دەکوژێت و چاوی دەروون و هێزی درککردن خەفە و کپ دەکات.

ئەوە چ کوێریەکی ترسناک و تراژیدیکە هێربرت لێی دەدوێت..!؟

کوێرییەک هەموان بێ جیاوازی وەک وە پەتایەکی ترسناک تووشی دەبن و دەبن بە هەڵگری ئەو جۆرە ڤایرۆس و نەخۆشیە، نەخۆشی نەبینینی حەقیقەتەکان و شتەکان وەکو خۆی. نەخۆشی نەخوێندنەوەی بەرامبەر و ئەویتر، نەخۆشی شوێنکەوتەی کوێرانەی بیروباوەڕ و ئەقیدەو ئایدیۆلۆژیاکان. نەخۆشی ئەو پەندەی دەڵێت" کە چوویە وڵاتی کوێران دەست بنێ بان چاوەکانتەوە".

وڵاتێک هێشتا لە دایک نەبوویتی، ئایین، ئایدیۆلۆژیا و مەزهەب و هەموو شتێکیان بۆ ئامادەکردوویت، وڵاتێک بۆ ئەوەی سەلامەت بژیت، دەبێت دەست بەرداری هەموو خەون و خولیا و خۆزگەو ئاواتەکانت ببیت و دەست بنێیتە بان سەرتەوە، تاوەکو کڵاوەکەت با نەیبات، وڵاتێک بۆ ئەوەی بژیت، نابێت جیاواز بیربکەیتەوە و جیاواز بپۆشیت و جیاواز بخۆیت و جیاواز ڕێ بکەیت و جیاواز ببینیت.

وڵاتێک نابێت تۆ تێیدا دژە باو پێچەوانەی بیرکردنەوەی باو بیت، نابێت پێشێلی بنەماکانی کۆمەڵی کوێرایی بکەیت و لە یاساکانی مێگەڵ لابدەیت، دەبێت کورد و تەنی:( تەبای عامێ، بچیتە شامێ).

وڵاتێک دەبێت تۆ وەکو کوێرێک سوێندی یاسایی و کوێرانە بخۆیت و کوێرانەو بێ سێ و دوو لام و جیم و هیچ موناقەشە و قسە لەسەرکردنێک، شوێن بتەکانی کۆمەڵی کوێران بکەویت، ئەو بتە دەستکردانەی لە ژێر ناوی جیاو بە بە پاساوی کوێرانە و نامرۆڤانە و نالۆژیکانەی جیاجیا، لە دژی ئازادیەکانی تاک و لە بەردەم خواستەکانی مرۆڤە چاوساغەکان لە کۆمەڵدا ڕۆنراون و قوتکراونەتەوە و پیرۆزیان پێ بەخشراوە و هەموو مرۆڤێکی چاو ساغ ناچار دەکرێت، سوێندیان پێ بخوات و بەڵێنی دڵسۆزییان بۆ دووپاتبکاتەوە و کڕنۆشی سەرشۆڕی و زەلیلیان بۆ بەرێت.

**وڵاتی کوێران..**

وڵاتێک بۆ ئەوەی جێگات تێیدا ببێتەوە نابێت ڕەخنەبگریت و قسە بکەیت و نقەت لێووەبێت. وڵاتێک بە کورتیەکەی بۆ ئەوەی ڕێگەی مانەوەت پێ بدرێت، دەبێت چاوەکانت کوێرکەیت و بە کوێری بژیت، وڵاتێک سەراپای کوێر و نابینا، مەرجی مانەوە لەو کوێرستانە، لەو هەسارە سەیرو سەمەرەیە، لەو دوورگە دابڕاو داخراوەیە، لەو نەفەق و سەردابەتاریکەیە، ئەوەیە تۆ وەک مرۆڤێک چیتر نابێت خاوەنی بینایی بیت!

**لە وڵاتی کوێراندا:**

تۆ هەرگیز، نابیت بە کەسێکی ژیر وناگەیت بە پلەی کەمال تاکوێر نەبیت. چاوساغەکان لە ڕوانینی دانیشتوانی ئەو وڵاتە کوێرە و نیشتمانی کوێرستانە، ناتەوا و پێنەگەیشتوون، هەڵگری نەخۆشی بینینن، ئەوان جۆرە ئەندامێکی زیاد و بێ ماناو ترسناک لەسەریاندایە (چاوەکانیان)، بۆیە دەبێت ئەو ئەعزایە (چاوەکانیان)، کە لەدیدەنیگای ئەو شارە هۆکارە بۆ تێکدانی مێشک و تێنەگەیشتن و دواکەوتن، دەربهێندرێت.

**وڵاتی کوێران..**

ڕۆمانێک جیاواز و چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لەو کۆچبەرانە دەکات کە لە پیرۆ لە ترسی ستەم و چەوسانەوەی ئیسپانیەکان کاتی خۆی ڕایانکردووە و لەو شوێنە (زنجیرە چیاکانی ئەندیز- لە ئیکوادۆر) نیشتەجێ بوونە، وەلێ دواتر بەهۆی بوومەلەرزەو لافاو ڕووداوە سروشتیەکان و دارمان و کەوتنەخوارەوەی بەردی گەورە لە دەورو بەری ئەو شوێنەدا،

ئەوان ئیدی بە تەواوی لە نێوان چیاکاندا گیردەخۆن و لە جیهان و دەوروبەر دادەبڕێن و لە گۆشەگیری و لەو شوێنەداخراوەدا دەژین و چیتر هیچ کۆنتاک و ڕایەڵەکیان لە گەڵ دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیاندا نامێنت.

ئەوان دواتر جۆرێک لە نەخۆشی کوێری لە ناویاندا بڵاودەبێتەوە و موددەتێکی زۆر (پانزە سەدە) بەو شێوەیە بە کوێری دەمێننەوەو کوێری دەبێت بە مۆد و مەرج و سیمای ئەو شارە نامۆو سەیرە، ئیدی خو بە کوێرییەوە دەگرن و کوێری دەبێت بە نەریت و کلتوور و یاسا و ئەوان بەوچەشنە لێڕادێن بە کوێری بژین و تەنها دەتوانن لە ڕێگەی هەستەکانی بۆنکردن و دەست لێدان و بیستن و تام کردنەوە، شتەکان لە یەکتری جیابکەنەوە و بناسنەوە.

بەوچەشنە ئیدی بە تەواوی ئەو شتە لە بیردەکەن کە پێی دەڵێن چاو!

ئیدی لە فەرهەنگی ئەماندا شتێک نامێنێت بە ناوی بینین و ئەوان چدیکە پێویستیان بەو ئەندامە(چاو) بێ ماناو گاڵتەجاڕ و زیادە نابێت، بەڵکوو ئەوان چاوەکان و بینین بە هۆکاری دەردیسەری و نەهامەتی و نەخۆشیەکی کوشندە دەزانن.

نۆنیز. پاڵەوانی چیرۆکەکە شاخەوانێکە و لە گەشت و گەڕانێکی زانستی و شاخەوانیدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی گەشتی کێوێکی نزیک ئەو مەملەکەتەغەریب و عەجیبە دەکەن و دواتر ئەو لە هاوڕێکانی دادەبڕێت و وندەبێت و ڕێی دەکەوێتە ئەو شوێنە و کاتێک دەبینێت دانیشوانەکەی هەمووی کوێرن شۆک دەبێت.

ئەو تێکەڵیان دەبێت و دەیەوێت باسی گرنگی بینن و نیعمەتەکانی چاو سودەکانی ڕۆشناییان بۆ بکات و بڕواو قەناعەتیان لا درووست بکات کە ئەوان کوێرن و هیچ نابینن، وەلێ ئەوان هیچ گوێ بۆ قسەکانی ناگرن و بگرە بەشێت و کەم ئەقڵیشی دەزانن.

نۆنیز دوای ئەوە هەوڵدەدات ڕابکات و مەملەکەت و وڵاتی کوێران جێ بهێڵێت، وەلێ هەوڵەکەی شکست دێنێت و سەرکەوتوو نابێت و لە ژێر دەستیان قوتاری نابێت.

ئەوان دوای ئەوە دارکاری دەکەن و سزای دەدەن بە ئەنجامدانی هەندێک کارو پاشان وەک تاکێک لە خۆیان قبوڵی دەکەن و ڕێزی دەگرن و لە گەڵیدا ڕفتار باش دەبن.

نۆنیز دواتر ئاشقی کچێک (میدینا-ساروتا) ی ئەو وڵاتەی کوێران دەبێت. بەڵام ئەوان مەرجی بۆ دادەنێن بۆ ڕازیبوون و ڕەزامەندی پیشاندان بۆ پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچەی دڵی بۆی لێدەدات،

مەرجەکەشیان ئەوەیە کە نۆنیز چاوەکانی هەڵقەنێت، تاوەکو وەک دانیشتوانی ئەو شوێنە کەسێکی ئاسایی و شێوە سروشتی بێت، لەو کۆمەڵەیەی کە کوێری بنەمای ژیان و مەرجی هاوڵاتییەکی تەواو کەسێکی پێگەیشت و کامل و مایەی قبوڵکردنە.

نۆنیز سەرەتا ڕەتی دەکاتەوە و بەو مەرجە ڕازی نابێت، وەلێ دواتر دەچێتە ژێرباری مەرجەکە و لەسەر داوای کچەکە مادام خۆشی دەوێت، دەبێت قوربانیش لە پێناو خۆشەویستیەکەی و خۆشەویستەکەی بدات، ڕۆژێک پێش پرۆسەی چاودەرهێنانەکە، نۆنیز دەڕواتە دەرەوە تاوەکو بۆ کۆتا جار تێر تێر سەیری دیمەنی سروشت بکات و لە جیهانی دەوروبەر ڕابمێنێت، لەو کاتەدا هەست بەوەدەکات کە ئەو بەو بڕیاری چاوکوێرکردنەی تاوان دەکات لە بارەی خۆی و چۆن دەتوانێت کارێکی وا سەرشێتانە و بڕیارێکی لەو شێوەیە گەمژانە بدات و نەشتەرگەری چاودەرهێنان و کوێری ئەنجام بدات و قوربانی بە چاوەکانی خۆی بدات و بینایی لە دەست بدات و ببێت بە کەسێکی نابیناو بە دەستەکانی خۆی قوڕ بۆخۆی بگرێتەوە و چاڵی کوێری بۆخۆی هەڵقەنێت!؟

بەو شێوەیە دواجار لە بڕیارەکەی پەشیمان دەبێتەوە و بڕیاری ڕاکردن دەدات و بەسەر کێوەکە دا هەڵدەگەڕێت و لەو ناوە دوور دەکەوێتەوە.

ماوەتەبڵێم

**لە وڵاتی کوێران..**

کوێری لێرە کوێریەکی مەجازیە، ئەو پەردە تاریکەیە کە بەسەر باڵی ڕوانین و چاوی ئەقڵ و پەنجەرەی ویژدان دادراوە و لێناگەڕێت مرۆڤ، ڕاستیەکان و ماهیەتی شتەکان وەک خۆیان ببینیت. کوێری لێرە، کوێری ئەشکەوتی دۆگما و تێشگەتیشتنە ڕوکەشگەراو سنووردارو ماوە بەسەرچووەکانە... کوێری باوەڕنەبوون بە ڕێژەیی بوون و لاف لێدانی مۆنۆپۆڵکردنی هەمووحەقیقەتەکان و موتڵەقگەراییە. کوێری دەقگرتنە بە کۆمەڵێ دەقی سەدەکانی ناوەڕاست و نەخوێندنەوەی ئەویتر و حیساب نەکردنە بۆ ئێستا.

کوێری بە بەستەڵەکبوونی ئەقڵە و کوێر هەموو ئەوانەن کە دوژمنی گومانن و لە پرسیار دەترسن و بە ڕەخنە سەر و دڵیان دەگیرێت و و بەرگەی دیدی جیاواز و جیاوازیەکان ناگرن و ناتوانن بە دیالۆک و لە ڕێگای لۆژیک خۆیان بسەلمێنن و قبوڵناکەن بیروباوەڕو دۆگماکەیان بە فلتەری ئەقڵ و بێژینگی زانست و بۆتەی ڕەخنەدا ببرێت، کەچی بانگەشەی ڕەهایی بوون و ڕاستی بوون و پیرۆزی بوونیش دەکەن!

کوێر ئەو کەسەیە لەناو تونێلی داب و نەریتێکی کۆنی بەر لە سەدان ساڵ و هەزاران ساڵە گیری خواردووە و نەتوانێت لە داوی کوێرایی نەریتگەرایی ڕزگاری بێت و بێتە دەر.

کوێرەکان هەموو ئەو کەسانەن کە لە ڕوانگەیەکی تەسک و لە چاڵێکی داخراوی بینین و دیدەنیگایەکی تاک ڕەهەندانە و تاک لایەنانە ژیان و شتەکان دەبینن و بڕیاریان لە سەر دەدەن.


کوێر ئەوانەن کە لە زۆنگاوی نەزانی و جۆگەڵەی جەهلدا چەقیون و ناتوانن چاوەکانیان بکەنەوەو دوو بست ئەولاتری لوت بەرزی خۆیان و تێڕوانینە جیاوازەکان ببین و قبوڵی جیاوازیەکان بکەن و ڕێز لەپرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و چەمکی تۆلەرانس و پلۆرالیەت و فرەیی بگرن.

کوێر ئەوانەن بە سەرخۆیان داخراون و ناتوانن و بە ڕووی سەردەمی جیهانگیری و دنیای مۆدێرنێتە و دەرەوەدا بکرێنەوە و لە ناو چوار دیواری ئەو زیندانیە فیکری و دەروونیەی ڕابردوودا بێنەدەر و ئەوانیتر ببینن.

کوێر ئەوانەن کە مۆرانەی ڕەگەزپەرستی و ڕاسیزم بوون و دەمارگیری و ڕق داویەتی لە مێشک و هزر و هۆش و سایکۆلۆجیەتیان و تێک و پێکی شکاندوون و نەخۆشی خستوون و ناتوانن بە چاوێکی مرۆڤانە و لە ڕوانگەیەکی هیۆمانیستانەوە لەمرۆڤەکان بڕوانن.

کوێر هەموو ئەوانەن کەناتوانن دوو بست ئەولاتری لوتی تێڕوانینی خۆیان ببینن. کوێر هەموو ئەوانەن کە خۆیان بە کۆتا حەقیقەت و دوایین تەفسیر و یەقینێکی سەرو گومان و ڕاستیەکی ڕەهاو گەلی هەلبژێردراو فیرقەی ناجیە و دۆستی خواوەندو بە هەشتی دادەنێن و هەموو ئەوانەیش کە سەر بە گرووپە دۆگمایی و ئایدیۆلۆجیەکەو تائیفەکەی ئەوان نین بە دۆزەخی و دووژمنی خواو سەر لێ شێواو!

*****



# بۆچی خۆپیشاندان و نارەزاییەتیەکان بە ئەنجامێکی دڵخواز ناگەن؟

## نووسینی: عوسمان محەمەد

بەدەگمەن ئەبینی کە چەند کەسێک لایەنگری لە دەسەڵاتی کوردی بکەن، مەگەر کەسانێک کە لە باری مادی و مەعنەوییەوە سودێکی زۆری لە دەسەڵاتداران کردبێ، ئەگینا زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان نەک بە تەنها بێزارن، بەڵکو نەفرەت لەو ڕۆژەش ئەکەن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لایەنگری ئەم دەسەڵاتە بونە.

تورەی خەڵک گەیشتۆتە ئەوەی کە لە شەقام و لەبازاڕو لە شوێنە گشتیەکان و لە ڕۆژنامەو تیڤیەکانەوە بەئاشکرا جنێوی زۆر بازاڕی بەسەرانی ئەم دەسەڵاتە بدەن، ئاخر دەسەڵاتی کە لەسەدا نەوەد و هەشتی خەڵکی کوردستان بەدز و جەردەو گەندەڵ و تیرۆرستی بزانن، چۆن پێی شەرم نییە و درێژە بەدەسەڵات ئەدات، لە کاتێکدا لە هەرچی بوارەکانی ژیاندا هەیە تووشی ئەزمەی خنکێنەر هاتبێ، هیچ چارەسەرێکی ئیداری و سیاسی بۆ یەکێ لەو مەیدانانە نابێ.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد گێژاوێکی وای بۆ خەڵک دروست کردووە لەباری ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤەکانی نیو ئیفلیج کردووە، کار گەیشتۆتە ئەوەی یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دان بەوەدا بنێ کە لە سەرتاسەری کوردستان (١٠) کەس شک نابەن کە یەکێتی و پارتی خۆشبوێ، چونکە لەماوەی (٣١)ساڵی ڕابردوودا ئەوەی نەشێ بە خەڵکیان کرد.

کردەوە دژە ئینسانیەکانیان لە ژماردن نایەت، زۆرێک لەخەڵکی کوردستان بەداخەوە ئاوات بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی صدام ئەخوازێ.

کاتێ کە ئەم دەسەڵاتە ئەم هەموو کارەساتەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناوە ئەی چۆن خەڵک دەست ناداتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و بۆ یەکجاری ڕایانبماڵێ و دەسەڵاتێکی جەماوەری دروست بکات.

بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ئەگەڕێمەوە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا...

پرۆژەیەکی سیاسی نەخشە بۆ دارێژراو لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە بۆ لە گۆڕنانی دەسەڵاتی بەعس و صدام دارێژرابوو، ئەم نەخشەیە بۆ ئەمریکا ئاسان نەبوو، چونکە ئەگەرێکی گەورە ئەوەبوو جڵەوی سیاسی لەدەستی ئەمریکا دەربچێ و خەڵکی عێراق خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست.

بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا دەستیبرد بۆ زیندوکردنەوەی هەرچی ئەحزابی دواکەوتوو ئیسلامی ناسیۆنالستی، هەرچی ئیمکاناتی ماددی مەعنەوی پێویستی کرد بۆیانی دابینکرد، هەرچی ڕاگەیاندنی ئەمریکاو هاوپەیمانان هەبوو کەوتنە چەلەحانێ بۆ ناساندنیان لەئاستی ناوچەو جیهانیدا، بەناوی هێزی ئۆپۆسزیۆنی عێراقەوە، تاکو بیانکاتە ئەو هێزە سیاسیەی کە لە کاتی ڕوخانی صدامدا بتوانن جڵەوی دەسەڵات لەعێراق بگرنە دەست، ئەمە هەنگاوی یەکەمی ئەمریکا بوو پێش ڕوخانی صدام.

هەنگاوی دووەمی ئەمریکا ئەوە بوو کە دیراسەیەکی قووڵی کۆمەڵگەی عێراق بکات لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە جمووجوڵی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا لەگەشەکردندایە ئەبێ کارێ بکرێ کە ئەم جموجوڵانە خەفە بکرێ بۆئەوەی نەکا ڕێگری بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا دروست بکات، یەکەم هەنگاو ئەوەبوو کە پارەیەکی زۆری لە کوردستان هەڵڕشت توانی بۆ ماوەیەکی کورت و خێرا دەمی خەڵک بەباشی تێر بکات، زۆربەی خەڵک بوونە خاوەنی خانوو سەیارە و ناو ماڵ، وە ئیمکاناتی ماددی خەڵک بە ڕێژەیەکی بەرچاو چووە سەر.

لە (جنوب) باشوری عێراق، ئەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیە لاوازبوو، بەڵام ئەوەی بەزەقی بەدی ئەکرا دەمارگیری ئاینی شیعە بوو کە زۆربەی زۆری خەڵک گیرۆدەی ببوون، بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا هەستا بە دەستگرتنی هەرچی (اقطابی) شیعە هەیە، لە باری ڕاکەیاندن و مادی و مەعنەویەوە چووە پشتیان بۆ ئەوەی دەمارگیریەکە لەلای خەڵک بەهێز بکات تا مامۆستا ئاینیەکان وەک ڕابەری خەڵک نیشان بدات.

کار گەیشتە ئەوەی کە کەسێکی وەکو سیستانی قسەو بڕیارەکانی لە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران!! زیاتر بڕوات، تەنانەت سەرۆک وەزیرەکان بەبێ بڕیاری سیستانی نەیان ئەتوانی کە بڕیاری چارەنووس ساز دەربکەن، چونکە ئەگەر ئەو هەرچی بڕیارێکی بەدڵ نەبووایە ئەیتوانی بە هێزی جەماوەری پاشەکشەی پێ بکات ئەمە بوو بە سوونەتێک لەباشوری عێراق کە توانی بەتەواوی جێگەی خۆی بکاتەوە، ئەوەندەی شیعە گەرایی بەهێز کرد کە بە ملیۆنان کەس لە (بەسرەو سەماوە و ناسریەو عەمارەو هتد... ڕوو بکەنە ئیمامی کازمیە لە پایتەختی بەغداد، بۆ مەراسیمی محەڕەم کە (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا بە دەستی شیعەکان خۆیان کوژراوە، ئەو نەریتە کۆنەیان بەجۆرێ زیندوو کردەوە کە زۆربەی خەڵکی شیعە ئالوودەی بوون و بوو بە سیاسەتی گشتی ڕۆژ کە زۆربەی خەڵکی شیعە مەزهەبی پەیڕەوی تەواویان لێ ئەکرد.

ئەم دوو فاکتەرە توانی بۆ ماوەیەکی زۆر ببێتە لەمپەڕ لەبەردەم ئەوەی کە خەڵک بەئاسانی بەرژەوەندی گشتی خۆی نەبینێ.

فاکتەری مەزهەبگەرایی شیعە لەگەڵ بەرزبوونەوەی هۆشیاری سیاسی خەڵک ڕۆژ بەڕۆژ تارمایی قورسایەکەی لای خەڵک ئەڕوێتەوە زۆر کاریگەری بەسەر خەڵکی هۆشیارەوە نامێنێ، ئەمە وایکرد کە موهیمەی کۆمۆنیستەکانی (وسط و جنوب) ی، ئاسانکردبێ لەچاو ڕابەرانی کۆمۆنیستەکانی کوردستان.

دیارە ئەم دەستکەوتە مادیەی خەڵکی کوردستان وایکردووە کە دەست بەو ئیمکاناتە مادیەوە بگرن کەبەدەستیان هێناوە، ئەمەش هەلومەرجێکی سیاسی دروستکردووە، کە زۆربەی خەڵک خۆیان لەکاری سیاسی و چالاکی بە دوور بگرن، لەهەمانکاتدا لە سەدا نەوەت و هەشتی خەڵکی کوردستان دادو بێ دادیانە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە، دەمی هەرکەسێ ئەکەیتەوە ئاواتەخوازە کە ڕۆژێ زووتر ئەم مافیاو دەسەڵاتەی لەکۆڵ بێتەوە، بەڵام ئامادەی ئەوەی نییە دەست بۆ کارێکی سیاسی ببات بەهەرجۆرێ بێت ڕێگە خۆشبکات بۆ ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە،

خەڵک تا سەر مۆخ بێزارە و سەدان ڕەخنەی ڕیشەیی لە دەسەڵات هەیە، بەڵام بەداخەوە دوورە پەرێزە لەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئامانجدارانە و تەنانەت کۆمەکی مادیش بەو خەڵکانە ناکات کە شەو ڕۆژ یان خستۆتە سەریەک بۆ ڕابەری کردنی نارەزاییەتیەکان و بەسەرکەوتن گەیاندیان، لەوە ئەترسێ کە ئەو دەستکەوتە مادیانەی بەدەستی هێناوە لەدەستی بچێ.

ئەم بۆچوونە ئابووری و سیاسیە شیکردنەوەیەکی زۆری هەیە، چونکە دەسەڵاتداران نەک لە کوردستان و عێراق بگرە لەهەموو جیهان هێرشی دڕندانە بۆ سەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکی لێسەندنەوەی دەستکەوتەکانن و هێرشی بێ ڕەحمانە ئەکەن، ئەمەش درێژەی ئەبێ تاکو بەهێزی ڕێکخراوی خەڵک بەری پێ ئەگیرێ. واتا تەنها ڕێگە بۆ کۆتاییهێنان بەم هەلومەرجە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتیە ئامادەبوون و ڕێکخراوبوونی خەڵکە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی هێرشی دڕندانەی دەسەڵاتداران هەتا ڕاماڵین و ژێرەو ژوورکردنی کورسی دەسەڵاتیان. دانانی دەسەڵاتی خەڵک، ئەگەر ئەم ڕێگەچارەیە لە پرۆسەیەکدا بەرێ نەکەوێ ئەوە هیچ دەستکەوتێکی مادی مەعنەوی و سیاسی لە جێگەی خۆیدا بەدەست ناهێنێ و ئەو دەستکەوتە کەمەی کە خەڵک لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بە دەستی هێناوە ڕۆژبەڕۆژ لێی وەرئەگرێتەوە، ئەمە جگە لە دڵەڕاوکێی ڕۆژانە کەخەڵکی هەراسان کردووە.

هیچ دەسکەوتێکی ئابوری و شەخسی و خێزانی ناتوانی دەستی پێوە بگیری لە هەلومەرجی ئەزمەگرتووی سەرمایەدا، چونکە جەندرمەکانی سەرمایە لە هێرشدان بۆ سەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، بەبیانوی جۆراو جۆر دەست ئەبەن بۆ بێکارکردن و برسیکردنی خەڵک، و بەبێ بەرەنگار بوونەوەی شۆڕشگێڕانەی بەکۆمەڵ و ڕێکخراو لە دژی دەسەڵاتدارانی سەرمایە زەمانەتێکی تری لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی گیان و ماڵی خەڵک پارێزراو بێ...

***

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەرووت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**



# کاتێك کە بازرگانیی دەبێتە هۆی شەڕو بەرەو جەنگ دەڕوات!

## چین و ڕوسیاو سنووری وابەستەبوونیان بە یەکترەوە!

وەرگێڕانی: حەسەن ڕازانی

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا بە بەردەوامی ناچاری تێفکرینێکی قوڵ کراوە، ئەگەرێک بووە کە زووربە لایان وابووە کە لە شەڕی ساردەوە ئیتر نابێ بیریشی لێبکرێتەوە: ئەویش بریتیبووە لە کێشەی گەورەی سەربازی ئەمریکا لەگەڵ زلهێزێکی تردا. دوای چەندین دەیە، ئەوە یەکەمین جارە کە مۆسکۆ مووشەکەکانی دەبزوێنێت بۆ ئەوەی واشنتۆن لە هاوکاریکردنی ئۆکرانیا ئاگادار بکاتەوە. هەروەها لە سەرەتای مانگی ئاب هەر بە دوای سەردانەکەی نانسی پێلۆسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، بۆ تایوان بووە هۆی هەڵکشانی هەڕەشە سەربازیەکانی پەکین بۆسەر ئەو دوورگەیە.

ئەوەندەی کە خودی هەڕەشەکان خۆیان جێگەی سەرنجن بە هەمان شێوەش وابەستەیی ئابووری بە یەکترەوە کە وەک هێزێک بۆ ئاشتی بە کار دێت جێگەی سەرنجە. هەردووک چین و ڕوسیا بە شێوەیەکی زۆر پشت بە بازرگانی دەبەستن بۆ گەشەی ئابوورییەکەیان و پتەوکردنی جێگەی خۆیان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی. چین لەدوو دەیەی ڕابردووەوە تاکو ئێستا لە ڕێگەی پیشەسازی و بەرهەمی کارگەکانیەوە توانیویەتی پێنج هێندە داهاتی ناوخۆی زیاد بکات؛ هەروەها زیاد لە ٥٠٪ی داهاتی دەوڵەتی ڕوسیا لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و غازەوە بەدەست دێت. جا ئەگەر بە پێی بیردۆزەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی بێت، دەبێ ئەو پەیوەندیە گرنگە ئابووریانە داهات زۆرتر بۆ کێشەی سەربازی هەردوک چین و ڕوسیا تەرخان بکەن. بەڵام، هیچ نەبێ بە ڕواڵەت، هیچ کام لە چین و ڕوسیا وا دەرناکەون کە گوێ بدەن بە زیانێک کە لەوانەیە بەر ئەو بازرگانیەیان بکەوێت.

بەهەرحاڵ، وەک دەردەکەوێت، وێنەکە هەروا ئاسان نییە. ئەویش لەبەر یەک شت، لە هەندێک بارودۆخدا، لەوانەیە پەیوەندیە بازرگانیەکان لەباتی ئەوەی ڕێ لە شەڕ بگرن هانی جەنگ و شەڕ دەدەن. هەروەها هەندێک جاران، پچڕانی پەیوەندییە بازرگانییەکان پەیوەندی نابێ بە دەسەڵاتی سەربازیانەو هەڕەشەی دوژمنکارانە. هەروەک چۆن کەیسە ناکۆک بە یەکەکانی نێوان چین و ڕوسیا بەشێوەیک ڕۆڵ دەگێڕن کە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانن. جا بۆئەوانەی کە پێیان وایە بازرگانی دەبێتە هۆی ڕێگریی لە ڕوودانی جەنگ لە نێوانی زلهێزەکاندا، زۆر گرنگە بۆیان کە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێگا ئاڵۆزانە بکەن کە هێزە ئابووریەکان لە پەکین و مۆسکۆ ستراتیجی بیرکردنەوەیان داڕشتووە.

### بازرگانییەکی شەڕەنگێز

جا بۆ ئەوەی تێبگەین کە چۆن لەوانەیە بازرگانیی ببێتە هۆی هەڵکشانی چانسی کێشەی سەربازی نەک کەمکردنەوەی، پێویستە سوورد لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی بیردۆزی واقیعی و ڕیالیستی وەربگرین. بەشێوەیەکی گشتی ڕیالیزم واقیعیەت جەخت لەسەر هەوڵی زلهێزەکان دەکاتەوە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و پێگەی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە جیهانێکدا کە دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ پاراستنیان لە گۆڕێدا نییە، بەڵام ڕیالیست و واقیع بینەکان تێدەگەن کە هێزو دەسەڵاتی ئابووری بناغەی دوورمەودای هێزی سەربازییەو بازرگانیی نێودەودەوڵەتیش زۆرپێویست و گرنگە بۆ بنیاتنانی بنکەی هێزێکی ئابووری. بەلای ڕیالیست و واقیعبینەکانەوە بازرگانیی دەتوانێت دوو کاریگەریی گەورەی هەبێ. یەکەمیان ئەوەیە کە: بازرگانیی دەتوانێت دەستڕاگەییشتن بە هەردووک کەرەستەی خاو و هەرزان و بازاری هەرزانیش دەستەبەر بکات. بازرگانیی دەتوانێت بە شێویەکی گشتی ئەدای ئابووری دەوڵەتێک باش بکات و تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی بەرەو پێشبەرێ و بەمەش توانای ئەو دەوڵەتە بەرەو سەردەبات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتێکی درێژخایەنی سەربازی. ئەمەش لایەنێکی باش و ئیجابییە بۆ بوونی سیاسەتێکی بازرگانیی بە شێوەیەکی ڕێژەیی کراوە. ئەوەش باشتر ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی یابان لە دوای بووژانەوەی میجی و چینیش لە دوای مردنی ماوتسیتۆنگ سیاسەتی شکستخواردووی ئۆتارکی ڕابردووی وازلێهێناو ئیتر هەوڵی داوە کە تێکەڵاو بە ئابووری جیهانی ببێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە گەشەو هەڵکشانی ئابووری دووەمین کاریگەری تریشی هەیە: ئەویش ئەوەیە کە بازرگانیی دەبێتە هۆی پەیدابوونی خاڵی لاوازی زلهێزەکان و ناچاریان دەکات بە سەپاندنی گەمارۆ دوای ئەوەی کە پشتیان بەستووە بە هاوردەکردنی کەرەستەو هەناردەکردنی کاڵاو شت و مەکی دروستکراو بۆ بازارەکان لە پێناو فرۆشتن و پەیداکردنی قازانج دا. ئەم خاڵی لاوازو ناچارییەش وا لە سەرکردەکان دەکات کە هێزی دەریایی گەورە بنیات بنێن بۆ پاراستنی ڕێگای بازرگانی و تەنانەت واشیان لێدەکات کە دەست بۆ جەنگ و شەڕیش بەرن لە پێناوی بەردەوامیی بۆ بە دەست ڕاگەییشتن بە سامان و کەرەستەی خاوو هەروەها بازاربۆ فرۆشتنی کاڵاو شت و مەکەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا.

گەشەسەندنی بازرگانیی وا لە دەوڵەتان دەکات کە زیاتر پشت بەدەرەوە ببەستن.

کە ئەگەر بێت و سەرۆکی وڵاتان بیانەوێت کە پەیوەندییە بازرگانیەکانیان لە داهاتوودا بە بەهێزی بمێنێتەوە، بۆی هەیە ڕێگە بەوە بدەن کە دەوڵەت زیاتر پشت بە سەرچاوەو بازاری دەرەوە ببەستێت کە گەشەی دەوڵەت دەباتە پێشەوە. یابان لەسەر ئەم یاسایە ڕۆییشتووە لە ١٨٨٠ وە بۆ ١٩٣٠ و چینیش بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٨٠ وە تا حاڵی حازر. ڕابەرانی هەردوک چین و یابان زانیبوویان کە هیچ کامیان ناتوانن ببنە ئەندامی یانە گەورەکە هەتا پەیوەندیەکی توندی گەورەو گرنگی ئابووری لەگەڵ زلهێزەکانی تری دنیادا نەبەستن کە یەکێک لەوانە ئەمریکایە.

بەڵام ئەگەرچاوەڕوانیەکان لە بازرگانیی لە داهاتوودا رووەو خراپی بڕوات و سەرۆکی وڵاتانیش بگەنە ئەو باوەڕەی کە سنووردارکردنی بازرگانیی وڵاتانی تردەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستڕاگەییشتنیان بە سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو و بازاڕ، ئەو کات پێشبینی دابەزینی درێژماوەی دەسەڵاتی ئابووری دەکەن و هەر بەو هۆیەشەوە هی دەسەڵاتی سەربازیش. ئینجا لەوانەیە بگەنە ئەو باوەڕەی کە سیاسەتی زۆرتر باوەڕبەخۆبوون وهەروەها دوژمنکارانە پێویستن لە پێناو پاراستنی ڕێگاکانی بازرگانیی و هەرووەها لە پێناو دڵنیا بوون لە گەییشتن بە کەرەستەی خاوو بازاڕ. ئەمە ڕێک گرفتی یابان بوو لە ١٩٣٠یەکاندا کاتێک کە بینی فەرەنساو بەریتانیا و ئەمریکا بەرەو جیهانێکی ئابووری زیاتر داخراوو ڕەگەزپەرستی پاشەکشەیان کردووە. جا ئەم گرفتەش لە ئەنجامدا وای لە کاربەدەستەکانی یابان کرد کە زیاتر کۆنترۆڵی پەیوەندیە بازرگانیەکانیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا بکەن. بەڵام ئەو هەنگاوانە وای لە سەرۆکەکانی یابان کرد کە خۆیان شەڕەنگێزتر ببینن و ئەمەش بەهانەیەکی تری دایە ئەمریکاو بەریتانیا تا هاوردەکردنی کەرەستەی خاو کە لە نێویدا نەوتیش بوو لە لایەن یابانەوە سنووردارتر بکەنەوە.

ئەمڕۆ چینیەکان تێدەگەن کە ئەوان ڕووبەڕووی هەمان ئەو گرفتەی یابان بوونەتەوە وهەروەها بە هەمانشێوە هەر دەوڵەتێکی تری گەشەسەندووش لە مێژووی هاوچەرخدا. ئەوان تێدەگەن کە سیاسەتی دەرەوەیان پێویستی بە وەیە کە دەبێ وەک و پیویست مامناوەندی بێت بۆ ئەوەی ئەو متمانەیەی کە ڕێگا بە بەردەوامیی پەیوەندیە بازرگانیەکان دەدا بەردەوام بێت. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاگایان لە پرۆژەی دەسەڵاتی سەربازییان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن دەوڵەت و لایەنی تر لە زیانگەیاندن بەو پەیوەندیانە بوەستێنن. تێڕوانینێکی ڕیالیستی و واقعیانە باشتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی چینیەکان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردودا زۆرترین شەڕەنگێزییان پێوە دیاربووە لەبەرامبەر هەندێک گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە تایوانەوە هەیە. بە شێوەیەکی سنووردارتر، ئەو تێڕوانینە دەتوانێت باشتر ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی سەرۆکی ڕوسیا کەڵکەڵەی داگیرکردنی ئۆکڕانیای کەوتۆتەسەر.

هەرئێستا یاخود قەت و هەرگیز!

بە پێی زوربەی گێڕانەوەکان شەڕی پۆتین لە ئۆکڕانیا بەهۆی ترسی ئەو لە ئاساییشی ڕوسیاوە سەری هەڵداوە کە ترساوە لە پەیوەستبوونی ئۆکڕانیا بە ناتۆوە لە مەودای نزیکدا. هەروەها پۆتین ویستوویەتی کە ناوی بچێتە مێژووەوە کە بگوترێت ئەو بوو ویستی ئیمپڕیاتۆریەتی ڕوسیا بنیات بنێتەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە شتێکی تر بە دوو شێوازی گرنگ وایان لە ڕوسیا کرد هێرش بکاتە سەر ئۆکڕانیا ئەویش هەنارده کردنی وزەی ڕوسیا بوو بۆ ئەوروپا.

یەکەم: پۆتین بە تەواوی تێگەییشتبوو کە ئەوروپا زۆرتر پشتی بەڕوسیا بەستووە وەک لە ڕوسیا بە ئەوروپا. یەکیەتی ئەوروپا، لە پێش فێبروەری، نزیکەی لە ٤٠٪ی غازی سرووشتییان بۆ کارگەو کارخانەو گەرمی ماڵەکانیان پشتی بە مۆسکۆ بەستبوو. ئابووری ڕوسیاش، بە دڵنیاییەوە، پشتی بە فرۆشتنی ئەو غازە بەستبوو. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سرووشتی ئەو کەرەستە خاوە، پۆتین ئەوەی چاوەڕوان دەکرد کە هەرکەمکردنەوەیەک لە ناردنی غازی سرووشتی بۆ ئەوروپا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەی و زیان گەیاندن بە ئەوروپا لە دوو ڕێگاوە. یەکەم لە ڕووی کەمی غازەوەو دووەمیش لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی تێچوونەکەی. لە کاتێکدا زۆربە کەمی کاریگەریگەری خراپ دەکاتە سەرئەو داهاتە گشتییەی ڕوسیا کە لە هەناردەکردنی غازەوە دەستی دەکەوێت. هەروەک ئەلبێرت هێرشمان، پسپۆڕی ئابووری، لەوبارەوە ئاماژەی پێدا لە ١٩٤٥ دەربارەی پەیوەندیە یەکلایەنەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠دا. ئەوگوتی: "لە بارودۆخێکی ناهاوسەنگی ئابووری دوو وڵاتدا کە یەکێکیان کەمتر لەوەی تریان پشت بەدەرەوە ببەستێ ئەو وڵاتە دەتوانێت بە ڕێگای ترساندن و هەڕەشە وڵاتەکەی تر وا لێبکات سیاسەتە توندو ڕەقەکانی قبوڵبکات. هۆیەکەشی زۆر بەسادەیی ئەوەیە کە وڵاتە لاوازەکە بازرگانیی دەوێ و زۆریش زەحمەتە بەرەنگاری سیاسەتەکانی وڵاتەکەی تر بکات.

لە ڕاستیدا دوای ئەوەی کە ڕوسیا دوورگەی قەرەمی لکاند بە ڕوسیاوە لە ساڵی ٢٠١٤و ئەوروپیەکانیش هەر بەردەوام بوون لەکڕینی غازی سروشتی ونەوت لە ڕوسیا لە ئاستێکی بەرزدا، ئەوەی بە پۆتین نیشاندا کە ئەگەر بێت و هەمان شتیش لەگەڵ ئۆکڕانیا بکا، کە کردیشی لە ٢٠٢٢، ئەوا هیچ کاردانەوەو ئاڵۆزییەک لە لای ئەورووپاوە دروووست نابێت بۆ ڕوسیا. پۆتین هەر بە ڕاستی ئەو وەڵامە توندوتیژەی ئەوروپای بە کەم وەرگرت. بەڵام ئاگاداریی پۆتین لەوەی کە ئەوروپا لە ڕووی ئابووریەوە بەندە بە ڕوسیاوە وای لە پۆتین کرد کە پێی وابێ دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا شەڕەکە لەگەڵ ئۆکڕانیا بباتەوەو هێرش و پلانەکەی سەرکەوتوو دەبێت.

ڕوسیا ترسی لەوە هەبوو کە لە داهاتوودا کاریگەریی ئابووریەکەی بەرەو داکشان دەڕوا!

بۆ پۆتین هۆیەک هەبوو کە بترسێت ئەویش بریتیبوو لە دابەزینی کاریگەریی ئابووری ڕوسیا لە داهاتوویەکی نزیکدا بەسەر ئۆکڕانیاو ئەوروپادا. لە ساڵی ٢٠١٠ بوو کە غازێکی سرووشتی زۆر دۆزرایەوە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری خەرکیفی ئۆکڕانیاو لەوێوە بڵاوبووەتەوە تا شاری دۆنیتسیک و پارێزگای لۆهانسک. ئەو کێڵگە غازەش بە دوو ترِیلیۆن مەتر سێجا مەزندە دەکراو ئەوەش بڕێکە کە هاوتایە بە کۆی ئەو بڕەی کە ٢٧ وڵاتی ئەوروپا بەکاری دەبا لە ماوەی پێنج ساڵدا بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئێستا. هەر بۆیەش دەوڵەتی ئۆکڕانیا دەستبەجێ یاساکانی دەوڵەتی گۆڕی بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و هەروەها لە ساڵی ٢٠١٣ دا ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ شێڵ ئۆیلد ا واژوو کرد لە پێناو گەشەپێدانی ئەو کێڵگە نەوتییەو لەگەڵ هەردووک شێڵ ئۆیڵ و ئێکسۆن مۆبیلیش ڕازی بوو کە بەیەکەوە کاربکەن و لە قوڵایی ئاوەکانیشدا بەدواداچوون و پشکنین بکەن بۆ غاز لە کەناراوەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕانیادا.

هەرچەندە کاتێک کە لە ٢٠١٤ دا پۆتین هێرشی کردە سەر دورگەی قەڕەم و دۆنباس، ڕەنگە هەندێک هۆی تربووبنە هۆی ئەو کارەی پۆتین. ئەو کات بە دڵنیاییەوە ڕوون و دیار بوو، بەلای مۆسکۆوە کە ئەگەربێت و ئەو غازە سرووشتیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕانیادا بوونی هەیە کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا گەشەی پێبدەن و کاری تێدا بکەن ئیترئەوکات ئۆکڕانیا نەک هەرکۆتایی بە وابەستەبوونی دەهێنێ بە غازی سرووشتی ڕوسیاوە، بەڵکو دەستیش دەکات بە ناردنی غازی سرووشتی خۆی بۆ ئەوروپا. بەمەش ئۆکڕانیا ئاستی موزایەدەو داواکاریەکانی زیاتر دەکات لەگەڵ ڕوسیا بۆئەوەی ڕێگا بدات غازی سروشتی ڕوسیا بە ئۆکڕانیادا بەرەو ئەوروپا بڕوات.

لەو سێ کۆمەڵە بۆڕیەی کە ڕوسیا بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی غازی سرووشتی سیبیریای بگەیێنێت بە وڵاتانی ئەوروپا لە ناویشیاندا ئەو بۆڕیەیە کە بە ناو بیلاڕوسیادا دەڕوات بۆ ئەوروپا و یەکێکی تریشیان کە بە ناو دەریای بەڵتیک دا دڕوات بۆ ئەڵمانیا، بەڵام گرنگترینیان لە ڕووی مێژووییەوە ئەو هێڵە بووە کە بە ناو ئۆکڕانیادا ڕۆییشتووە. هۆیەکەشی بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوە بووە کە وڵاتانی ئەوروپای بە وشکانی دەورە دراو بە تایبەتی لە وێنەی هەنگاریاو سلۆڤاکیا پشتیان بە غازی ڕوسیا بەستووە. جا بۆیە کاتێک کە ئۆکڕانیا دەست بە ناردنە دەرەوەی غازی سرووشتی خۆی دەکات بۆ ئەوروپا و دەستیش دەگرێتەوە لە بەکارهێنانی

پێداویستیەکانی ڕوسیا، ئیتر ئۆکرانیا دەتوانێت پەیوەندیە ناهاوسەنگیەکانی لە ڕووی ووزەوە لەگەڵ ڕوسیا پێچەوانە بکاتەوە. جا ئەگەر بێت و کیف پەیوەندی نا فەرمیش لەگەڵ ناتۆ یان ئەوروپا پەرە پێبدات، لەوە هەر گەرێ کە ئەگەر بچێتە پاڵ یەکێک لەو دوو ڕێکخراوە، ئەوا ئۆکرانیا نەک هەر لە ڕووی سیاسیەوە دەبێتە هەڕەشە بۆ مۆسکۆ بەڵکو دەبێتە هەڕەشەیەکی ئابووریش کە هێزی ئابووری دوورمەودای ڕوسیا دەخاتە مەترسیەوە.

بە کورتی، هەرچەندە جووڵەکانی زێلنسکی، سەرۆکی ئۆکرانیا، لە کۆتاییەکانی ٢٠٢١دا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لە ڕووی ئابوری و سیاسیەوە لەگەڵ خۆرئاوادا بە دڵنیاییەوە هەستی پۆتینی بۆ چارەنووسی ڕوسیا تێکداو لەوانەشە ترسی پۆتینی لە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لیبراڵی ڕۆژئاوایی لە ڕوسیادا زیاتر کردبێت. هەروەها ئەمانە ئاماژەی ڕوونیشن کە کارتی وزەی ڕوسیا لە دوارۆژدا لە بەرامبەر ئەوروپادا لاواز دەبێت. ئیتر هەستی ئەوەی کە ڕوسیا ئیتر کاریگەریی خۆی لە ڕووی ئابووریەوە لە بەرامبەر ئۆکرانیادا لەدەست دەدات وای لە پۆتین کرد کە پێی وابێت "دەبێ یان هەرئێستا بێت یاخود قەت و هەرگیزنابێت" کە هەستێت بە قووتدانی زووربەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری (دنیپەر)ی ئۆکرانیا کە ئەو ناوچەیەش زیاتر لە ٩٠٪ی پاشەکەوتی غازی سرووشتی ئۆکرانیای تێدایە.

چیپی ئەلەکترۆنی بچووکترو قورسایی و هێزو کاریگەریی گەورەتر

بەپێچەوانەوە، وابەستەیی ئابووری چین لەگەڵ باقی جیهان هاوسەنگترە وەک لە هی ڕوسیا بە هی دەرەوەی خۆی. ئابووری چین پشتی بە هەناردەکردنی کاڵای دروستکراو بەستووە، هەروەکو ئابووری یابان لە نێوانی جەنگەکاندا، چین بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر پشتی بە هاوردەکردنی کەرەستەی خاو بەستبوو بۆ بەردەوامیدان بە ئابووریەکەی و لە نێویاندا نەوت و غاز بوو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیا. پێگەی جین وەک وۆرکشۆپێکی جیهان، ڕێژەیەکی بەرچاوو گرنگ لە لاپتۆپ و مۆبایلی زیرەک و سیستەمی پەیوەندی فایف جی جیهانی بەرهەم دەهێنێت. ئەمەش هەندیک نفوزو کاریگەری دەداتە چین لە بازرگانی کردن لەگەڵ هاوبەشەکانی خۆیدا. بەمەش چین دەتوانێت هەر کاتێک سیاسەتەکانی دەرەوەی هاوبەشەکانی بەدڵ نەبێت هەڕەشەیان لێبکات و کارتی گرفت دروستکردن لە هاوردەو هەناردەی کەرەسەی خاوو کاڵای دروستکراو بەکاربێنێت لەبەرامبەر هاوبەشەکانیدا. بەڵام دیسان هەروەک و وابەستەیی یابان بە هاوردەکردن لە نێوانی جەنگەکاندا، وابەستەیی چینیش بە شێوەیەکی کورتخایەن لاوازییەک دەداتە ئابووریەکەی، بەڵام ئەم شێوە لاوازییە لە ڕوسیادا نازانرێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە ڕوسیا بە گەمارۆیەکان ئازاری پێدەگات، بەڵام توانای ڕوسیا لە فرۆشتنی غاز بە نرخێکی گران کە هەر خۆی بە کردەوەکانی لە ئۆکرانیا خولقاندویەتی، لە ئێش و کاریگەری ئەو لێدانە توونده لە ئابووریەکەی کەم دەکاتەوە.

ئەگەربێت و چین ڕووبەڕووی کەمێک لەو شێوە گەمارۆیانە ببایەتەوە کە بەسەر ڕوسیادا سەپێنراون، ئیترئابووری چین بەرەو هەڵوەشان دەڕۆیی. جا لە ڕاستیدا بە ئاگایی چین لەو خاڵە لاوازەی خۆی هەر لە ئێستاوە ڕۆڵ وەک ڕێگرییەکی سەرەکی دەبینێت لە ئارەزووە فراوانخوازیەکانی لە ناویشیاندا پلانەکانی بۆ داگیرکردنی تایوان. لەو ڕووەوە وردەکاری چین لەبەرچاوبگرە لە کاتی سەردانەکەی پێلۆسی بۆ تایوان سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی پێشتر کردبوونی. هەرچەندە پەکین تووڕەبوونی خۆی نیشاندا بە شێوەی مانۆڕی سەربازی و هەڵدانی موشەک کە ئاسمانی تایوانیان بڕی، بەڵام وەڵامی ئابووریانەی خۆی سنووردار کردە وە، بۆ نموونە کە گەمارۆ بخاتە سەر هەناردە کشتوکاڵیەکانی تایوان. جێگەی باسە کە کاربەدەستانی چین بە وریاییەوە خۆیان بەدوورگرت لە سەپاندنی هیچ جۆرە ڕێگرییەک بۆ هەناردەکانی سێمی کۆندەکتەری تایوانی. لەبەر ئەوەی چین پشتی بە لە ٩٠٪ ی چیپی هەرێ ئاست بەرزو چیپی ئاست نزمی تایوانی بەستووە. هەروەها چین زۆر وریا بوو لەوەی کە بە ڕاستەوخۆیی گەمارۆ نەخاتە سەر ئەمریکا لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەم کارەی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی بازرگانی تازە کە ببێتە هۆی بەرەو خراپتر بردنی ئابووری چین کە لە ئێستاوە هەرخۆی ڕووی لە سستییە. سەرباری ئەوەش، وابەستەیی ئابووری چین بۆی هەیە چین ڕووەو جووڵەو هەنگاوی شەڕانگێزانە مل پێ لێبنێت، ئەگەر هات و چاوەڕوانیەکانی چین لە دوارۆژی بازرگانیەکەی پاشەکشە بکات. لەوبارەوە بابەتی تەکنۆلۆجیای بەرزی نیمچە ڕێبەری ئەلەکترۆنی (سێمی کۆندەکتەر) ی تایوانی وەربگرە. چین ئێستا هەندێک توانای هەیە لە دروستکردنی چیپی ئەلەکترۆنی لەگەڵ ترانزیزتەر بە قەبارەی ١٥ یاخود هەتا لە خوار ١٠ نامۆمەتریشەوە. جا بۆ ئەوەی چین بتوانێت لە ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیدا بمێنێتەوە لە بواری زیرەکیی دەستکردو ئۆتۆمۆبێلی خۆلێخوڕ وەهەروەها مۆبایلی زیرەک، چین پێویستی بە جۆرێک لە چیپی ئەلەکترۆنی هەیە کە قەبارەکەی لە خوار ٧ یان ٥ نامۆمەترەوەوە بێت ئەوەش لە ئێستادا هەر لە توانای تایواندایە، ئەگەر بە کواڵیتی بەرز دروست بکرێت. بۆ نموونە تازەترین ئایفۆنی ئەپڵ هەرچەندە لە چین کۆکراوەتەوە بەڵام بە چیپێکی قەبارە ٥ نامۆمەترکار دەکات کە ئەپڵ خۆی دیزاینی کردووەو کۆمپانیای سێمی کۆندەکتەری تایوانی دروستی دەکات لەشاری هسینشو لە تایوان.

بە دووبارە دڵنیایی کردنەوەی چین دەربارەی سێمی کۆندەکتەرەکان (نیمچە ڕێبەری ئەلەکترۆنی) واشنتۆن دەتوانێت ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ کەم بکاتەوە.

زۆر دوور نارۆین ئەگەر بڵێین کە تەواوی توانای داهاتووی چین بۆ ئەوەی بگاتە ئەمریکا، بەندە بە دەستڕاگەییشتنی چین بە چیپە ئەلەکترۆنیەکانی تایوان. ڕێک هەروەک چۆن پێگەی یابان لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا کە پەیوەست بوو بە دەستڕاگەییشتنی یابان بە ئەو نەوتەی کە لە لایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە کۆنترۆڵ کرابوو. دیسان هەروەک گەمارۆی نەوتی ئەمریکا وایە لە ساڵەکانی ١٩٤١دا، ئەگەر بێت و کاربەستانی چین هەست بکەن بەوەی کە لەوانەیە ئەمریکا هەنگاو بنێت بۆ بڕینی دەستڕاگەییشتنی چین بە چیپە ئەلەکترۆنیەکانی تایوان، لەوانەیە چینیەکان بە پێویستی بزانن بۆ ئەوەی ڕێ لە داکشانی دوورمەودای ئابووریەکەیان بگرن. هەر ئێستا دەست بەسەر ئەو دوورگەیەدا بگرن. ئەمەش سیناریۆیەک نییە کە ئەگەری جێبەجێکردنی نەبێت. لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ دا شارەزایەکی ئابووریزانی چینی ڕایگەیاند، ئەگەر بێت و ئەمریکا گەمارۆی ئابووری لەو شێوەیەی کە ئەمساڵ سەپاندوویەتیە سەر ڕوسیا بیشیخاتە سەر چین، ئەوا دەبێ چین لە پێناو پاراستنی خاوەندارێتی خۆی لە دامەزراوەکانی چیپە ئەلەکترۆنیەکانی پێویستە تایوان داگیربکات.

بەڵام لێرەدا خەبەرو مژدەیەکی خۆش هەیە. چاوەڕوانیەکانی چین بۆ داهاتووی بازرگانیی، وەکوچاوەڕوانیەکانی یابان لە ساڵەکانی ١٩٤٠ کاندا، کارکردو بەرەنجامی بڕیارەکانی سیاسەتی ئەمریکایە. جا ئەگەر بێتو کاربەدەستانی ئەمریکا تێبگەن کە سیاسەتەکانیان ڕاستەوخۆ شکڵ بە داهاتووی مامەڵەی بازرگانیی دەدا بەو شێوەیەی کە چین دەیبینێت، نەک هەر بە شێوەیەکی گشتی بازرگانی، بەڵکو بازرگانی تەکنۆلۆجیای بەرز وەکو ئەوەی کە پەیوەندی بە هی تایوانەوە هەیە، ئەوسا ئەمریکاییەکان دەتوانن خۆیان بەدووربگرن لەوەی کە کاربەدەستانی پارتی کۆمۆنیستی چینی هەست بە داڕوخانی ئابووریەکەیان بکەن، جا مەگەرئەوان بە شێوەیەکی توندوتیژیانە مامەڵە بکەن.

دوژمنایەتییەک کە بەرەو جەنگ دەڕواو دەبێتە هۆی شەڕ لە هەڵبژارنی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە واقیعەوە. بۆیە بە دووبارە دڵنیاکردنەوەی پەکین کە هیچ ترس دای نەگرێ و چین بتوانێت بەردەوام بێت لە دەستڕاگەییشتنی بە چیپ و سێمی کۆندەکتەرە ئەلەکترۆنیەکانی تایوان، جا با ماشێن و مەکینەی ئاستبەرزیشی لەگەڵ نەبێ لە هۆڵەندیەکانەوە بۆ دروووست کردنی ئەو چیپە ئەلەکترۆنیانە. بۆیە ئیدارەی بایدن دەتوانێت نیگەرانیەکانی پەکین بڕەوێنێتەوەو گریمانەکانی جەنگ و شەڕو قەیرانەکان ڕووەو نزمبوونەوە بەرێت.

بەڵام شی جینپینگ، سەرۆکی چین، کە بە دڵنیاییەوە تەنانەت بەوهەڵوێستەی ئەمریکاش ڕازی نابێت، چونکە پێی وایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جین وابەستە بەدەرەوەی خۆی دەکرێت بۆبەستهێنانی چیپە ئەلەکترۆنیەکان کە بنچینەی هەردووک ئابووری ئاست بەرزی تەکنۆلۆجی و دەسەڵاتی سەربازیشن. جا لەبەرئەوەی هێرش بۆسەر تایوان نەک هەر دەبێتە ڕێخۆشکردنیک بۆ سزاو گەمارۆی ئابووری کە ئەمەش پەیوەندیە بازرگانیەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرەو خراپی و داروخان دەبات، هەروەها لەوانەشە ببێتە هۆی وێرانکردن و خاپوورکردنی خودی دەزگاو کارگەو دامەزراوەکانی چیپە ئەلەکترۆنیەکان. بۆیە چین زۆر هۆی واقیعی لەبەردەمن بۆ ئەوەی کە ئەگەر بە خیتاب و قسەش نەبێ هەڵسو کەوتی خۆی هێور بکاتەوە، هەر کاتێک کە باس هاتە سەر ئەو دورگەیە.

وابەستەیی وای لێبکرێت کە کەمتر مەترسیدار بێت

پۆتین دەگونجێ پێی وابووبێت کە ڕۆژئاوا چاوپۆشی دەکات لە بابەتی ئۆکرانیا ئەوەش بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەوروپا پشتی بە نەوت و غازی ڕوسیا بەستووە. بەڵام ئێستا دەسەڵاتدارانی چین دەزانن کە ئەمریکاییەکان و ئەوروپاییەکان وهاوبەشەکانیان چارەیان بۆ ئەو گرفتە هەیەو ئەگەر بێت و چین هێرش بکاتە سەر تایوان بۆی هەیە ئەوەی کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پارتی کۆمۆنیستی چینی بەدەستی هێناوە لە دەستی بدات. مێژوو نیشانیداوە کە وڵاتانی زلهێزی وابەستە بە دەرەوەی خۆیان لە ڕووی ئابووریەوە زۆر ئاگایان لەخۆیە کە دێتە سەر بابەتی سیاسەتی دەرەوەیان و کاتێک کە سەرۆکەکانیان چاوەڕوانیەکی پۆزەتیڤیان دەربارەی داهاتووی بازرگانی هەیە، چونکە تێدەگەن کە بازرگانیی هاوکار دەبێ لە بنیاتنانی بناغەی دوورمەودای هێزی دەوڵەت و هەروەها دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی هاوڵاتی. سەرۆکی ئێستای چینیش هەردووکیانی دەوێت هەم هێزو هەم زیادبوونی داهاتی هاوڵاتی، ئەگەر بێت و بۆ خۆی بەردەوام بێت و ئیدامە بە شەرعیەتی پارتەکەی بدرێت لە چینداو دەوڵەتەکەشی سەقامگیر بێت.

جا لێرەوەیە کە دەوڵەتانی زلهێز دەیانەوێت ئیدامە بە ئاڵوگۆڕی ئابووری بدەن لە نێوخۆیاندا لە پێناوی ڕاگرتنی ئاشتی، تووشی گرفتی سەختی هاوسەنگی دەبنەوە. زۆر بەسادەیی: تەنها ئەوەندە بەس نییە کە بازرگانی بکەی لە ئاستێکی بەرزدا. چونکە دەوڵەتانی وابەستە لە وینەی یابان لە ساڵەکانی ١٩٣٠ وچینیش لە ئێستادا دەتوانرێت پاڵیان پێوەبنرێت ڕووەو سیاسەتێکی شەڕانگێزی تر کە ئەگەر بێت و بگەنە قەناعەت کە ناتوانن بە پێی پێویست دەستیان ڕابگات بە کەرەستەی خاوو بازارێک کە دەوڵەت پێویستی پێی دەبی لە مامەڵەی بازرگانیدا بۆ هێشتنەوەی پێگەی خۆی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتیدا وەک دەوڵەتێکی زلهێز. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتانی کەمتر وابەستە لە ڕووی ئابووریەوە بە دەرەوەی خۆیان لە وێنەی ئەمریکا دەبێ زۆر ئاگایان لە خۆ بێت کە نەچن وا بکەن دەوڵەتانی وابەستە بە نزمی ڕابگرن و بەرەو ئابووریەکی خراپتریان بەرن هەر وەک کە فرانکلین ڕۆزفێلت گەمارۆی نەوتی خستە سەر یابان لە ساڵی ١٩٤٠. لە هەمان کاتیش دا دیسان سیاسەتێکی کراوەی بازرگانیش دەبێتە گرتف. چونکە دەوڵەتێکی وابەستە بەدەرەوەی خۆی دەتوانێت سوود لەو کەشە وەربگرێت و ئەویش ببێتە هەڕەشە و لە ڕووی ئابووری و هێزی سەربازییەوە بە دەوڵەتە گەورەکەی تر بگات. هەروەک جۆن ئیدارەی باراک ئۆباما تا دەگاتە ئیدارەی بایدن ئاوا لەو بابەتە گەییشتوون ئەوەی کە پەیوەندی بە چینەوە هەبێ.

ڕێگایەکی باشتر کە پاڵ بە دەوڵەتانی گەشەسەندووی وەکو چینەوە بنرێت بۆ ئاستی هاوسەنگی ئەوەیە کە دەبێ کۆتایی بێنن بە دەسکاریکردنی پارەو بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای بێگانە بە نایاسایی، وە لە کاتێکدا کە ئەو دەوڵەتانەش دڵنیایان پێبدرێت کە ئەگەر بێت و لە سیاسەتی دەرەوەیاندا سەربزێوی نەکەن ئەوا دەتوانن بەردەوام بن لە دەستڕاگەییشتنیان بە سەرچاوەی ئابوورییان و کەرەستەی خاوو بازاریش بۆ گەشەپێدانی ئابووریەکەیان و هەروەها بۆ سەقامگیری ناوخۆییان. سەرۆکەکانی وڵانی زلهێز دەبێ کاربکەن لە پیناو دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانیی کە ڕێگە بە دەوڵەتان بدات تا ئەوپەڕی گەشەبکەن و هەر لایەکیشیان دڵنیا بێت کە هیچ کامیان نەترسێت لە داهاتووی ئابووریەکەی کە بەرەو داڕوخان و نزمی بڕوات و ئەوەش ببێتە خاڵی لاواز بۆیان و تا بە هۆی ئەو لاوازیەشەوە بە ئاسانی هەڕەشەیان لێبکرێت لە لایەن دەرەوەی خۆیان و لە ناوخۆی وڵاتەکەشیاندا بە ئاسانی پشێوی و ناسەقامگیری مەدەنیان تێدا بڵاوببێتەوە.

چین بە هۆی گرژیەکانی ئێستایەوە لەبەر مەسەلەی تایوان و بەردەوامی هاوپەیمانیەتی سەرۆکی چینیش لەگەڵ پۆتیندا وای لە مەسەلەکە کردووە کە سەختر دەربکەوێت. بەڵام بە شێوەی دیبلۆماسی واشنتۆن دەتوانێت لەوبارەوە کار بکات و وەبیری پەکین بهێنێتەوە کە پەکین پێویستی بە ئەمریکاو هاوبەشەکانیەتی لە ڕۆژئاوادا بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجە ئابووریەکانی بێنێتە دی. هەروەها دەبێ ئەمریکا بە پەکین بڵێت کە واشنتۆن نایەوێت وابەستەیی چین بەدەرفەت بزانێ بۆ ئەوەی گرفت لەسەر ڕیی پەکین درووست بکات. بایدن دەتوانێت سەرۆکی چین دڵنیا بکاتەوە کە کردەوەی ١٩٤١ کە چاوەڕوانیەکانی داهاتووی بازرگانی دەوڵەت دادەڕوخێنێت دەتوانێت پەلبهاوێت بەرەو جەنگ. ئەمریکا لەوە تێگەییشتووەو دەرسی لەو مێژووەش وەرگرتووە. هەوەها بایدن دەتوانێت پێشنیار بۆ پەکین بکات کە دەبێ چین لە هەڵەکەی یابان کە لە ١٩٣٠ کردی فێر ببێت و دەرس وەربگرێت و خۆی بەدووربگرێت لە کردەوەو سیاسەتێک کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی سیقەو باوەڕی نێودەوڵەتی کە شتێکی پێویستە بۆ مامەڵەو پەیوەندی بازرگانی تەندرووست. جا ئەگەر بێت و سەرۆکەکانی واشنتۆن و پەکین بتوانن چاوەڕوانیەکانی یەکتر بەرەو باشی بەرن لە هەردووک لایەنی بازرگانی و مامەڵەو هەڵسوکەوتی داهاتوویان، ئەوا بە بێ گومان دەتوانرێت بۆ زۆر دەیەی زیاتری تریش ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا بەردەوامی پێبدرێت.

https://www.foreignaffairs.com/china/when-trade-leads-war-china-russia?

*** دەیڵ سی کۆپلاند : ٢٣ی ئابی ٢٠٢٢**

**سەرچاوە: فۆرین ئەفێرس**

***

# ئاسۆس ساڵح : ئەرکی چەپەکان و کۆمۆنیست و جەماوەری ناڕازی شەقام ئەوەیە کە خۆیان وەك ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات نیشان بدەن...



## دیمانەی بۆپێشەوە هاوڕێ ئاسۆس ساڵح هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت ...

**بۆپێشەوە: زیاتر لە ساڵێکە هەڵبژاردنی پیش وەختە لە ژێر گوشاری جەماوەریدا کراوە، بەمەبەستی پیکهێنانی حکومەتیک کە وەڵام بەلانی کەمی گرفتەکانی عێراق بداتەوە، کەچی تا ئیستا نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئاسۆس ساڵح:** دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا و هەنگاو

**پارچە پارچە و شەق بوون، "خانەوادەی شیعەی سیاسی" خانەوادەی بۆژوازی سونە" خانەوادەی بۆرژوازی کورد" هۆکاری ئەم پارچە پارچە بوونە چییە؟**

**ئاسۆس ساڵح:** لە وەڵامی پرسیاری یەکەم بەشێک لە گرفتەکانی عێراقمان گەڕاندەوە بۆ ئەم دەستتێوەدانە دەرەکییانە. هەڵبەت لەگەڵ لاواز بوونی دەوڵەت و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ڕوخانی ژێرخان و سەرخانی ئایدۆلۆژیای چۆنیەتی خزمەتکردنی خەڵک و بەرەوە پێشبردنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی سەرخان و ژێرخان و کۆمەڵێک پرسی جەوهەریی و بابەتیی تر؛ ململانێیەکە لەسەر ئەساسی ئایدۆلۆژی مەزهەبی و خۆسەپێنییە بەبێ هەبوونی ستراتیژیەتی ئابووری ڕوون و بڕوابوون بە خزمەتکردنی خەڵک. حزبە قەومی و بۆرژواز و مەزهەبییەکانی عێراق خۆیان پابەندی دەستوورێک نین کە خۆیان دایان ناوە، ئەم کۆی هێز و لایەنە بۆرژوازییە قەومی و مەزهەبییەکان تاقیکرانەوە بەرهەمەکەیان عێراقێکی پڕ لە کیشە و هەژارییە. ئەرکی چەپەکان و کۆمۆنیست و جەماوەری نارازی شەقام ئەوەیە کە خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات نیشان بدەن. بە کاری هاوبەش و پلانێکی تۆکمە لە شەقامەوە بە پاڵپشت بە هێزی جەماوەر و خۆ ڕێکخستنی زیاتر دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەڵکی عێراق دابمەزرێنن. ڕۆلی چەپ ئەوەیە کۆمەڵگە لە قەیران ڕزگار بکات و وەک تیۆری ڕزگاریی هەژاران خۆی بەیان بکات. چیتر دەرفەت بە لایەن و هێزەکانی تر نەدات. ئێمە لێرەدا تەنها باس و بە پێویست زانینی ئەلتەرناتیڤ بوونی چەپ دەخەیە ڕوو. وەک هەمیشە و زیاتر لە پێشوو دەبێت کۆمۆنیست و چەپەکان فشاری زیاتر درووست بکەن و ببنە هۆکاری زیاتر هۆشیاری سیاسی و خۆیان لەناو کۆی کێشەکانی کۆمەڵگەدا ببیننەوە. سەرئەنجام ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە لای چەپ و کۆمۆنیستەکانە. هەر وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دەڵێت: "یان سۆسیالیزم یان بەربەریزم."

**بۆپێشەوە: ئاییندەی سیاسی کوردستان، لە سایەی دۆخی ئێستای عێراقدا چۆن دەبێت؟**

**ئاسۆس ساڵح:** ناسەقامگیر بوونی دۆخی سیاسی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەم لە ڕووی سیاسی، هەم لە ڕووی ئابوورییەوە. ئەم دۆخە تا ڕادەیەک بەیەک بەستراوە سیاسییەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێڕاق لە ئەگەری هەبوونی هەر باودۆخێکی خراپتر کاریگەری لەسەر بژێوی خەڵک دەبێت. هاوکات دۆخی سیاسییش نا سەقامگیر دەبێت و پاساو بۆ حیزبەکانی کوردستان دروست دەبێت تاوەکوو ئەو پرۆسە سیاسییە نیوەچڵ و ڕواڵەتییەی هەشە پەکی بخەن لەپێناو بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی خۆیان و زیاتر دزینی داهاتی گشتی و پێنەدانی موچە و مافی خەڵک و بە پاساوی ناسەقامگیری خۆیان لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گشتی و پڕۆژەی گشتی دەدزنەوە. ئەم جۆرە یاریکردنە

> **عێراق بەهۆی دەوڵەمەندی لە سامانە سروشتییەکان بووەتە چەقی ململانێ زلهێزەکان و بۆ بەتاڵان بردنی داهاتی ژێر زەوی و سەرزەویی ئەو وڵاتە پێویستیان بە هەژموونی سیاسی، ئابووری و سەربازییە. ئەم دۆخە خراپەی ناوخۆ و فشارە بەردەوامەکانی هێزە دەرەکییەکان وای کردووە هیچ کات حکومەتێك پێکنەیەت لە خزمەتی هاوڵاتی دابێت و لە ئاستی داواکاری و ڕەزامەندی زۆرینەدا بێیت...**

دوای هەنگاو چەسپاندنی دیموکراسی ساختە و ڕواڵەتی؛ هاوکات برەودان بە سیستەمی جیهانگیریی و بازاڕی ئازاد بەناوی نیۆلیبڕاڵیزم و دابەشکردنی پێگە سیاسی و حکومییەکان کێشەکانی عێراقی نەتواندرا چارەسەر بکرێت. هەرچەندە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام لەو ماوەیەدا نەتواندرا ژێرخانێکی بەهێزی بۆ بوونیاد بندرێت. بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانەکان بەرەو قوڵی زیاتر دەڕۆن و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ژیانیان قورستر دەبێت. لەژێر گوشاری جەماوەری ناڕازی و شەقامدا بڕیاردرا کە هەڵبژاردنی پێش وەختە بکرێت. بەڵام وەک ئاشکرایە دوای ساڵێک نەتواندرا حکومەتێک پێک بهێنن و لانی کەم بەشێک لە داواکاری خەڵکی ناڕازی جێبەجێ بکەن. ئەمەش بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم سیستەمە دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری خەڵک بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم جۆرە لە سیستەم و بەڕێوەبردنە چیتر جێگەی متمانەی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق نییە. چونکە ڕێکەوتنی سیاسی حزبەکان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی حزبی و شەخسییە. سەرئەنجام هەر ئەمەشە وادەکات بەهۆی ئەو کێشە بەرژەوەندی پەرستییەی لە نێو هێز و لایەنەکان هەیە نەگەنە ڕێکەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە لە بەرژەوەندی خەڵک و جەماوەر بێت. بیروڕای خۆسەپێنی لەنێو حزب و سەرۆک رەوت و حیزبەکان دۆخی حوکمڕانی زیاتر بەرەو و قەیران بردووە. بەشێکی تری کێشەکان فشار و دەستتێوەردانی هێز و وڵاتانی هەرێمی و جیهان بۆ بەرژەوەندی و خۆسەپاندیان وایکردوە ئەم گرفتانە زیاتر قوڵ ببنەوە و هێز و لایەنەکانیش دابەشی سەر ئەم بەرە هەرێمی و جیهانیانە ببن.

دەوڵەت هەموو دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان پەل بۆ ئەو ناوچەیە دەهاوێژن بۆ مەبەست و مەرامەکانی خۆیان. دیارترین سیمای ئیمپریالیزم ئەوەیە کە هەموو خێر و بێری ئەو وڵاتە دەست بەسەردا دەگرێت، لە خەڵکی ئەو وڵاتە ئەدزێت بۆ وڵات و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی خۆی. عێراق بەهۆی دەوڵەمەندی لە سامانە سروشتییەکان بووەتە چەقی ململانێ زلهێزەکان و بۆ بەتاڵان بردنی داهاتی ژێر زەوی و سەرزەویی ئەو وڵاتە پێویستیان بە هەژموونی سیاسی، ئابووری و سەربازییە. ئەم دۆخە خراپەی ناوخۆ و فشارە بەردەوامەکانی هێزە دەرەکییەکان وای کردووە هیچ کات حکومەتێک پێکنەیەت لە خزمەتی هاوڵاتی دابێت و لە ئاستی داواکاری و ڕەزامەندی زۆرینەدا بێیت.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی دەستیوەردانی دەرەکی لە عێراقدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر هەلومەرجی عێراق هەیە و هۆکار چییە کۆمەڵگەی عێراق بۆتە سەرزەمینی ململانێی لایەنە دەرەکیەکان؟**

پابەند نەبوونە بە یاسا و دەستووری عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەروەر نەبوونی عێڕاق و پەرتەوازەیی لە کۆی پڕۆسەی سیاسی. ئەم بابەتی نەوت و غازەش کە هی خەڵکی ئەو دەوڵەتەیە، ئەوەندەی خزمەت بە کۆمپانیا حزبی و دەرەکییەکان دەکات، ئەوەندە خزمەت بە خەڵکی زەحمەت دیدە و هەژاری ناکات. ئەمە مەلەفێکی گرینگە سەرئەنجام وەک کارتی فشاری سیاسیش بەکار دێت بە مەبەستی خستنە ژێر فشاری یەکتر و دواتر هەڵبەستنی گوتاری پۆپۆلیستی و ناسیۆنالیستی تاوەکو لە ڕێگەیەوە زەخت بخەنە سەر لایەنگرەکانیان و خەڵک بە گشتی.

**بۆپێشەوە: لەململانێی و گرژی و شەری دەسەڵاتی هیزە عیراقیەکاندا قوربانیانی سەرەکی چینی کریکار و جەماوەری بیبەشە، لەو دۆخەدا چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر جەماوەر و چەپ و کۆمۆنیستەکان؟**

**ئاسۆس ساڵح:** هەمیشە لە دۆخی نا سەقامگیریی سیاسی و ئابووریدا و لەگەڵ هەبوونی هەر قەیرانێک، سەرمایەدارەکان

> **ناسەقامگیر بوونی دۆخی سیاسی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەم لە ڕووی سیاسی، هەم لە ڕووی ئابوورییەوە. ئەم دۆخە تا ڕادەیەك بەیەك بەستراوە سیاسییەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێڕاق لە ئەگەری هەبوونی هەر بارودۆخێکی خراپتر کاریگەری لەسەر بژێوی خەڵك دەبێت...**

**بۆپێشەوە: نەک سەرجەم بۆرژوازی عێراقی ریزەکانیان لێک ترازاوە، بەڵکو خانەوادەی یەک بزوتنەوەی سیاسیش لەناو خۆیاندا**


**ئاسۆس ساڵح:** لەم عێراقە نا سەقامگیرەی ئێستادا، هیچ ململانەیەک لەسەر بنەمای ستراتیژ بۆ حکومەتداریی و دەوڵەت بوونی نییە. ئەوەی هەیە ململانێی هێزە سیاسییەکانە بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر و پێ قایمترکردنی خۆیانە. لە جیاتی ئەوەی ململانێیەک بێت لەسەر ئەساسی

سەرمایەیان زیاد دەکا و بە لێشاو خەڵک هەژار و هەژارتر دەبێت. بۆیە ئەوە شتێکی حەتمییە کە لە ئاکامی ئەم ململانێ نا سەلیمەی هێز و لایەنە عێڕاقییەکان قوربانی یەکەم خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەشە. ئەوەی گرینگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە

ئاشکرایە، وە خەڵکی کوردستان دەزانن ئەمە تەنها یاریکردنە بە ژیان و گوزەرانی ئەوان لە پێناو دزی زیاتر و مانەوەیان لە دەسەڵات.

***

> **سەرئەنجام ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە لای چەپ و کۆمۆنیستەکانە. هەر وەك ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دەڵێت: "یان سۆسیالیزم یان بەربەریزم."**



# ئەکرەم غەریب: بەبڕوای من ئەو وشەی حکومەتە پێویستە لەفەرهەنگی بزوتنەوەی کرێکاریەکاندا بسڕێتەوە، تەنها دەستەواژەی دەسەڵاتی سەرمایە بەکاربێ ڕونترە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئەکرەم غەریب سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت ...

**بۆپێشەوە: زیاتر لە ساڵێکە هەڵبژاردنی پێش وەختە لەژێر گوشاری جەماوەردا کراوە بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتێک کە وەڵام بەلانی کەمی گرفتەکانی عێراق بداتەوە؟ کەچی تائێستا نەتوانراوە حکومەت پێک بهێنرێت ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئەکرەم غەریب:** پاش ڕێزو سڵاوم دەبێ بڵێم ببورن خود بەخود جۆری پرسیارەکان وایە ڕاپێچت دەکەن بۆ بەگرنگ زانینی حکومەت، ئەمە بۆ من دەگەڕێتەوە سەر تێڕوانینی چینایەتیم تێڕوانینێکی جیاواز بۆحکومەت، من پێم وایە لەدوای شکستی سەرمایەداری دەوڵەتییەوە ڕۆڵی حکومەت بەو پێناسە کۆنە گۆڕاوە. لەسەرمایەداری دەوڵەتیدا ڕۆڵی حکومەت چارەسەری قەیرانەکان بوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاری سیستەمەکە ئێستا ئەم دەسەڵاتانە لەسەر قەیران دەژین و خۆیان خوڵقێنەری قەیرانەکانن نەک چارەسەری قەیرانەکان، ئەوتێڕوانینە کۆنەش تێڕوانینێکی وردە بۆرژوازیانە بووە لەڕۆڵی حکومەتکردندا، بۆ ئەم سەردەمەش ئەگەر بمانەوێت هەمان ڕۆڵ بگێڕینەوە بۆ حکومەتە خۆجێییەکان دەکەوینە سەر ڕەوتێکی کۆنەپەرستانە (کە سەرمایەداریی دەوڵەتییە) چونکە سەرمایە خۆی بۆخۆی جیهانی بوەتەوە هەر ئەم جیهانی بوونەوەش وادەکا کە شۆڕشی کرێکاری جیهانی بێتەوە بۆیە ناتوانین بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەوتە لوکاڵیانە، سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانیش ڕەنگە ئەوەگرنگ بێت یادی بخەینەوە کە زۆرینەی عێراقیەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد، دەبێ لێرەوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کەئەم سیستەمە بەهەڵبژاردن و دەنگدان نەهاتوە تا بەهەڵبژاردن و دەنگ نەدانیش بڕوخێ، یا بگۆڕێ، هەموو هەڵبژاردنەکان تەڵەیەکی سیاسی فریودەرانەن بۆ بەلاڕێدابردن و چەواشەکردنی خەڵک و کوشتنی نارەزایەتیەکان، ئەوانە مەبەستیانە بڵێن کەدەرفەت هەیە بۆگۆڕانکاری، بەڵام ئەگەرسەرنج بدەینە سەر دوای هەڵبژاردنەکان هەمان تاس وحەمامە هەمان سیستەمە، هیچ نەگۆڕاوە جگە لە کۆمەڵێک دەموچاو هەر ئەو هەڵبژاردنە پێشوەختەی عێراق توانی دەنگی نارەزایەتی شەقامی عێراقی کپ بکاتەوەو بەر بەو شەپولە نارەزایەتیە بگرێ و دوای بخا کە هەتا ئێستاش زۆر لایەن و خەڵک لە چاوەڕوانیدا ماونەتەوە قەیرانەکانیش زیادیان کردوە کەمیان نەکردوە، بۆیە گرنگە ئێمەی کرێکاران بەرچاو ڕونیمان هەبێت هەموو حکومەت و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانیشیان لە هەرشوێن و لە هەربالێک بن هەرناوێکیان هەبێت هەمان دەسەڵاتی سەرمایەیە و هیچی دی. ئەگەرسەرنج بخەینە سەر وڵاتانی بەناو پێشکەوتوو مەدەنی وسیکۆلار هیچ جیاوازیەک نییە لە چەوسانەوەی پرۆسەی کاردا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بەناو دیکتاتۆر و مەزهەبی وکۆنەپەرستن، تەنها جیاوازیەک جیاوازی پێداویستی هێزی کارە لەهەرشوێنێک خاوەن سەرمایەکان پێویستیان بەهێزی کارە، ئەواجۆرێک ئارامی بەرقەرارە، بەڵام لەم وڵاتانە کە سەرمایە کەمتر پێویستی بەهێزی کارە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست و مەزهەبی بەرقەرارە ، بەهەمان واتای پێداویستی هێزی کار ئەو پێودانگەیە کەئاشتی وئارامی پێ پێناسە دەکرێ، دەبێ بڵێم بەداخەوە ئەگەر پێمان وابێ حکومەت پێکنەهاتوە بەبڕوای من ئەولێکدانەوە هەڵەیە، چونکە بۆ چرکەیەکیش ئەم وڵاتە بێ حکومەت نەبوە حکومەت واتە دەسەڵاتی سەرمایە، یانی پرۆسەی کارو بەرهەمهێنان و کەڵەکەی سەرمایە، ئەگەر پێمان وابێ حکومەتێک دێت و چارەسەری گرفتەکان دەکا ئەوا هەڵەین، چونکە دەسەڵاتی سەرمایە هەتادێ فراوانتر دەبێ و کەرتە گشتیەکان زیاتر کۆنترۆڵ دەکا...

**بۆپێشەوە: ململانێی نێوان حیزبە بۆرژوازیەکانی عێراق وانیشان دەدرێ کەلەسەرچۆنیەتی ئەلگۆی جیاوازە بۆپێکهێنانی حکومەت لەوانە ململانێی لەنێوان حکومەتی هاوبەش و بەش بەشێنە وتەوافقی لەلایەک و حکومەتی زۆرینەو نیشتیمانی لەلایەکی ترەوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟؟؟**

**ئەکرەم غەریب:** سەرەتا ڕەنگە ئەوەگرنگ نەبێت بڵێین عێراق وڵاتێکی داگیرکراوە، چونکە من پێم وایە سیستەمەکە جیهانییە، هەربەومانایەیە کەهیچ حکومەت و دەوڵەتێکی لۆکاڵی نییە، پاشان ڕاستیەکە ئەوەیە کەهەموو حیزب و هێزو لایەنەجۆراوجۆرەکانی عێراق بەنوێنەرایەتی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لەدەسەڵاتدان ئەو ناکۆکی وململانێ یانەش وانیشان دەدرێن کەسیاسین، ناکۆکی وململانێی پشکەکانی کۆمپانیا خاوەن پشکەکانە، هیچ هێزێکی بەناو سیاسی بەبێ ڕەزامەندی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ناتوانێت هیچ کێشەیەک چارەسەربکا، ئەوجۆرە ڕاگەیاندنانەش جگە لەچەواشەکاری هیچی دی نین، چونکە هیچ هێزێکی سەربەخۆ نییە تاچارەسەری سەربەخۆو جیاوازی پێ بێ، لەبەرامبەریشدا هیچ هێزێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ ناتوانێت لەچوارچێوەی کاری ئەوسیستەمەدا بێت، بەبڕوای من ئەو وشەی حکومەتە پێویستە لەفەرهەنگی بزوتنەوەی کرێکاریەکاندا بسڕێتەوە، تەنها دەستەواژەی دەسەڵاتی سەرمایە بەکاربێ ڕونترە... ئێمە هەموان لێمان ڕونە کەعێراق وڵاتێکی دەوڵەمەند بوو! سەرزەوی و ژێر زەوی پڕسامانی سروشتی، هەرئەو دەوڵەمەندیەش وایکردبوو کە عێراق ببێتە جەمسەری (امه عربیه واحیده)، بەڵام ئێستا وڵاتێکی قەرزارە قەرزی بانکی دراوی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان هەرئەم کۆمپانیایانەش کەمتر پێویستیان بەهێزی کارە و زیاتر پێویستیان بەبازاڕە ئەوەش هاندەری گەورەن بۆناکۆکی و ململانێی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان هەرئەوململانێیانەش دابەزێنراوەتە ناوکۆمەڵگەی عێراقیەوە بەناوی ناکۆکی وململانێی سیاسی کەعێراقی کردوەتە جەهەنەمێکی ڕاستەقینە، هەموو ئەو بەناو ناکۆکیانە ناکۆکی وململانێی پشکەکانی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانە کەچاویان لەپشکی زیاترە... ئەوجۆرە چەمک و دەستەواژانەش کەباس لە حکومەتی زۆرینە یا نیشتیمانی دەکەن یان باس لەچاکسازی دەکەن هەمان سیاسەتی چەواشەکارانەی کۆمپانیاکانە تا کۆمەڵگە لەچاوەڕوانی گۆڕانکاریەکاندا بهێڵنەوە، مقتەدا سەدر توانی هێزی ملیۆنی شەقامی عێراقی بجولێنێ یانی زۆرینەی عێراق، بەڵام بینیمان پاشەکشەی پێکرا هەر بەو مانایەی نوێنەرایەتی زۆرینە دەکا؟؟؟ یان ئاوڕدانەوەیەک لەهەڵبژاردنەکان کە (٨□%) زیاتر لەدانیشتوانی عێراق بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد کە دەکاتە زۆرینە زۆرتریش ئەوکەمینەیە هەردەسەڵاتی خۆی سەپاند کە دەسەڵاتی سەرمایەیە؟؟ لەهیچ فەرهەنگێکیشدا حساب بۆ و زۆرینەیە بۆ؟ ناکرێ ؟؟؟ ئیدی لێرەوە دەبێ تێ بگەین کەحکومەتی کەمینەو زۆرینە جگە لەچاو ڕاوهیچی دی نییە ئەوەی هەیە تەنها دەسەڵاتی سەرمایەیە، هەموو تەوافقەکان و ڕێکەوتنەکانیش ڕێکەوتنە لەسەرپشکەکان نەک ڕێکەوتنە سیاسیەکان...

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر بانگەوازی وازهێنانی لەکاری سیاسی کرد هوکار چی یەوسەدر بەشوێن چییەوەیە؟؟**

**ئەکرەم غەریب:** پێشتر ئاماژەمان بەململانێی پشکەکانی کۆمپانیاکان کرد ئەوململانێی پشکانەش لەسەرەتای داگیر کردنی عێراقەوە سەریهەڵداوە هەر جارەو بەچەشنێک خۆی نواندوە سیناریۆکانی کۆمپانیاکان وبوکەڵە سیاسەکانیان هەرڕۆژەی بەچەشنێکە، سەرەتاش بەتیرۆر لەعێراقدا دەستی پێکرد، پێشتریش لەکوردستان بەشەڕی ناوخۆ سەردەمانێکیش بەشەڕی داعش ڕۆژگارێکیش لەکوردستان بزوتنەوەی گۆڕان بەڵام هێزی مقتەدا لەکاتوشوێنێکی هەڵەدا نمایشکرا، هەروەک بزوتنەوەی گۆڕان، مقتەدا بەپشتیوانیکردن لەپشکەکانی سعودیەو ئەمریکا خۆی نواند و شەقامی دژ بەپشکەکان و بەرژەوەندیەکانی ئێران جوڵاند، بەڵام ئەمریکا پشتیوانی لەپشکەکان وبەرژەوەندیەکانی ئێران کرد، چونکە بەرژەوەندیەکانی ئێران واتە کلیلی ڕۆژهەڵات بۆئەمریکا، شکستی ئێران واتە شکستی ئەمریکا لەناوچەکە، بوکەڵەکانی ئەوسیناریۆیانە تەنها بۆ سوار بونی شەپۆلە نارەزایەتیەکانی خەڵکە، نەک تێکدانی بەرژەوەندیە باڵاکانی خاوەن پشکەکان بۆیە مقتەداش وەک گۆڕان ناچارە پاشەکشە بکات و بەوپشکانە ڕازی بێت. بوکەڵە سیاسیەکان هێندە ڕۆڵیان هەیە کەسەرلێشێواوی بۆجەماوەر دروست بکەن تا سواری شەپوڵی نارەزایەتیەکان ببن و بەلاڕێیدابەرن، ناتوانن لەوسنورانەی بۆیان دیاریکراوە هەنگاوی زیاتر بنێن...

**بۆپێشەوە: لەم دواییانەدا گرژی نێوان ڕەوتی سەدر وچوارچێوەی هەماهەنگی چوە ئاستێکی مەترسی دار، دەستبردن بۆچەک وتوندوتیژی ولەئاکامدا ژمارەیەک لەخەڵک ولایەنگرانی سەدر کوژران، لاتان وایە ئەوە بەرەو شەڕی ناومالی شیعی دەچێت؟؟**

**ئەکرەم غەریب:** من پێشتر لەنوسینێکدا ئاماژەم بە شکستی سەدر دابوو هۆیەکەش خوێندنەوەی دیدگای چینایەتی بوو کە سەدریەکان نوێنەری نارەزایەتیەکانی خەڵک نین و ناتوانن هیچ وەڵامێک بەداخوازی نارەزایەتیەکانی خەڵکی عێراق بدەنەوە. عێراق لێوان لێوە لەنارەزایەتی، پەیوەندیەکانی کارو بەرهەمهێنان برسێتیەکی لەڕادەبەدەر، گرانی، بێکاری، نەمانی کەرتەکانی خزمەتگوزاری، گەمەو سیناریۆ سیاسیەکانیش هەربۆچەواشەکاری و ڕێ ونکەری ئەونارەزایەتیانەیە. ئەوە کە سەدر پاشەکشە دەکا لەسیاسەت هەروەک پاشەکشەکەی گۆڕانە، ڕازی بوونە بەو پشکەی بۆی دیاریکراوە بەبێ ڕەزامەندی کۆمپانیا خاوەن پشکەکان چالاکیەکانی سنورداره و ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی ئێران ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکە، نەک ماڵی شیعە. جەنگی ناوخۆیی ماڵی شیعە لەم هەلومەرجەدا کەعێراق لێوان لێوە لەنارەزایەتی شتێکی دوورە، چونکە لەوکاتانەدا چەک دەکەوێتە دەستی خەڵک دوورنییە بەدژی بەرژەوەندییەکانیان هەڵبگەڕێتەوە بۆیە ئەوە لەبەرچاو

←

**لەدوای شکستی سەرمایەداری دەوڵەتییەوە ڕۆڵی حکومەت بەو پێناسە کۆنە گۆڕاوە. لەسەرمایەداری دەوڵەتیدا ڕۆڵی حکومەت چارەسەری قەیرانەکان بوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاری سیستەمەکە ئێستا ئەم دەسەڵاتانە لەسەر قەیران دەژین و خۆیان خوڵقێنەری قەیرانەکانن، نەك چارەسەری قەیرانەکان...**

## درێژەی....ناسینەوەی ڕوخساری شەم و سووتانی پەروانەی ڕۆح...

تاک دەبێ بەر خەم دەکەوێ، جوان ئەم پەیوندیەی بەستۆتەوە بەیەکەوە وەک لێرەدا دەڵێ:

دڵم خەبەری پێداوم

تۆش هەر شەمی و

تەنیا ڕووخسارت گۆڕاوە

عەقڵیش دەڵێ

خۆت نەفامی

عەشق کەی کۆتایی هێناوە!

دابڕان ناسنامەی ئەشقە و

پەروانەش هەردەم سووتاوە

جارێکی تر بەو دژە وشە و دژە ماناو دەلالەتی واتاکانی کەسان دەکەوینەوە، تەماشای ئەو نێوانەی (دڵ و ئەقڵ) بکە، چەند بەشێویەکی تەندروست بەکاری هێناوە:

دڵی پێی دەڵێ تۆ هەر شەمی

ئەقڵی پێی دەڵێ خۆت نەفامی

دابران ناسنامەی ئەشقە

پەروانەش هەردەم سووتاوە

سەرئەنجام، کاتێک ئەشق بەر دابڕان دەکەوێ لەڕووە فیزیکیەکەشیەوە گەر لێی بڕوانین کاتێک شەم ئاگری گرتوە و پەروانەش بەدەوریدا خول دەخوات، سەرئەنجام بە سووتانی پەروانە هاوکێشە فیزیکیەش کۆتایی دێت، بەلام لای کەسان

هاوکێشەکە پێی دەڵێ تۆش هەر شەمی نەختێک ڕوخسارت گۆڕراوە.؟

## درێژەی....دیمانە لەگەڵ هاوڕێ ئەکرەم غەریب

دەگیرێ کەچەک نەکەوێتە دەستی خەڵک، دوریش نییەو ئەگەرێکی کراوەیە لەکاتی قوڵبونەوەی قەیرانەکان و شەپولی ناڕەزایەتیەکان بازاڕ پەیداکردن بۆکۆمپانیاکانی چەک ڕۆڵێکی شەڕانگێزی پێ بسپێردرێ؟

**بۆپێشەوە: ئایندەی ململانێی ئێستای سەرگۆڕەپانی عێراق بەرەوکوێ دەچێت؟ ڕۆڵی جەماوەر دەبێ چی بێ؟**

**ئەکرەم غەریب:** من پێم وایە دەکرێ لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ ئەوململانێیانە بڕوانین کالا بەرهەم هاتوەکانی کۆمپانیاکان بازاڕی عێراقیان داگیرکردوە و پاشان هێزی کار لەم ناوچەیە لەبەر بێکاری زۆر هەرزانەو کۆمپانیاکانی نەوتیش کەمترین ڕێژە پێویستیان بەهێزی کارە، ئەمەش وەڵامێکی دروستمان دەداتەوە کەچۆن کۆمپانیاکان گۆڕەپانی عێراق بکەنە شوێنی ململانێکانیان، هەرکۆمپانیایەک بەشوێن پشکی زیاترەوەیە هەرئەو کۆمپانیایانەش سەرچاوەی بەتالانبردنی هێزی کار و وزە و ئاوەزمانە بۆیە بەبڕوای من ئەو ململانێیانە گرنگ نین، ئەوەی گرنگە ئێمە وەک کرێکاران بەشوێن چیەوەین، وە پێشم وایە ململانێی ڕاستەقینە ململانێی چینە کۆمەڵایەتیەکان بۆ نەمانی چینایەتی، قوڵی قەیرانەکانی ئەم سیستەمە هەر ڕۆژەی شەپۆلێک لەناڕەزایەتی دێنێتە بەرهەم، هەرڕۆژەی لەکەنارێکەوە سەرهەڵدەدا هەموو ناڕەزایەتیەکان بەتەنگ هاتنە لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان لەکوێرە دێیەکەوە تاگەورەترین شار، گرانی و بێکاری، نەمانی خزمەتگوزاری چەوسانەوەی پرۆسەی کار، زیادەکاری، کرێی کەم، جەنگ ئاوارەیی، بەداخەوە لەبەر نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن زۆرینەی ناڕەزایەتیەکان شکست دەخۆن هێزو وزە بە دەسەڵاتداران دەبەخشن دروشمە لۆکاڵیەکان زاڵبونی دیدگای ناسیونالستی و ڕیفۆرمخوازی و کۆنەپەرستی و مەیلی سەرمایەداری دەوڵەتی ئەو نەریتانەن کەسەرچاوەی شکستن، هەرئەمانەش دەبنە وانەو سەرمەشق بۆ ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانەوەی شەپۆلێکی تر لەناڕەزایەتی. بۆیە گرنگە بەرچاوڕونیمان هەبێت بەرامبەر شۆڕشی کرێکاری هەر ئەوە کە دەڵێین شۆڕش یان نییە یا جیهانییە، کرێکارانی جیهان یەکگرن هەر ئەوەش بەناچار پەیوەستمان دەکا بەخەباتی بزوتنەوە جیهانیەکەی چینی کرێکارەوە. عێراق بەهیچ شێوەیەک دابڕاونییە لەو سیستەمە بزوتنەوە ناڕازیەکانیش چەندین ئەلگۆیان تاقی کردوەتەوە. ئەم قۆناغە نوێیە پێویستی بەنەریتی نوێیە، سەرەتای ئەونەریتە نوێیەش دەرکەوتوە کەکۆمەڵە هەرەوەزیەکانە و میکانیزمی ئەو ئاڵوگۆڕەش کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانە. خۆشبەختانە هەرئێستا لەناوبزوتنەوە کرێکاریەکانی عێراقدا قسەوباس لەسەرئەوکۆمیتە شۆڕشگێڕانە لەبرەودایە کەپێویستی بەئاراستەیەکی نوێ یە تابتوانێ ئاڵوگۆڕ لەپەیوەندیەکانی سەرمایەداریدا بکا...

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی کوردستان لەسایەی دۆخی ئێستای عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**ئەکرەم غەریب:** پێم وایە لەوەڵامەکانی پێشومدا ئەم وەڵامەم داوەتەوە، چونکە من جیهانبینیم وایە کە سیستەمەکە جیهانییە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی ولۆکاڵی نییە بەبێ بزوتنەوە جیهانیەکە، تەنها ئەوەندە هەیە کە کرێکارانی هەرناوچەیەک ئەرکیانە کاری خۆیان لەگەڵ سەرمایەداری خۆجێیەکان یەکلاییکەنەوە، پاشان ڕەنگە ئەوش گرنگ بێت کە ئێمە خۆمان بەبەشێک لەوبزوتنەوەیە بزانین، نەک بزوتنەوەکە بەبەشێک لەخۆمان بەو واتایەی بەشوێن بزوتنەوەکەوە بین، نەک بزوتنەوەکان بەشوێن خۆماندا کێش بکەین.

***

## درێژەی دوا وتە

زاڵکردنی کەشی کۆنەپەرستی لەناو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکاندا، تا دەگات بە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو ترساندن لە قوتابخانەکاندا، لایەنێکی ترە کە پرۆسیسی خوێندنی بەرەو وێرانەیی بردووە. هاوکات مەنهەجی خوێندنی کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لە دین و خورافاتی دینی، تا دنەدانی دیدو روانینی ناسیونالیستی و تیکەڵکردنی ئەمانە لەگەڵ مەنهەجەکانی خوێندندا، خودی ناوەندەکانی خوێندنی گۆڕیووە بۆ ناو کایەی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە فیربوونی زانستی و دیدی ئیساندۆستانەو ژیان دۆستی.

بەجیا لەوانە دیارنەبوونی هیچ ئایندەیەک بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و دانەمەزراندن و دەستگیر نەبوونیان لە هیچ کارێک، وای کردووە گرنگی دان بە خوێندن لاواز ببێت. هۆکارێکی سەرەکی کۆچی لاوان و تازە لاوان بۆ وڵاتانی ئەوروپا راکردنە لەو دۆزەخە و وێڵ بوونیانە بەدوای ژیان و کاردا.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لەبەرامبەر بەم دۆخەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا، نەک هەر بێباکە، بەڵکو خۆی هۆکارێکی ئەم کەشە نەخوازراوەیە کەبەسەر کۆی سیستەمی پەروەردەو خویندن و فیرکردندا زاڵکراوە. چونکە گومان لەوەدانییە، کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەو فیرکردن رەنگدانەوەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسییە. ناکرێت سیستەمێکی دواکەتووی کۆنەپەست خوێندن و پەروەردەو مەنهەجی خوێندنی پیشکەوتنخوازو ئینسانی بێت. هەر وەکو ناشیت سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن و کراوە و ئینسان دۆست، سیستەمی پەروردەو خوێندن و فیرکردنی دواکەتوو و داخراو سەرکوتگەرانەو لەسەر مەبنای گێلکردن و گەوجاندن دامەزرابێت.

سیستەمی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان، رەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی شکستخواردووی دەسەڵاتێکی میلیشیایی تالانچییە.

هۆکاری ئەوەی ئەلگۆ و فۆرمی سیستەم و خوێندنی دانیمارکی و سویدی لە کوردستان ناتوانرێت پیادە بکرێت، دەسەڵاتی سیاسییە. ناکرێت خوێندن و پەروەردەو فێرکردن تیکەڵ بەدین و سیاسەت بکرێت و هاوکاتیش چاوەروانی ئەوە بیت، فۆرمی و ئەلگۆ سویدی جێ بەجێبکرێت و سەرکەوتوبێت. ناکرێت مامۆستا موچەی نەبێت و خوێندکار و قوتابی برسی بن و پیداویستیەکانی خوێندن لە بیناوە تا تاقیگەو مەنهەجی خوێندن فەراهەم نەکرابن و چاوەروانی سەرکەوتن و پیشرەوی لە خوێندن و پەروەردەدا بکرێت.

خوێندن و پەروەردە وەکو سەرجەم بوارەکانی تری لە چەشنی تەندروستی، رێگاو بان، یاساو سیستەمی دادوەری... ناکرێت لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا وەڵام دەرەوەی ویستی خوێندکار و قوتابیان و خواستی گشتی کۆمەڵگە بێت.

ئەگەر هێشتا خویندن و پەروەردە و فیرکردن لە کوردستان نەتوانراوە بەتەواوەتی ئیسلامیزە بکرێت، نەتوانراوە بەتەواوەتی لەبەین بچێت، هۆکارەکەی راوەستاوی بەرەو بلۆکی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستانە، لە پێشیانەوە مامۆستایان و کارمەندان و شارەزایانی دڵسۆزی بواری پەروەردەیە. مەیدانی خوێندن و پەروەردە وەکو هەموو بوارەکانی تر مەیدانی بەرامبەرکێی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە سیستەم و ئەلگۆیەکی سەردەمی خوێندن و پەروەردەیە، کە بەبێ کۆتایی هێنان بەو دەسەڵاتە مەیسەر بوونی لەمەحاڵ نزیکە. ساڵی تازەی خوێندن دەست پێدەکات، لەگەڵیشدا ململانێی لەگەڵ دەسەڵات بۆ سەرەتاییترین پیداویستیەکانی زامن بوونی کەشیکی سادەو ئاسایی خوێندن و پەروەردەش دەست پێدەکات. پرسی موچە، زیادکردنی موچە، دامەزراندن، بردنە سەری توانایی مامۆستایان، دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژو کردنی کارەکەیان بەهەمیشەیی، قوتابخانەی شیاو، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سێ دەوامی، تا دەگات بە بەرگرتن بە شەپۆلەکانی کۆنەپەرستی... مەیدانی ئەو بەرامبەرکێیەن.

خوێندکاران و مامۆستایان و کەس و کاریان، پێویستە دەستیان لەناودەستی یەکتریدا بێت، بۆ باشترکردنی پرسی خوێندن و پەروەردە. لەو نێوەدا بوونی ریکخراوەی مامۆستایان و خوێندکاری سەربەخۆ کە بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و خوێندکاران و پرسی خوێندن و پەروەردە، بێ گوێدانە ناسنامەی حزبی و بیرورای سیاسی، مەبناکەی بێت، دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت بۆ گێرانەوەی ئیرادە بۆ مامۆستایان و خوێندکاران و کەس و کاریان و هەنگاونان، بۆ تورهەڵدانی ریکخراوە مامۆستایان و خوێندکارییە حزبی و گوێ لەمستەکان. هاوکاتیش دەتوانێت ئاراستەی خوێندن و پەروەردە، بە ئاقارێکی شیاودا ببات و ببێتە گوشاری کاریگەریش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بەها عومەر بەکر دارتاش، سەردار عەبدوڵا، نەهرۆ گەلاڵی، توانا حەمە نوری، شەمال بارەوانی، ئاسۆس ساڵح، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، حەسەن رازانی، عوسمان محەمەد. حەکیم میرزا،جەمال نوری،لاوک سەلاح

## لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەت ...

## بەرهەمی تازەی هونەرمەندی کاریکاتێریست سەردار عەبدوڵا




تایبەتمەندی ئەم پاشا و شاژنانە کە لە کۆشکەکانی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا بە خەرجێکی بێشومار وەکوو سرکە هەڵگیراون ئەوەیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا وەکوو نیشانە بەرزەکانی وڵات و نیشتمان و سوپا دژی "خراپ کەڵک لێوەرگرتنەکانی چەپ" لە دیموکراسی بێنە مەیدان...

مەنسوری حیکمەت

## دوا وتە


## لەدەسپێکی تازەی ساڵی خوێندندا...

## خوێندن و پەروەردە ڕەنگدانەوەی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسییە...

عەبدوڵا مەحمود

بەم زوانە دەسپێکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢٣ دەست پێدەکات و دەرگای قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان دەکرێتەوە.

لە کاتێکدا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، کە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو لەوپەڕی خراپیدایە و تادێتیش بەرەو خراپ تر دەچێت. ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەخێرایەکی زۆر دەچێتە



سەرەوە، گرانی بازار وەکو ئەژدیهایەک دەستی ناوەتە بینەقاقای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە. سلکی خوێندن و پەروەردە بەرەو دارِمانێکی ئاشکرا پەلکێش کراوە. نەبوونی بینای پێویست بۆ قوتابخانە و پەیمانگاکان، نەگونجاوبوونی بیناکان، نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن، وەکو کتێب و قەڵەم و کورسی و تاقیگەو... پرۆسیسی خوێندن و فیرکردن و پەروەردەی شەلەل کردووە. بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکارییەوە ڕێژەی نەچوونی و نەناردنی منالاّن بۆ خوێندن هەڵکشاوەو ئەو منالاّنە ناچار بەوە کراون لە جیّگای قوتابخانە، مل بە بازارِی بێرەحمی سەرمایە بدەن و ببنە سەرچاوەی کاسبی بۆ خێزانەکانیان.

نەبوونی موچەو دواکەوتنی و دڵەڕاوێکی بڕینی موچەکان و لێقرتاندنی، هەمیشە سایەی بەسەرسەری مامۆستایانەوەیە. هەلومەرجی کارمەندانی پەروەردەو مامۆستایان بەتایبەتی لە چەند ساڵی رابردوودا، کە نیوە موچە و چارەکە موچەیان پێدەدرا، ئاستی ژیان و گوزەرانیانی توشی دارِمان کردووە بەو هۆیەشەوە توانایی ئەو توێژەی کەمکردۆتەوە. دابەزینی رادەی دەرچوون بۆ نزمترین ئاست رەنگدانەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە....

بۆ لاپەڕە 15

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاّوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاّوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاّوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاّوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاّوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاّوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاّوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...